دێمۆکراسی بۆ ئێـــران خودموختاری بۆ کوردستـــان

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

٣١ی بانەمەڕی ١٣٨٢ | ٢١ی مەی ٢٠٠٣ | ژمارە ٣٦٥ | ١٥٠ تمەن

## "لە چـــارەنووسی تاڵیبـــان و ڕێـــژیمی ســـەددام پـــەند وەربگـــرن"

بە دوای بڵاوبوونەوەی نامەی ١٥٤ نوێنەری مەجلیس لە ١٨ی بانەمەڕدا کە ڕووی قسەیان کردبووە خەڵکی ئێرانو لەودا داوایـان لـە بەرپرسـان کردبـوو بـە وردبینیی‌یەکی زیاترەوە لەگەڵ مەسەلە گرینگەکانی وڵاتو ویستوداخوازەکانی خەڵکی وڵات بەرەوڕوو ببنەوە، لەبەرەبەری ساڵڕۆژی لـەدایکبوونی پێغەمبـەری ئیسلامییشدا، ١١٧ کەس لە"کەسایەتی‌یە سیاسیو جیابیرە مەزهەبی‌یەکان" بەیاننامەیەکیان سەبارەت بەباروودۆخی ئاستەمی وڵات بڵاو کردەوە.


لەو بەیاننامەیەدا پاش ئاماژە کردن بـە ڕاوەسـتانی دامودەزگـاو دامـەزراوە داسـەپاوەکانی دەسـەڵاتدارەتی لـە بەرامبـەر ئـیرادەی میللـیداو سـەرکوتی بزووتنەوەو داخوازە هەقخوازانـەو قانوونی‌یـەکان لەلایـەن ئـەو نیهادانـەوە، داوا کـراوە کـە کێشـەو ململانێ‌یـە سیاسـی‌یەکان کـەم بکرێنـەوەو یەکیـەتیو هاوپێوەندیو توانای نەتەوەیی لە بەرامبەر هەڕەشەکانی بێگانەدا بەهێز بکرێـن، ئـەوەش بـە هـۆی بـەهێز کردنـی خـەڵك سـەرداریو پـەرەپێدانی ئـازادی، ئەمنییەتو دادپەروەری‌یەوە.

ئەوانەی بەیاننامەکەیان ئیمزا کردوە وێڕای دەربڕینی داخوازەکانی خۆیان لە چوار ماددەدا، بە دەسەڵاتدارانی وڵاتیان گوتوە "دەبێ لە چارەنووسـی تالیبـانو ڕێژیمی سەددام دەرس وەربگرنو دڵنیا بن کە ملهوڕیو زۆرداری بە هەر نیازێكو لەژێر هەر ناوێك دابێ، ئاکامێکی جگـە لـە ڕووخـانو بەرهـەمێکی جگـە لـە بەفیڕۆدانی تواناکانی وڵاتی نابێ. بۆیە بۆ نەجاتدانی ئێران لەپیلانو هەڕەشەکان، ڕێگایەك جگە لە قبوول کردنی ئیرادەی ئێرانی‌یەکان، بەدی ناکرێ".

## سکرتێری گشتیی حیزب:

## ئێمە لـــە چارەســـەری ئاشـــتیخوازانەی گیروگرفتـــەکان پشـــتیوانی دەکـەینو پەلاماری نیزامی بە دوا ڕێگا دەزانین. حـەز ناکـەین وڵاتەکـەمان بکەوێتـە بـەر هێرشی نیزامیی هیچ دەوڵەتێكو خەڵکەکەمان تووشی مەرگو ماڵوێرانی بێ.

## بەڵام خۆشحاڵ دەبـین کـە ببینـین ئـەمریکاو ئورووپـاو کۆمـەڵگای نێـو دەوڵەتی پشتیان کردۆتە ڕێژیمی کۆماری ئیسـلامیی ئـێرانو پشـتیوانی لـە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گـەلانی ئێـران دەکەن.



لەم دوایی‌یانەدا "جیف کلین" خەڵکی ئەمریکا بۆ سایتی "کورد میدیا" وتووێژێکی لەگەڵ هـاوڕێی تێکۆشـەر عـەبدوڵڵا حەسـەن زادە، سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران پێك هێنا. لـەم وتووێـژەدا هـاوڕێ سکرتێری گشتی، ڕوانگـەو بۆچوونـەکانی حیزبی لـەبارەی مەسـەلە گرنگـەکانی پێوەندیدار بە کوردستانو ئێران شی کردەوە. شـەڕی ئـەمریکا دژی ڕێژیمی بەغـدا، دەسەڵاتی داهاتوو لە عێراق، شوێنەواری ڕووخانی حکوومەتی عێراق لەسەر ئێران، ئـەگەری هێرشێکی نیزامی لەلایەن ئەمریکاوە بۆ سەر حکوومەتی ئێران، دواڕۆژی حیزبی دێمۆکراتو داهاتووی کوردەکانی عێراق، تورکیـەو سووریە، لـەو مەسـەلانە بوون کە سکرتێری گشتیی حیزب بۆچوونەکانی حیزبی دێمۆکراتی لەبارەیان ڕوون کردنەوە. سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی دەقی ئەم وتووێژە لە لاپەڕە ٢ ی ئەم ژمارەیەی "کوردستان"دا ڕادەکێشین:

## ئـــەمریکا لـــە ســـەر تـــاوانبارکردنی ئێـــران بـــەردەوامە



تاوانبارکردنی کۆماری ئیسلامیی ئێران بـە هـەوڵدان بـۆ وەدەسهێنانی چـەکی ئـــەتۆمیو

پەنادانی سەرکردەکانی ڕێکخراوەی تیرۆریستیی ئەلقاعیدە بەردەوامە. ریچارد باوچێر، وتـەبێژی وەزارەتـــی دەرەوەی ئـــەمریکاش گوتـــی: زانیاری‌یـــەکان نیشـــان دەدەن کـــە کۆمـــاری ئیسلامی بەرنامەیـــەکی ئـەتۆمیی تـەواوی بـە دەستەوەیە.

ڕۆژی سێشەممۆ (٢٣ی بانەمـەڕ) کـاندالیزا رایس، ڕاوێژکـاری ئەمنییـەتی کۆشـکی سـپی گوتی: بەرنامـە ئەتۆمی‌یـەکانی ئـێران جێگـای نیگەرانین. مەك لارێن، وتەبێژی کۆشـکی سـپی گوتی: بەو هەموو سەرچاوە دەوڵەمەندەی گـاز و نەوت لە ئێراندا، هیچ پاکانەیەك نیە بۆ ئـەوەی ڕێژیمـــی ئـــێران ڕووی کردۆتـــە بەرنامـــە خەرجهـەڵگرەکانی بەرهەمـــهێنانی ئینـــێرژیی ئەتۆمی. جا مەگەر بیهەوێ لە ژێر ئەو نـاوەدا چەکی هەستەیی بەرهەم بێنێ.

دۆنـالد ڕامسـفێڵد، وەزیـــری بـــەرگریی ئەمریکاش، ئـێرانی وەك حەشـارگەی ئـەمنی ڕێبەرانی ئەلقاعیدە ناوبرد. لە پێوەندی لەگـەڵ ئیددیعاکەی رامسفێڵددا، ڕۆژنامەی فیلادلفیـا ئینکوایرر ڕۆژی ٥ شـەممە ٢٥ی بانەمـەڕ، لـە زمانی سەرچاوە ئیتلاعاتی‌یەکانی ئـەمریکاوە نووسی: سەعد کوڕی بن لادنو سەیفولا عـادل کە بە بۆنەی دەست هەبوون لـە تەقینـەوەکانی سەفارەتخانەکانی ئەمریکا لە کینیاو تانزانیا لە ساڵی ١٩٩٨ەوە پۆلیس بە دوایاندا دەگەڕێ ، لـەو سـەرکردانەی ئـەلقاعیدەن کـە کۆمـاری ئیسلامی پەنای پێ‌داون.

## شـەپۆلێکی نوێی هێرشی تێرۆریستی چەند وڵاتی جۆراوجۆری جیهانی گـرتۆتەوە



***یەمەن ـ باشووری سەنعا**، لە ١٧ی مانگی مای بەهۆی تەقینـــەوەی بۆمبێـك لـە بەردەرکی دادگایەك کە حەوتوویەك پێشتر، پیـاوێکی بـەتاوانی کوشـتنی ٣ مەسـیحیی ئەمریکایی بە مردن مەحکووم کرد بوو، قازی‌یەكو چوارنەفەری دیکە بریندار بوون.

***عەرەبستانی سەعوودی‌ـ ریاز**، ڕۆژی ١٢ی مای چەند سەعات بـەر لـە گەیشـتنی کۆلین پاول وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ عـەرەبستان، بەکردەوەیەکی خـۆ کـوژی نزیکـەی ٤٠ کەس لە شـاری ریـاز کـوژرانو ژمارەیـەکی زۆر زیـاتریش بریـندار بـوون. زۆربـەی قوربانی‌یـەکانی ئـەو تەقینەوەیـە ئـەمریکایی بـوون، بـەڵام دانیشـتووانی عەرەبسـتانی سەعوودیو چەند وڵاتی دیکەشیان لە نێودا هەبوون. ئەمریکاو عەرەبستان ئـەلقاعیدەیان بە ئەنجامدەری ئەو کردەوە تیرۆریستی‌یە، ناساند.

***مەراکیش ـ کازابلانکا**، شەوی ١٧ی مای چەندین تەقینەوە لـە نـاوەندی شـاری کازابلانکـا ڕوویـاندا. تەقینـەوەکان لـە شـلووغترین کـاتی شـەودا بـوون. ناوەندێکی جوولەکەکان، هوتێلێکی پێنج ئەستێرە، کونسۆلگەریی بولغارستانو کلووبێکی شەوانەی ئیسپانیایی‌یەکان، ئامـانجی ئـەو تەقینەوانـە بـوون. ژمـارەی کوژراوانی ئەو هێرشانە لە ٤٠ کەس تێپەڕیونو زیاتر لە ١٠ کەسیش بریندار بوون. بەپێی زانیاری‌یەکان ١٠ کەس لەو کوژراوانە، بەڕێوەبەرانی هێرشـەکان بـوون کە سواری ماشێنە بۆمب ڕێژ کراوەکان ببوون. وەزیری نێوخۆی مەراکیش گوتی ئەم هێرشانە هەموو تایبەتمەندی‌یەکانی تیرۆریزمی نێونەتەوەییان پێوە دیارە.

***ئیسرائیل ـ سەرزەوی‌یە فەلەستینی‌یەکان**، ڕۆژی یەك شەممە ١٩ی مای چەند سەعاتێك دوای چاوپێکەوتنی مـەحموود عـەبباس سـەرۆك وەزیـری دەوڵەتی فەلەستینو ئاریەل شارۆن سەرۆك وەزیری ئیسرائیل، فەلەستینی‌یەك لە نێو پاسێکی ئیسرائیلی‌دا خۆی تەقاندەوەو بووە هۆی کوژرانـی ٧ کـەس لە خەڵکی ئاسایی ئیسرائیل. ڕێکخراوی توندڕەوی حەماس بەرپرسایەتیی ئەم کردەوەیەی گرتە ئەسـتۆ. بـە دوای ئـەم تەقینەوەیـەدا چـەند تەقینـەوەی دیکەش لە دژی دەوڵەتو دانیشتووانی ئیسرائیل ڕوویان دا!

## شووڕای نیگابان لایحەی دەسەڵاتی سەرکۆماری ڕەت کردەوە

ڕۆژی هەینی ١٩ی بانەمەڕ، شووڕای نیگابان لایحـەی "دیاریکردنی ئـەركو دەسـەڵاتی سـەرکۆماری ئیسـلامی ئێران"ی لە ١٠ بەندداڕ ناتەباو نەگونجاو لەگەڵ قـانوونی ئەساسیی ئێران زانیو بۆ چارەسەرکردنی ئەو ناتەبایی‌یانە، ڕەوانـەی مەجلیسـی کـردەوە. ئـەم گەڵاڵەیـە لـە دووی ڕەزبـەری سـاڵی ١٣٨١دا لـە لایـەن ئەبتـەحی جێگـری حوقووقـیو پارلمـانیی سـەرکۆمار، پێشکەشـی دەسـتەی سەرۆکایەتیی مەجلیس کراو سەرماوەزی ساڵی ڕابـردووش لە لایەن مەجلیسەوە پەسند کرا. لەم لایحەیەدا بەشێك لـە ئەرکـەکانو سـنووری دەسـەڵاتی سـەرکۆمار لـە بـارەی چاوەدێری بە سەر بەڕێوەچوونی قانوونی ئەساسی‌دا چـاوی پێدا خشێنراوەتەوەو سەرکۆمار، مافی ئەوەی پێ‌دراوە کە بەرزترین کاربەدەستی هـەر یـەك لـە سێ دەسـەڵاتەکەو بنیاتـە حکوومەتی‌یـەکان وریـا بکاتـەوە. بـە گوێـرەی ماددەیەکی دیکەی ئەم لایحەیە، ئەو یاسا پێشـێلکەرانەی گوێ بە ئاگاداریو وریا کردنەوەکانی سـەرکۆمار نـەدەن، سزایان بۆ وەبەرچاو گیراوە.

موحسینی ئیسماعیلی، ئـەندامی شـووڕای نیگابـان وەك دژکـردەوە نیشـاندان بەرامبـەر مقۆمقـۆی هێندێـك باسـی وەك "دەسـت لـە کـار کێشـانەوەی بـە کۆمـەڵی نوێنەران" و "چوونەدەر لە دەسـەڵات" و "پـەنا بـردن بـۆ ڕێفراندۆم" بە بۆنەی کارشکێنیو بەرهەڵستکاریی شووڕای نیگابان "ەوە، دەست لە کار کێشـانەوە" و چوونـەدەر لـە دەسەڵاتی بە نـاموممکین زانـیو گوتـی: "ڕێفرانـدۆم"یـش تـەئییدی ئێمـەی پێویسـتە". عـەلیزادە، سـەرۆکی دادگوستەریی تارانیش هەڕەشەی لە نوێنەرانی ڕێفۆرمخوازی مەجلیس کرد کە دەست لە کار کێشانەوەی ئـەوان دەکـرێ وەك هەنگاونان بە دژی ئەمنییەتی نەتەوەیی چاو لێ‌بکرێ. بۆیە دەزگای قەزایی دەتوانێ لە باری قەزایی‌یـەوە بیانخاتـە ژێر لێپرسینەوە".

ئێستا دەبێ بزانین ڕێفۆرمخوازانی حکوومـەتی بـە دوای ڕەتکرانەوەی ئەم لایحە کە وەدیـهێنانو جێبـەجێکردنی زۆر بەڵێنو هەنگاوی خۆیان بە پەسندکردنی ئەوەوە بەسـتبۆوە، چ دژکردەوەیەك نیشان دەدەن. ئایا دەوێرن هەڕەشەی خۆیان بەرنەسەرو پـەنا بـۆ ڕێفرانـدۆم بـەرن یـا دەسـت لـە کـار بکێشنەوە؟ یا لە بەر مەسڵەحەتی نیزام دیسـان تەسـلیمی قۆڵی پاوانخواز دەبن؟

## گیـانی نـووسەرانو هـونەرمەندانی ئێـرانی لە مەترسی‌دایە


لە چەند حـەوتووی ڕابـردوودا بـە شـێوەی نـاڕەسمی لیستێك لە ناوی نزیکـەی حـەفتا کـەس لـە نووسـەرانو هونەرمەندان لە تاراندا بڵاو بۆتەوە. کەسانێك کە ناویـان لە لیسـتەکەدا هـاتوە لـە لایـەن تـاقمێکی نەناسـراوەوە هەڕەشەی کوشتنیان لێ کراوە. ئەو نووسەرو هونەرمـەندە تێکۆشەرانە بەوە تاوانبار کراون کە لە دینی ئیسلام لایان داوەو پەیڕەوی لە ویلایەتی فەقیە ناکەن.

بڵاوبوونەوەی ئەو لیستەیە بوو بە هۆی بڵاوبوونەوەی نیگەرانیو دڵەڕاوکێ لە نێو نووسەرانو ڕۆژنامەنووساندا. هاوکـات لەگـەڵ بڵاوبوونـەوەی لیسـتەکەدا زۆر لـە هونەرمەندانو نووسەران بـە تەلـەفوونو نامـە هەڕەشـەیان لێ‌کراوە. ئەوان زۆر کەلوپەلی شەخسـیو تایبـەتیی خۆیـان وەك وێنەی بنەماڵەیی، فیلمو سی دیـی جۆراوجـۆر کـە لـە ماڵەوە هەیانەو تەماشای دەکـەن، شـاردوویاننەوە، چونکـە لەوە دەترسن لە کـاتی پشـکنینی ماڵـەکانیاندا لـە لایـەن مەئموورانی ڕێژیمەوە، ناوی شتی ناتەبا لەگەڵ ئەخلاقیان لـە سەر دابـنرێو بکرێنـە بیـانووی گرتنیـان. هەرواکـە سـینا موتەللیبی بەو بیانووە ڕەوانەی زیندان کرا.

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕوونکردنەوەیەك ٣ | دەرسێك بۆ ڕێژیمە دیکتاتۆڕەکان ٤ | پوختەی لێکۆڵینەوەی مەجلیس لە ڕێکخراوی دەنگو ڕەنگ ٤ | بزووتنەوەی کورد، قۆناغێکی نوێو چارەنووسساز ٥ | میراتی فەرهەنگیی کوردستان لەکام موزەدا دەپارێزرێ ٥ | لە ١٩ ساڵەی شەهید بوونی هاوڕێ عەبدوڵڵا بەهرامی‌دا ٨ | بنیاتی دەنگو ڕەنگی کۆماری ئیسلامی ٩ | پاڵوێنە دانان لەسەر ئینتێرنێت ١٠ |

**درێژەی لاپەڕەی یەک:**

# وتووێژی سایتی کورد میدیا (Kurdmedia) لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزب



**هەڵوێستی ئێوە بەرانبەر شەڕی ئەمریکا دژی ڕێژیمی بەغدا چیە؟**

پێش هێرشی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بۆ سەر عێراق ئەمن لە وتووێژێکی رادیۆیی‌دا گوتم ئاواتە خوازم ناکۆکی‌یەکانی نێوان وڵاتەیەکگرتووەکان‌و عێراق لە رێگای وتووێژی ئاشتیخوازانەوە چارەسەر بکرێن. چونکە شەڕێکی لەو بابەتە دەتوانێ زۆر ئاکامی نالەباری پێشبینی نەکراوی بە دواوە بێ. بەداخەوە ئەو ئاواتە وەدی نەهات‌و شەڕ هەڵگیرسا. ئێستاکە شەڕەکە هەروەك هەموو کەس چاوەڕێی دەکرد، بە ڕووخانی حکوومەتی سەددام حوسەین‌و حیزبی بەعس کۆتایی پێ هاتوە، دەردەکەوێ ئەو نیگەرانی‌یەی من لە جێی خۆی‌دا بووە. چونکە تا ئێرە تەنیا دەسکەوتی خەڵکی عێراق ڕووخانی ڕێژیمێك بووە کە ٣٥ ساڵ بوو بە سەر چارەنووسیاندا زاڵ بوو. دیارە ئەمە دەسکەوتێکی بەنرخە، بەڵام ئەگەر بە زوویی وڵاتەکە هێمنی‌و دامەزراوی‌و دێموکراسی‌و حکوومەتی قانوون بەخۆیەوە نەبینێ، خەڵك تووشی نائومێدی‌و رەشبینی دەبن. بە هەرحاڵ، ئەمن جارێکی دیکە ئارەزوو دەکەم گیروگرفتە ناوچەیی‌و نێونەتەوەیی‌یەکان رێگا چارەی ئاشتیخوازانەیان بۆ پەیدا بێ. ئەم ئارەزووەی من بەندێکی بنەڕەتی لە بەرنامەی سیاسیی حیزبەکەشم پێك دێنێ.

**گەلۆ! ئێوە بڕوا بەوە دەکەن کە فیدراڵی رێگا بێ بۆ دوای سەددام؟**

بەشێوەیەکی گشتی، دێموکراسی مانای دابەشکردنی دەسەڵات‌و رێگا گرتن لە کۆبوونەوەی هەموو دەسەڵات لە پێتەخت یان لە دەستی نەتەوەیەك، حیزبێك، چینێك یان توێژێکی کۆمەڵ دایە. بۆ وڵاتێکی وەك عێراقیش کە حەشیمەتەکەی لە دوو نەتەوەی سەرەکیی عەرەب‌و کوردو چەند کەمایەتیی نەتەوەیی‌و پەیرەوانی ئایین‌و مەزهەبی جۆراوجۆر پێك هاتوە، دابەشکردنی دەسەڵات لە سەر بناخەی فیدرالیزم دەتوانێ رێگایەکی سەرکەوتوو بۆ بەڕێوەبردنی وڵات‌و پێکەوە ژیانی هەموو دەستەو تاقمەکان لە ئاشتی‌و تەبایی‌و بەرامبەریی ئەرك‌و مافەکانیان دابێ. خەراپ نیە لێی زیاد بکەم لە ئێمە سیستمێکی فیدراڵی بۆ دوارۆژی وڵاتی خۆمان (ئێران)یش بە سیستمێکی دڵخواز دەزانین.

**گەلی کورد کەرکووك وەك دڵی کوردستان یان قودسی کوردستان ناو دەبەن. هەندێ لە سەرۆکانی کورد دەڵێن دەبێ کەرکووك ببێتە پێتەختی کوردستانی فیدراڵ لە نێو عێراقداو هەندێك لە تورکمانەکان دەڵێن کەرکووك شاری تورکمانەکانەو تا ئێستا گەلێك بنەماڵەی عەرەبیش لەوێ دەژین، هەڵوێستی ئێوە لە سەر ئەم شارە مێژوویی‌و ستراتیژی‌یە چیە؟**

وەڵامی یەك لاکەرەوە بۆ ئەم پرسیارە دەبێ پاش لێکدانەوەیەکی قووڵی کارناسان‌و پسپۆران لە لایەن خەڵکی ناوچەکەو دەسەڵاتی داهاتووی عێراقەوە بدرێتەوە. بەڵام ئەوەی ئێمە لە بارەی کەرکووکەوە دەی زانین ئەوەمان پێشان دەدا کە ئەم شارە لە کۆنەوە بەشێك لە خاکی کوردستان بووەو تەنانەت پێتەختی ویلایەتی شارەزوور بووە کە هیچ کەس گومان لە کوردستانی بوونی‌دا ناکا. هەر لەو کاتەدا شاری کەرکووك لە درێژەی مێژوویەکی سەدان ساڵەدا شوێنی پێکەوە ژیانی کوردو عەرەب‌و تورکمان‌و ئاشووری‌و کلدانەکان بووە. لە چوار دەیەی ئەم دوایی‌یەدا دەوڵەتی عێراق هەوڵی داوە پێکهاتەی نەتەوەیی شاری کەرکووك‌و دەوروبەرەکەی بگۆڕی، بۆیە لە لایەك بەشێکی زۆر لە کوردەکانی لەو شارە وەدەرناوە یان ناچاری کردوون بە جێی بێڵن‌و لە لای دیکەوە بە دەیان هەزار بنەماڵەی عەرەبی لە ناوچەکانی دیکەی عێراقەوە هێناوەو لە کەرکووك نیشتەجێی کردوون. بەڵام ئەگەر ئێستاش سەرژمێری‌یەکی خاوێن لە نێوان دانیشتووانی ئەسڵیی کەرکووکدا بکرێ، واتێ دەگەم لانی کەم ٦٠٪ی خەڵکی کەرکووك کوردەکان پێکی دێنن.

بەو حاڵەش هەروەك رێبەرانی کوردی عێراق پێی لە سەر دادەگرن کەرکووك هەر دەبێ شاری برایەتی‌و پێکەوە ژیانی هەموو دانیشتووانی بێ‌و زۆر بەجێش دەبێ هەموو ئەوانەی لە کەرکووك یان بۆ کەرکووك راگوێزراون بگەرێندرێنەوە شوێنەکانی خۆیان‌و حکوومەتی ئایندە زەرەرو زیانی ئەم ئاڵوگۆڕەشیان بۆ قەرەبوو بکاتەوە. ئەوەش کە ئایا کەرکووك دەکرێتە پێتەختی کوردستانی فیدراڵ یان نا، مەسەلەیەکە کە دەسەڵاتدارانی حکوومەتی ئایندە بڕیاری لە سەر دەدەن‌و بە باوەڕی من ئەوە کە کام شار دەبێتە ناوەندی کوردستانی فیدراڵ مەسەلەیەکی پلە دووەمە. هەروەك ئێستا دەبینین شاری هەولێر وەك پێتەختی حکوومەتی ناوچەیی کوردستان دیاری کراوەو وابزانم کێشەیەکیشی دروست نەکردوە.

**شەڕ دژی دیکتاتۆریی بەعس چ کاردانەوەیەکی لە سەر ئێران دەبێ؟**

ئەگەرچی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر ئێستا ترسیان رێ نیشتوەو پێش هەڵگیرسانی شەڕیش، نە لە بەر ئاشتیخواز بوون، بەڵکە بۆ دوورخستنەوەی مەترسی لە سەر خۆیان بە دژی شەڕ هەڵوێستیان گرت، بەڵام بە باوەڕی من شەڕ دژی عێراق لە خۆیدا ناتوانێ شوێنەوارێکی کاریگەرو بەرچاو لە سەر ئێران دابنێ. مەسەلەی گرنگ وەزعی عێراق دوای تەواو بوونی شەڕو سڕانەوەی شوێنەوارەکانی شەڕە. ئەگەر هاوپەیمانەکان بتوانن بەزوویی عێراق بێننەوە دۆخی ئاسایی، ئازادی‌و دێموکراسی لەو وڵاتەدا جێگیر بێ، خەڵکی عێراق دەرەتانیان بۆ پێك بێ ئازادانە سیستمی دڵخوازی خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتەکەیان دیاری بکەن‌و لەمانەش بەولاوەتر گەشانەوەی ئابووری‌و پێشکەوتنی باری ژیان‌و گوزەرانی خەڵك لەم وڵاتەدا بێتە دی، بێگومان ـ ئەگەر بە شێوەیەکی ناراستەوخۆش بێ ـ شوێنەوارێکی بەرچاو لە سەر ورەی خەباتگێرانەی ئازادیخوازانی ئێران دادەنێ، ئیعتیباری هاوپەیمانەکان‌و متمانەی کۆمەڵانی خەڵك بە بەڵێنەکانیان دەباتە سەرێ‌و تەنانەت کاربەدەستانی ڕێژیمی فەرمانڕەواش هان دەدا کە بەخۆیاندا بچنەوەو رێز بۆ ویست‌و داخوازەکانی هاونیشتمانان دابنێن.

> **ئێمە سیستمێکی فیدراڵی بۆ دوارۆژی وڵاتی خۆمان (ئێران)یش بە سیستمێکی دڵخواز دەزانین**

**ئەگەر ئەمریکا شەڕێکی سەربازی یان دیپلۆماسی دژی حکوومەتی ئێران دەست پێ بکا، هەڵوێستی ئێوە چی دەبێ؟**

نەزەردان لە سەر شتێك کە نەبووەو تەنانەت لە ئاسۆش‌دا بەدی ناکرێ کارێکی ئاسان نیە. لەو بارەیەوە جارێکی دیکە ئەو ئەسڵە دووپات دەکەمەوە کە خۆم‌و حیزبەکەم لە چارەسەری ئاشتیخوازانەی گیروگرفتەکان پشتیوانی دەکەین‌و شەڕو پەلاماری نیزامی بە دوا رێگا دەزانین. ئێمە حەز ناکەین وڵاتەکەمان بکەوێتە بەر هێرشی نیزامیی هیچ دەوڵەتێك‌و خەڵکەکەمان تووشی مەرگ‌و ماڵوێرانی‌و کارەسات بن.

بەڵام خۆشحاڵ دەبین کە ببینین ئەمریکاو ئورووپاو بەگشتی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی‌و ناوەندەکانی دەسەڵات پشتیان کردۆتە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران‌و پشتیوانی لە بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلانی ئێران دەکەن. ئێمە زۆر چاك دەزانین کە بەپێچەوانەی هەموو فڕوفیشاڵەکانی، کۆماری ئیسلامی بە پشتیوانیی نیزامی‌و تەکنیکی‌و هاوکاریی ئەمنییەتیی ئەم یان ئەو هێزی لاوەیی لە سەر پێ راوەستاوە.

وا تێدەگەم ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی‌و تێکڕای دەسەڵاتە گەورەکان بۆ دیفاع لە ئازادی‌و دێموکراسی‌و پشتیوانی لە ویستەکانی خەڵکی ئێران، بۆ کورتکردنەوەی دەستی کۆماری ئیسلامی لە قانوونشکێنی‌و ئاژاوەگێڕی‌و بۆ دەرەوە ناردنی تیرۆریزم‌و بۆ مسۆگەرکردنی قازانجە مەشرووعەکانی خۆشیان لە ئێراندا زۆر رێگای دیکەیان لە پێش‌دان کە ئەم ڕێژیمەیان پێ ناچار بە پاشەکشە بکەن. لەو حاڵەتەدا پێویستی‌یەك بە لەشکرکێشان‌و پەلاماری نیزامی نامێنێ. بە هەرحاڵ هەر ئەوەندە کە دەوڵەتان ئەمڕۆ ئیدی کۆماری ئیسلامی‌یان ناسیوەو گومانی ئومێد بە ئیسلاح‌بوونی ڕێژیمی ئێرانیان لە خۆ دوور خستۆتەوە، ئێمە بە پێشکەوتنێك دەزانین.

**ئێوە دوارۆژی حیزبەکەتان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ ئەو رەوشە سیاسی‌یەی ناوچەی باشووری کوردستان چ کاردانەوەیەکی لەسەر کوردەکانی ئێران دەبێ؟**

گرنگ دوارۆژی گەل‌و وڵاتە، نەك دوارۆژی حیزب. حیزب بۆ ئێمە ئامرازێکە کە خزمەتی ئامانجەکانی خەڵك‌و بەرەوپێشبردنی خەبات لە پێناوی نیشتمانی‌دا پێ دەکەین. بۆ ئەوەی پرسیارەکەم بێ وەڵام نەهێشتبێتەوە دەڵێم: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زیاتر لە ٥٧ ساڵە لە رێگای ئازادی‌و دێموکراسی‌و وەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ئێراندا تێ‌دەکۆشێ. بەو رابردووەوە حیزب لە لای خەڵکی کوردستانی ئێران خۆشەویستەو زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستانی لە پشتە. بەو پێیە دوارۆژی حیزبی خۆمان بە روونی دەبینین‌و هەوڵیشمان ئەوەیە کە هەروەك رابردوو جێگای متمانەی کۆمەڵانی گەلی کورد بمێنینەوە.

لەبارەی بەشی دووهەمی ئەم پرسیارەوە دەبێ بڵێم: خەڵکی کوردستانی ئێران بە سەرکەوتنی کوردەکانی عێراق‌و هەر بەشێکی دیکەی کوردستان خۆشحاڵن. ئێمە ئاواتمانە کوردەکانی عێراق‌و بەگشتی هەموو عێراقی‌یەکان لە دوارۆژێکی نزیکدا دەسەڵاتێکی نیشتمانی دابمەزرێنن کە بەدوور لە ناکۆکیی ئایینی‌و مەزهەبی‌و رەگەزی مافە رەواکانی هەموو پێکهاتەی خەڵکی عێراق دابین بکا. لەو حاڵەدا بیگومان ئاڵوگۆڕەکانی کوردستانی عێراق شوێن لەسەر کوردەکانی ئێران دادەنێن. چونکە خوشحاڵ لە بەئاکام گەیشتنی خەباتی ئەو بەشەی گەلی کورد، بە گوڕو تینێکی زیاترەوە بۆ وەدیهێنانی ئاواتەکانی خۆیان‌و هەموو ئێرانی‌یەکان تێ‌دەکۆشن.

**پێوەندیی ئێوە لەگەڵ پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق، یەکیەتیی نیشتمانی‌و پکك، کنك چۆنە؟**

پێوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ هەموو هێزە کوردستانی‌یەکان لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا پێوەندی‌یەکی ساڵم‌و دۆستانەیە. لەگەڵ پارتی دێموکراتی کوردستان‌و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانیش‌دا بەحوکمی تێکەڵاوی‌و نزیکی‌یەکی زیاتر کە هەیە، پێوەندی‌یەکی زۆر باشە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە چاوی رێزەوە دەڕوانێتە خەباتی هێزە نیشتمانی‌یەکانی کوردستانی عێراق کە پارتی‌و یەکیەتی نەخشی سەرەکی‌یان تێی‌دا هەیە. ئەوان‌و حیزب‌و لایەنە سیاسی‌و نیشتمانی‌یەکانی کوردستانی عێراقیش رێز بۆ سەربەخۆیی سیاسی‌و سەربەخۆیی بڕیاری حیزبی دێموکرات دادەنێن‌و دەکرێ بڵێین پێوەندی‌یەکانمان نموونەیە.

**ئێوە دوارۆژی کوردەکانی عێراق، تورکیاو سووریا چۆن دەبینن؟**

کوردەکان لە هەموو بەشەکانی کوردستان ـ یەك لەوانە عێراق ـ دا هێشتا رێگایەکی زۆریان بۆ گەیشتن بە ماف‌و ئازادی‌یەکانیان لە پێش دایە. بەڵام بە پێی بڕیاری لێبڕاوانەی کۆمەڵانی گەلی کوردو سوور بوونیان لەسەر وەدەستهێنانی ئامانجەکانیان، لەبەر ئەوە کە داخوازەکانی خەڵکی کوردستان داخوازێکی ڕەوان کە هەموو قانوونێکی ئینسانی‌و نێونەتەوەیی دانیان پێ‌دا دەنێ‌و لەوانەش زیاتر، لە سایەی ئەو پێشکەوتنانەدا کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە رۆیشتن بەرەو دێموکراسی‌و دادپەروەری‌دا بەدەستی هێناون، ئەمن دوارۆژی هەموو بەشەکانی کوردستان‌و هەموو گەلانی ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە روون دەبینم. بەتایبەت کە ئێستا ئیدی دەوڵەتەکان ناتوانن بەدوور لە چاوەدێریی کۆمەڵگای جیهانی‌و بە بیانووی ئەوە کە مەسەلەی کورد مەسەلەیەکی نێوخۆیی‌یە، دەست بدەنە قەتڵوعامی کوردەکان.

**بە بڕوای ئێوە کوردستان دەتوانێ لە ٥٠ ساڵی داهاتوودا لە هەموو پارچەکانەوە سەربەخۆیی خۆی وەدەست بێنێ؟**

لەپێش‌دا با ئەوە بڵێم کە ئەگەر کوردەکان داوای سەربەخۆیی‌و پێکهێنانی کوردستانێکی یەکگرتوو بکەن، گوناهێکیان نەکردوە. چونکە میللەتێکن کە ژمارەی حەشیمەتی خۆی لە ٤٠ میلیون کەس دەداو هەزاران ساڵیشە لەسەر خاکی خۆی دەژی. کەوابێ ئەو هەقە کە بۆ زۆر میللەتی چەند سەد هەزار کەسی‌و تەنانەت چەند دە هەزار کەسی بەڕەسمی ناسراوە، ناکرێ لە کوردەکان حەرام بکرێ. بەو حاڵە وای بۆ دەچم کە مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان‌و پێکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆی کورد لە بەرنامەی کاری هیچ هێزێکی سیاسیی بەرپرسی کوردستاندا نیە. ئەوان بە لێکدانەوەی تێکڕای پارامیترەکان‌و هەلومەرجی نێوخۆیی‌و ناوچەیی‌و نێونەتەوەیی گەیشتوونەتە ئەو باوەڕە کە مەسەلەی کورد دەبێ لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەدا کە کوردستانیان لە نێودا دابەش کراوە، چارەسەر بکرێ. هەر بۆیەشە دەبینین کە هیچ هێزێکی جیددیی کوردستانی دروشمی جیابوونەوەی لە بەرنامەی خۆیدا دانەناوە.

پاش ئەو تێبینی‌یە، باوەڕم وایە کە دەورانی بێ بەشیی کوردەکان لە مافی کوردبوون‌و تەنانەت لە مافی هاونیشتمان بوونیش، هاتۆتە تەواوبوون‌و پێش ئەوەی سەدەی بیست‌و یەکەم بگاتە نیوەیی، کوردەکان لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا بە مافە نەتەوایەتی‌یەکانیان دەگەن‌و لە چوارچێوەی وڵاتەکانیشیاندا چی دیکە هاونیشتمانی پلە دوو نامێنن‌و دەبنە شەریکە بڕیار لە سەر چارەنووسی وڵاتەکانیان. لەوەش گەرێ کە دوور نیە پێشکەوتنی کۆمەڵ لەم ناوچەیەی جیهاندا و جێگیربوون‌و نیهادینەبوونی دێموکراسی بتوانێ گۆڕانی گەورەتریش لە پێوەندیی نێوان گەلانی ناوچەکەدا وەدی بێنێ.

**بەڕێز حەسەنزادە، زۆر سوپاس کە ئەو کاتەتان بۆ من تەرخان کردوە، ئەمن سەربەستی‌و ئازادی بۆ کوردستان‌و ئێران بە ئاوات دەخوازم.**

ئەمنیش سوپاسی ئێوە دەکەم کە ئەم وتووێژەتان پێك هێناو هەروەها سوپاسی ئاواتە جوانەکەت بۆ دوارۆژی کوردستان‌و ئێران دەکەم. بە ئاواتی هاوکاری‌و هاودڵیی هەمووان لە رێگای گەیشتن بە ئامانجی پیرۆزی ئاشتی‌و ئازادی‌و دێموکراسی‌دا.

## برووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

# ڕوونكردنەوەیەك لە سكرتێری گشتیی حیزبەوە

ڕۆژنامەی فایننشال تایمزی چاپی ئینگلستان ڕۆژی ٢ی مای ٢٠٠٣ی زایینی، بابەتێكی لە ژێر ناوی "حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران ـ مەرجەكانی بۆ وتووێژ لەگەڵ تاران دا دێنێتە گۆڕێ" لە نووسینی بەڕێز گارت ئێسمیت بڵاو كردۆتەوە كە لە چەند جێیدا ئاماژە بە وتووێژێك دەكرێ كە ماوەیەك لەمەوبەر لەگەڵ مندا كراوە. (پێویستە بگوترێ كە وتووێژەكەش لە ڕێگای وەرگێڕەوە كراوە). گەرچی ئەوەی لە وتارەكەی بەڕێز گارت ئێسمیت دا هاتووە كەمتر لە زاری منەوەیەو پتر تێگەیشتنی خودی نووسەر لە وتووێژەكەیە، بەو حاڵەش چونكە چەند بەشێك لەو وتارە لەگەڵ هەڵوێستەكانی حیزبی دێموكراتو هەروەها لەگەڵ بیرو بۆچوونەكانی مندا یەك ناگرنەوە، بە پێویستم زانی لەو پێوەندییەدا چەند خاڵێك ڕوون بكەمەوە.

یەكەم: نە لەم وتووێژەو نە لە هیچ شوێنێكی دیكەدا من یا حیزبەكەم (حیزبی دێموكرات)، پێشنیاری وتووێژمان بە كۆماری ئیسلامی نەكردوە. تەنیا شتێك كە لەم پێوەندییەدا گوتراوە ئەمە بووە كە حیزبی دێموكرات باوەڕی بە چارەسەری ئاشتییانەی كێشەی كورد لە ئێراندا هەیەو هەركات دەسەڵاتی حاكم بە ئاشكرا داوای وتووێژی جیددی بۆ چارەسەری ئەم كێشەیە بكا، حیزبی دێموكراتی كوردستان پێشوازی لەو داوایە دەكا. ئەمەش سەرەڕای ئەو پرنسیپانەیە كە حیزبی ئێمە لەم پێوەندییەدا ڕای گەیاندون كە لێرەدا پێویست بە دووپات كردنەوەیان ناكا.

دووهەم: حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران بە هیچ شێوەیەك هەڵوێستی خۆی لە بەرامبەر كۆماری ئیسلامیدا نەگۆڕیوەو هەروەك جاران خەبات بۆ ڕووخاندنی ئەم ڕێژیمە لەسەرووی هەموو شێوازەكانی خەباتی خۆیەوە دادەنێ. لەو وتووێژەشدا قسەیەك بە پێچەوانەی ئەم ئەسڵە بەزاری مندا نەهاتوە.

سێهەم: لە مەڕ شەڕی چەكدارانە دژی هێزەكانی كۆماری ئیسلامی، تەنیا شتێك كە گوتومە ئەمە بووە كە لە ساڵی ١٩٩٧بەملاوە ئێمە ئەم شێوە خەباتەمان نەكردوەو ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ كە ئێمە دەستمان لە خەباتی چەكدارانە هەڵگرتوە، با ئەوەش بڵێین كە حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران، بەردەوام ئەوەی دووبارە كردۆتەوە كە ئەم شێوە خەباتەی بە شێوەیەكی داسەپاو لەلایەن كۆماری ئیسلامییەوە لە قەڵەم داوەو هەروا لایەنگری شێوە خەباتی ئاشتیانەیە. سەیر لەوەدایە كە بابەتەكەی گارت ئێسمیت یا وتووێژەكەی من لە هێندێك لە ماڵپەڕە ئینترنێتییەكاندا بە دوو زمانی كوردیو فارسی بڵاو بۆتەوە كە بەداخەوە لەوێشدا دەقە ئینگلیسییەكەشی بەوردی وەرنەگێڕدراوەتەوە.

عەبدوڵڵا حەسەن زادە
١٣٨٢/٢/٢٠

# تێكۆشان لە دەرەوەی وڵات

## فەرانسە:

دوانیوەڕۆی ڕۆژی ٧ی مەی ٢٠٠٣، "ئەنیستیتۆی موتالعاتی باڵای ئورووپایی" (IHEE) لە ستراسبۆرگ كۆنفرانسێكی بۆ "ئاسۆی حەسەن زادە" یاریدەدەری بەرپرسی پێوەندییەكانی حیزب لە فەرانسە، پێك هێنا. بەشی یەكەمی ئەو كۆنفرانسە، بۆ دەستنیشانكردنی ئەو پارامیترانەی یاسای نێو دەوڵەتی تەرخان كرابوو كە پێویستە بۆ هەڵسەنگاندنی حوقوقیی مەسەلەی كورد وەبەرچاو بگیردرێنو لە بەشی دووهەمدا گۆڕانكارییەكانی پاش شەڕی عێراقو ئاكامە ئیحتیمالییەكانی بۆ كێشەی كورد بە گشتی خرانە بەر باسو لێكۆڵینەوە. لە كۆتایی ئەو كۆنفرانسەدا كە چوار سەعاتی خایاند، ئاسۆ وەڵامی پرسیاری بەشدارانی ـ كە زۆربەیان لێكۆڵەرەوەی مافی مرۆڤو مەسەلەكانی پێوەندیدار بە ئەمنییەتی ناوچەیی بوون ـ دایەوە.

## سویس

### ڕێوڕەسمێك بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی كرێكارەوە

ڕۆژی پێنج شەممە ٢٠٠٣/٥/١ لە شاری بێڕنی پێتەختی وڵاتی سویس ڕێوڕەسمێك بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی كرێكارەوە لە لایەن سەندیكای كرێكارانی ئەو شارەوە بەڕێوە چوو، ئەمساڵیش كۆمیتەی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران لە "بێڕن" لە سەر بانگهێشتی ڕەسمیی سەندیكای كرێكارانی ئەو شارە بەشداریی ڕێوڕەسمەكەی كرد.

ڕێوڕەسمەكە كاتژمێر ٩ی سەر لە بەیانی لە شوێنێكی گشتیی شاردا بە ناوی "تسونگ هاوس گاسە" دەستی پێكردو بە شێوەی ڕێپێوان بەرەو شوێنە گشتییەكانی شار وەڕێ كەوتنو هەروەها لە بەردەم پارلماندا بەدانی شوعارو... ویستەكانی خۆیان جارێكی دیكە بە گوێی دەسەڵاتداران گەیاند، پاشانیش لە شوێنێكی لەپێش دیاریكراودا كۆبوونەوە كە چەندین لێپرسراو، وەك بەرپرسی سەندیكای كرێكاران، ئەندامی پارلمانی سەر بە حیزبە سوسیال دێموكراتەكان، پارتی سەوزو هەروەها پارتی كۆمۆنیست بە بۆنەی ئەم ڕۆژەوە وتاریان خوێندەوە، بەشێك لە ڕێوڕەسمەكە تەرخان كرابوو بۆ پێشكێش كردنی بەرنامەی هونەریو كەلتووریی بەشێك لە گەلانو وڵاتانی جۆراوجۆر كە بەشی هونەریی یەكیەتیی لاوانی دێموكراتی كوردستانی ئێران (كۆمیتەی پاریس) بە پێشكێش كردنی چەند هەڵپەركێی جۆراوجۆری كوردی سەرنجی زۆربەی بەشدارانی بۆلای خۆی ڕاكێشا، بەجۆرێك كە بە یەكێك لە سەرنجراكێشترین بەشەكانی ئەو بەرنامەیە ناسێرا، هەروەها لەكاتی ڕێوڕەسمەكەدا خەڵكێكی بەرچاو سەردانی ستاندی حیزبیان كرد. شایانی باسە كە ئەو ڕێوڕەسمە تا كاتژمێر ٣ی پاش نیوەڕۆ درێژەی كێشا.

## ئوستralia

### پێكهێنانی لقی یەكیەتیی لاوان

ڕۆژی شەممە ٢٠٠٣/٥/٥ی زایینی بە مەبەستی وەگەڕخستنو ڕێكخستنی هێزی لاوانی كوردی دانیشتووی وڵاتی ئوستralia، ژمارەیەكی بەرچاو لە لاوانی كورد كۆبوونەوەو بە هاوكاریی كۆمیتەی حیزب، لقی یەكیەتیی لاوانیان لەو وڵاتەدا دامەزراند.

لە سەرەتای كۆبوونەوەكەدا بەرپرسی كۆمیتەی حیزب كاك هەیاس بەوردی لە سەر ئەركی لاوانی كورد لە دەرەوەو پێویستی لێك گرێدانی هێزو تواناكانیانو هەروەها چاوەڕوانییەكانی دایكو باوكانیان قسەی بۆ كردن، پاشان كاك زاهید كەریمی هەر لەو پێوەندییەدا وتەكانی خۆی پێشكێش كردو كاك محەممەدی هاشمی هێندێك لە بەرنامەكانی یەكیەتیی لاوانی بۆ شی كردنەوە. لە دواییدا ٧ كەس وەك ئەندامی هەیئەتی بەڕێوەبەری هەڵبژێردرانو بەمشێوەیە لقی یەكیەتیی لاوانی دێموكرات لەو وڵاتەدا دامەزرا.

## نۆروێژ

### كۆبوونەوەیەك لەلایەن كۆمیتەی حیزبەوە

ڕۆژی ٢٠٠٣/٥/١١ كۆمیتەی حیزب لە ناوچەی "لیللەسترۆم" كۆبوونەوەیەكی بەرینی بۆ ئەندامانو بنەماڵەكانی حیزب پێك هێنا. لە سەرەتادا كۆبوونەوەكە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" دەستی پێكرد، پاشان بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاكی شەهیدان دەقیقەیەك بێدەنگی ڕاگەیەندرا. دوایی لەلایەن بەڕێوەبەری كۆبوونەوەكەوە ڕیزی كارەكانی كۆبوونەوەكە ڕاگەیاندرا.

بەشی یەكەمی كارەكانی كۆبوونەوە بۆ باس لە سەر كارو تێكۆشانی كۆمیتەو چۆنیەتیی ڕێكخستنی تەشكیلاتی حیزب تەرخان كرابوو. لە سەرەتای ئەو بەشەدا هاوڕێ كاك هاشم ڕۆستەمی ئاماژەیەكی كورتی بە هێندێ لە بەرنامە كارییەكانو بڕیارەكانی پەسندكراوی كۆمیتەی حیزب لە نۆروێژ كرد، پاشان هاوڕێ كاك كەریم ئەڵڵا وەیسی باسێكی كورتی سەبارەت بە كاری تەشكیلاتیو گرینگیی ئەو بەشە لە خەباتدا، پێشكێش كرد. لە دواییدا بەشداران بە شێوەیەكی بەرچاو بەدانی پێشنیارو هێنانە گۆڕی بیروڕاكانیانو پرسیاری جۆراوجۆر بەشدارییان لە باسەكەدا كردو لەلایەن بەرپرسی كۆمیتەوە وەڵامی پێویستیان درایەوە.

لە بەشێكی دیكەی كاری كۆبوونەوەكەدا لە دوو هۆڵی جیادا، بە بەشداری بەڕێوەبەری یەكیەتیی لاوانی دێموكراتو نوێنەرانی یەكیەتیی ژنانی دێموكرات لە نۆروێژ، كۆمیتەی بەڕێوەبەریی خۆیان هەڵبژارد.

# بەشداریی هەیئەتی حیزب لە كۆنگرەی حیزبی سۆسیالیستی فەرانسەدا

لە ڕۆژەكانی ١٦، ١٧و ١٨ی مانگی مەیی ٢٠٠٣ ی زایینیدا، حیزبی سۆسیالیستی فەرانسە حەفتاو سێهەمین كۆنگرەی خۆی بە بەشداریی ٦٠٠ نوێنەری فێدراسیۆنەكانی حیزبی سۆسیالیستو ١٠٧ هەیئەتی نوێنەرایەتیی بیانی كە سەرجەم پێنج هەزار كەس دەبوون، پێك هێنا.

ئەو كۆنگرەیە لە بەر ئەوەی دوای شكستی چاوەڕواننەكراوی حیزبی سۆسیالیست لە هەڵبژاردنەكانی سەركۆماریو پارلمانی بەهاری ساڵی ڕابردووی فەرانسەداو دەست لە سیاسەت كێشانەوەی "لیۆنل ژۆسپەن"دا پێك دەهات، گرنگییەكی تایبەتی هەبوو، لە ڕاستیدا چاوەڕوانی ئەندامانو لایەنگرانی ئەو حیزبە بە گشتیو چاوەڕوانی خەڵكی وڵات لەو كۆنگرەیە ئەوە بوو كە بە جۆرێك سۆسیالیستەكان كۆتایی بە یەك ساڵ سەر لێشواویو بێبەرنامەیی خۆیان بێننو بوار بۆ ئەوە خۆش بكرێتەوە كە دیسان حیزبی سۆسیالیست لە هەلومەرجی نێوخۆییو نێونەتەوەیی دژواری ئێستادا لە لایەك ڕۆڵی خۆی وەك لایەنی سەرەكیی ئۆپۆزیسیۆن بە باشی بگێڕێو لە لایەكی دیكەشەوە سەر لە نوێو بە بەرنامەیەكی تازەترەوە خۆی بۆ بەشداریكردن لە هەڵبژاردنەكانی داهاتووی وڵات ئامادە بكا. جێگای سەرنج ئەوەیە كە سەرەڕای بوونی بیروڕای جۆراوجۆرو بوونی چەندین كەمایەتی، سەرجەم وتەبێژانی ئەو كۆنگرەیە لە سەر یەكیەتیی ڕیزەكانی حیزبی سوسیالیست پێیان داگرت.

بە هۆی ئەوە كە سیاسەتو هەڵوێستەكانی داهاتووی حیزبی سوسیالیست بە ڕوونی ساغ كرانەوە، دەكرێ ئەو كۆنگرەیە بە كۆنگرەیەكی سەركەوتوو دابنرێ. سەبارەت بەو سیاسەتو هەڵوێستە تازانە، دەكرێ ئاماژە بەو چەن خاڵە بكرێ: دژایەتی كردنی ئازایانە لەگەڵ سیاسەتە ڕیفۆرمییەكانی حكوومەتی "ڕاڤازان" لە بواری ئابووریو عەداڵەتی كۆمەڵایەتیدا، تیكۆشان لە پێناو ئورووپایەكی فێدراڵو بە هێز لە باری سیاسییەوە، تەئكید لە سەر چارەسەری كێشەی عێراق لە ڕێگای نەتەوە یەكگرتووەكانەوە.

شایانی باسە كە هەیئەتە بیانییەكان لە بەرنامەی كرانەوەی كۆنگرەدا كە بە قسەكانی "ڕۆبین كۆك"، وەزیری دەرەوەی پێشووی ئینگلستان دەستی پێكرد، بە گەرمی بە خێر هاتن كران.

هەیئەتی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران پێكهاتوو لە بەڕێزان "خوسرەو عەبدوڵڵاهی"، نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات، "ئاسوی حەسەنزادە"، یاریدەدەرو بەرپرسی پێوەندییەكان لە فەرانسە لەو كۆنگرەیەدا بەشدار بوون. هەیئەتی حیزبی دێموكرات وێڕای بەشداریی بەردەوام لە دانیشتنەكانی كۆنگرەدا، پەیامی پیرۆزباییو هاوپێوەندییان بۆ كۆنگرەی حیزبی سوسیالیست نارد كە لە لایەن كۆمیتەی بەڕێوەبەری كۆنگرەوە خرایە سەر سایتی كۆنگرە، جگە لەوەش لەگەڵ زۆر لە لێپرسراوانی حیزبی سۆسیالیستی فەرانسەو هەیئەتو كەسایەتییە میوانەكانی وەك: "شۆڤێر وێدرێن"، وەزیری دەرەوەی پێشووی فەرانسە، "پییەر مۆروا" و "میشێل ڕۆكار"، سەرۆك وەزیرانی پێشووی فەرانسەو "لۆئیس ئەیالا"، سكرتێری گشتیی ئەنتێرناسیۆناڵی سوسیالیست، وتووێژیان كرد. ❋

# فەرانسە

## كۆچی دوایی خانمی مێهری حسێنی هاوسەری هاوڕێی بەڕێز كاك شاهۆ حسێنی

ڕۆژی چوارشەممە ٢٠٠٣/٥/٢ی زایینی خانمی مێهری حسێنی هاوسەری هاوڕێی بەڕێز كاك شاهۆ حسێنی دوای چەندین ساڵ گیرۆدە بوون بە دەست نەخۆشییەكی توندەوە لە یەكێك لە نەخۆشخانەكانی پاریس كۆچی دوایی كرد. ڕێوڕەسمی بە خاك سپاردنی ئەو بەڕێزە كاتژمێر ٣/٣٠ی دوا نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە٧ی مەی لە كەشو هەوایەكی پڕلەداخو پەژارەدا، بە بەشداریی ئەندامانی بنەماڵەو ئەندامانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبو ژمارەیەك لە دۆستو ئاشنایان، كەسایەتیو وەفدی نوێنەرایەتیی ڕێكخراوە ئێرانیو كوردو فەرانسەوییەكان لە گۆڕستانی ئیوری سورسن "IVRY SURSEiNE" دا بەڕێوە چوو. لەو ڕێوڕەسمەدا كە كاتژمێر ٥/٣٠ دوانیوەڕۆ كۆتایی پێ هات، تەواوی بەشداران بەدانانی چەپكەگوڵ لە سەر گڵكۆی خاتوو "مێهری" ڕێزیان لە گیانی ئەو بەڕێزە گرت.

هەروەها ڕۆژی شەممە ١٠ی مەی كاتژمێر ٣ تا ٦ی دوانیوەڕۆ كۆڕێكی پرسە لەلایەن بنەماڵەی ئەو بەڕێزەو دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزب لە پاریس لە هۆڵی گشتیی ئەنستیتۆی كورد لە پاریس بەڕێوە چوو، لەو ڕێوڕەسمەدا ژمارەیەكی بەرچاو لە ئاشناو دۆستانی كوردو ئێرانیو فەرانسەوی بەشدار بوونو سەرەخۆشیو هاودەردییان لە بنەماڵەی خاتوونی بەڕێز "مێهری"و هەروەها حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران كرد. لە كۆتایی ڕێوڕەسمەكەدا هاوڕێ "خوسرەو عەبدوڵڵاهی" نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات، لە چەند وتەیەكی كورت دا وێڕای سوپاس لە بەشدارانو هاودەردییان بەو بۆنەوە، لەلایەن ئەندامانو لایەنگرانی حیزبیشەوە سەرەخۆشی لە هاوڕێی بەڕێز كاك شاهۆو بنەماڵەو كەسوكاری خاتوو "مێهری" كردو بەهۆی لەدەستچوونی ئەو بەڕێزەوە سەبرو سێبووری بۆ بە ئاوات خواستن.

❋❋❋

**دەستەی نووسەرانو كارگێڕانی "كوردستان" بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە هاوڕێی بەڕێز كاك شاهۆ حوسێنیو بنەماڵەی خوالێخۆشبوو مێهری خانمی هاوسەری دەكەنو خۆیان بە بەشداری خەمو كەسەریان دەزانن.**

# دەرسێك بۆ ڕژێمە دیكتاتۆرەكان

قادر وریا

ڕووخانی حكوومەتی عێراق بەهۆی هێرشی نیزامیی ئەمریكاو هاوپەیمانانی‌یەوە، تا ئێستا لە لایەنی جۆراوجۆرەوە كەوتۆتە بەرباس‌و هەڵسەنگاندن. لەراستیش‌دا ئەم ڕووداوە هەڵدەگرێ لە زۆر بارەوە پێویستە هەڵسەنگێنرێ‌و ئاكام‌و دەرسی جۆراوجۆری لێ وەربگیرێ.

دیارە هیچ قسەی تێدا نیە كە ئەم شەڕەو ئاكامەكەی، پێش هەموو كەس‌و زیاتر لە هەمووان بۆ حكوومەتە دیكتاتۆرو دژی گەلی‌یەكان بەگشتی‌و بە تایبەتی بۆ ڕژێمە زۆردارەكانی ناوچە، كە هیچ ڕێزێك بۆ ماف‌و ئازادی‌یەكانی هاونیشتمانانیان دانانێن، دەرسی گرنگیان تێدایە. جا ئەوە كە دەسەڵاتپەرستی‌و كەللەرەقی‌یەكەیان ڕێگایان پێ دەدا ڕاستی‌یەكان ببینن‌و دەرسیان لێ وەربگرن، یا خۆیان تووشی چارەنووسێكی لەچەشنی چارەنووسی حكوومەتی عێراق دەكەن، ماوەتەوە سەر خۆیان. دیارە ڕژێمە ئازادیكوژو خوێنڕێژەكەی وڵاتی خۆشمان هەم بەهۆی كارنامەی ڕەشی لە سەركوتی گەلانی ئێران‌داو هەم بەهۆی پشتبەستنی بەو سیاسەت‌و ڕەفتارو شێوازانەی زۆر لە ڕژێمە دیكتاتۆرەكان پەنای بۆ دەبەن، لە ڕیزی پێشەوەی ئەو جۆرە ڕژێمانە دایە.

**هیچ شتێك وەك ڕەزامەندی‌و پشتیوانیی خەڵك، لە كاتی خۆی‌دا فریای حكوومەتەكان ناكەوێ.**

حكوومەتی عێراق لە نێو ئەو حكوومەتانەدا كە بایەخێكی زۆریان بە ئەرتەش‌و تەیاركردنی بەچەك‌و ئیمكاناتی بەرینی نیزامی دەدا، جێگایەكی تایبەتی هەبوو. بە پێی قسەی زۆر لە لێكۆڵەران، ئەو ڕژێمە هەتا شەڕی یەكەمی كەنداو خاوەنی گەورەترین ئەرتەشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوو. ئەو حكوومەتە لە لایەكەوە بەهۆی ئەو سامانە زۆرەی لە فرۆشی نەوت چنگی دەكەوت‌و لە لایەكی دیكەوە، بەو هۆیەوە كە وەك هەر سیستمێكی دیكتاتۆر، كەس حەقی نەبوو قسە لە قسەو بڕیاری دەسەڵاتداراندا بكا، بەشی هەرە زۆری بودجەی وڵاتی، بۆ گەورەكردنەوەو پۆشتەو پڕ چەك كردنی ئەرتەش تەرخان دەكرد. شانبەشانی ئەو ئەرتەشەش چەندین دامودەزگاو هێزی چەكداری دیكە لە ژێر ناوی جۆراوجۆردا، ئەركی ئەمنییەتی‌و پارێزگاری لە سیستمی دەسەڵاتداریان لەسەر شان بوو كە جگە لەوەی دەستیان بۆ هەر كارێكی بە پێویستیان زانیبا، ئاوەڵا كرابوو، زۆرترین ئیمتیازات‌و پێڕاگەیشتنیشیان لە لایەن حكوومەتەوە هەبوو.

دەكرێ بڵێین پاڵپشت‌و هومێدی سەرەكی‌و یەكەمی ئەو حكوومەتە لە زاڵبوون بەسەر قەیرانە نێوخۆیی‌یەكان‌و گیرو گرفتەكانی لەگەڵ دراوسێكانی‌دا، ئەرتەش‌و هێزە نیزامی‌و ئەمنییەتی‌یەكانی‌و، ئەو سیاسەت‌و ڕەفتارانە بوو كە لە پشت ئەستووربوون بە هێزو توانای نیزامی‌یەوە سەرچاوەیان دەگرت. ئەگەر لە ئاستی نێوخۆیی‌دا، لە بەشێكی زۆری تەمەنی ئەو حكوومەتەدا، شاهیدی شەڕێكی بێبەزەییانە لە دژی خەڵكی وڵاتەكەی بووین، لە پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێش‌دا، شەڕ لەگەڵ ئێران‌و لەشكركێشی بۆ سەر كووەیتمان بینی. دیارە بە فشارهێنان بۆ سەر خەڵك‌و ئەنجامدانی ئەو كارەساتە دڵتەزێنانەی كە ئێستاش هەموو شوێنەوارەكانیان دەرنەكەوتوون، توانی ماوەی دەسەڵاتدارەتی‌یەكەی درێژتر بكاتەوە. لەپێوەندی لەگەڵ ئێران‌و كووەیتیش‌دا توانی بە هۆی ئەو ئەرتەشەوە، لە یەكەم هەونگاودا مەبەستەكانی خۆی كە داگیركردنی خاكی ئەو دوو وڵاتە بوو، بپێكێ. بەڵام نە ناڕەزایەتی‌و بەربەرەكانی‌و خەباتی خەڵكی وڵاتەكەی بە یەكجاری بۆ لەنێو براو، نە بۆی كرا كووەیت‌و بەشێك لە خاكی ئێران بۆ هەمیشە بخاتە سەر خاكی عێراق. كاتێكیش ئەو حكوومەتە بوو بە ئامانجی پەلاماری دەسەڵاتێكی خاریجیی لەخۆی بەهێزتر (شەڕی یەكەمی كەنداوو شەڕی ئەم دواییانە) ئەرتەشەكەی ئەوەندەی لە سەركوت‌و لەنێوبردنی خەڵكی وڵاتەكەی‌دا ڕژدو بە دەست‌و بردو بە توانا بوو، هەزار ئەوەندە لەو شەڕانەدا دەستەوەستان‌و داماوو زەبوون بوو.

بەڵام هۆی ڕووخانی ئەو حكوومەتە، هەر نابەرامبەریی هێزو توانای نیزامیی خۆی‌و دوژمنەكانی نەبوو. هۆی ئەسلیی ڕووخانەكەی، بێپێگەیی لە نێو خەڵكی وڵاتەكەی‌داو بێبەشی لە پشتیوانیی ئەوان بوو. ئەگەر خەڵكی عێراق حكوومەتی وڵاتی خۆیان ویستبا، پشتیوانییان لێ دەكردو لە دژی هێرشكەران ڕادەوەستان‌و، ئەرتەشەكەش ڕاوەستان لە بەرامبەر هێرشكەرانی نەك وەك دیفاع لە حكوومەت بەڵكوو وەك پارێزگاری لە نیشتمان‌و خەڵكی وڵاتەكەی سەیر دەكرد. هەر لە جێ‌دا ئەمریكاو هاوپەیمانانیش، نەیان دەتوانی وا بە هاسانی هەڵ بكوتنە سەر ئەو حكوومەتە. چونكە هێرش بۆ سەر حكوومەتێك كە جێگای پشتیوانیی خەڵكی وڵاتەكەی بێ‌و مەشروعییەتی خۆی لە دەنگی ئازادانەی خەڵك‌و بەڕێوەبردنی ڕێوشوێنی دێموكراتیك‌و سیاسەتی دروست‌و ئوسوولی‌یەوە وەرگرتبێ، كێشەو گرفتاری‌یەكی زۆری بەدواوە دەبوو.



**هیچ چەشنە ئیددیعایەك‌و هیچ جۆرە ڕواڵەتێكی بە درۆی خەڵكیانە، ناتوانن خەڵكی وڵاتێك‌و دنیای دەرەوە بۆ هەمیشە فریو بدەن!**

تەجرەبەی وڵاتی خۆمان ئێران‌و مێژووی وڵاتانی ناوچە پێمان دەڵێن كە سیستمە زۆردارو دیكتاتۆرەكان بۆ ئەوەی سواری شەپۆلی ئێحساساتی خەڵكی وڵاتی خۆیان‌و ناوچە بن‌و بە قازانجی بەرەوپێش بردنی مەبەستەكانیان كەڵكیان لێ‌وەربگرن، زۆر جار خۆیان وەك ئاڵاهەڵگرو بەرەوپێش بەری ڕەوتە ناسیۆنالیستی‌و ئایینی‌كان نیشان دەدەن؛ دەچنە نێو كەوڵی لایەنگرانی بیرو ئەندێشەی چەپ‌و دادپەروەرانە؛ ژێستی دژایەتی لەگەڵ ئیستعمارو ئیمپریالیزم‌و زلهێزەكان دەگرن؛ خۆیان وەك پشت‌و پەناو ڕزگاریدەری زۆرلێكراوان‌و حەقخوازان لە ئاستی ناوچەو دنیادا دەناسێنن. شانبەشانی ئەم جۆرە بازاڕ گەرمییانەش، بۆ ئەوەی نیشان بدەن كە خەڵكی وڵاتی خۆیان لە پشتەو بە گیان‌و دڵ دەیانهەوێن، لە بەڕێوەبردنی شانۆسازیی جۆراوجۆر غافل نین. شانۆسازیی هەڵبژاردنی نوێنەرانی پارلمان‌و سەرۆك كۆمار وەرێ دەخەن. بەڵام یا پارلمان‌و سەركۆمار هیچ هێزو دەسەڵاتێكیان نیەو دەسەڵات بە دەست كەسان‌و ناوەندی ئەوتۆوەیە كە خەڵك هەر هەقیان نیە لە مێشكی خۆشیاندا بیر لە لابردن‌و گۆڕینیان بكەنەوە، یا هەڵبژاردنەكە، شانۆسازی‌یەكی گاڵتەجاڕانەیەو هەموو كەس لە پێشەوە دەزانن ئاكامەكەی دەبێتە چی. یا هەر ڕۆژەی بە ناوێك‌و بە كەڵك وەرگرتن لە سەدان ئامرازی فشار بۆ هێنان‌و كونترۆڵ كردن، ئاپۆرای خەڵك دەكێشنە شەقامەكان تا دروشمە لە پێشەوە دیاریكراوەكان دووپات بكەنەوەو وەفاداریی خۆیان بە "ڕێبەر"و "سەرۆك"ی وڵات‌و حكوومەت‌و نیزامەكەی بە دنیا نیشان بدەنەوە.

بەڵام بەو هۆیەوە كە ئیددیعاكان‌و شانۆسازی‌یەكان تەنیا نیازی فریودەرانەیان لە پشتەو بە مەبەستی خەڵك بەشێت زانین‌و سەپاندنی دەسەڵاتی نادێموكراتیك بە سەر ئەواندا، پەرەیان پێ دەدرێ؛ بەو هۆیەوە كە هەوڵدانی دەسەڵاتداران بۆ هەڵگرتنی ئاڵای دیفاع لە زۆر لێكراوان‌و دژایەتی لەگەڵ دەسەڵاتە گەورەو بەهێزەكان یا جیددی نین‌و ڕواڵەتین، یا كەمترین خێرو قازانجیان بۆ خەڵكی وڵاتەكانیان تێدا نیە؛ بەو هۆیەوە كە لە هەموو بوارەكان‌دا دەسەڵاتداران خۆیان لە جیاتی خەڵك بڕیار دەدەن‌و بە ناوی خەڵكەوە قسە دەكەن؛ بەو هۆیەوە كە دابین كردنی ماف‌و ئازادی‌یەكانی هاونیشتمانانیان بە لای ئەوانەوە هیچ جێگایەكی نیە هەر كات دەسەڵاتەكەیان دەكەوێتە مەترسی، خەڵك نەك هەر فریایان ناكەون‌و دیفاعیان لێ ناكەن، بەڵكوو بە شێوەی جۆراوجۆر هەوڵ دەدەن ڕووخانەكەیان خێراتر بكەن. خەڵك لە دوا حیسابداو پاش ئەوەی تەپ‌و تۆزو هەراو هۆریای چاولێلكەرو گوێ كەركەری ڕژێمە دیكتاتۆرەكان لە خۆڕانان بە ئیسلام‌و ناسیۆنالیزم‌و دادپەروەری‌و . . . دا نیشتەوە، بیر لەوە دەكەنەوە كە لەو ڕژێمانە چیان دەسكەوت بووە؟ ئەوان لە خۆیان دەپرسن لە خۆ بە كوشت دان بۆ مانەوەی ئەو ڕژێمانە چیان پێ دەبڕێ‌و، لە ڕووخانیان چ زیانێك دەكەن؟!

وەنەبێ جۆری ڕەفتارو دەسەڵاتدارەتیی ڕژێمە دیكتاتۆرەكان، ئەوان تەنیا لە پشتیوانیی خەڵكی وڵاتەكەیان بێبەش بكا. سەركوتی ئازادی‌یەكان‌و زەوتكردنی سەرەتایی‌ترین مافەكانی خەڵك، هەروەها ئەو هەموو هەوڵ‌و توندو تیژی‌یەی بە مەبەستی سەپاندنی ویستەكانی خۆیان بە سەر خەڵكی وڵاتەكەیان یان وڵاتانی دراوسێ‌دا لە خۆیانی نیشان دەدەن، وا دەكا كۆمەڵگەی نێونەتەوەیی‌و ویژدانی زیندووی مرۆڤایەتییش بایەخێك بۆ ئیددیعای ئەوان لە بارەی نوێنەرایەتی كردنی خەڵكی خۆیان‌و پارێزگاری لە قازانج‌و بەرژەوەندی ئەوان دانەنێن‌و، زۆر بڕیارو هەنگاوی جۆراوجۆری ڕێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكان‌و دەسەڵاتە گەورەكانی جیهان بۆ سزاو تەمبێی ئەو جۆرە ڕژێمانە بە شتێكی پێویست‌و بە قازانج هەم بۆ بەرژەوەندی وڵاتە دیكتاتۆری لێدراوەكە، هەم بۆ سەقامگیری‌و هێمنیی ناوچەو جیهان، بزانن.

❋ ❋ ❋

# پوختەی لێكۆڵینەوەی مەجلیس

## لە دام و دەزگای ڕادیو و تەلەویزیونی كۆماری ئیسلامی

ڕۆژی ١٨ی بانەمەر دەستەی لێكۆڵینەوەی مەجلیس لە كردەوەكانی دەنگ و ڕەنگی كۆماری ئیسلامی"لەكۆبوونەوەی ئاشكرای مەجلیس دا" ڕاپۆرتی خۆی خوێندەوە. هەڵبژاردەیەك لە پوختەی ئەم ڕاپۆرتە بەم جۆرەیە:

لە پوختە و ئاكامگیریی ئەو ڕاپورتە دا هاتووە:

"بە سەرنجدان بە پێشەكی و ١٢ بەشەكەی ڕاپۆرت و سەرجەم بەڵگە نامەكان دەتوانین بڵێین: سەرۆك و جێگری ئیداری و ماڵیی ڕێكخراوی دەنگ و ڕەنگ ( سازمان صدا و سیما)، بە دڵنیایی‌یەوە لە سێ مێحوەری لێكۆڵینەوەكەدا، تاوان و لادانی بە ئانقەستیان هەبووە و هەر لە جێ‌دا داهاتی ئەو ڕێكخراوەیان شاردۆتەوەو بێ ئەوەی بەڵگەی پێویست نیشان بدەن! ڕێكخراوی دەنگ‌و ڕەنگ یان لە دانی حقووق‌و عواریزی گومركی لە ساڵی ١٣٧٦ەوە معاف كردوەو بەم جۆرە ڕێوشوێنە قانوونی‌یەكانیان وەبەرچاو نەگرتوەو تەنانەت پەسندكراوی ساڵی ١٣٨١ی دەوڵەتیش لە بارەی دەرهاویشتنی ڕێكخراوی ناوبراو لە دانی سوودی بازرگانی، نەبووە بە هۆی ڕاگیرانی لادان‌و پێشێلكاری‌یەكانی ئەو ڕێكخراوەیە. هەروەها لە بارەی دیاری بەخشینی ڕێكخراوەی دەنگ‌و ڕەنگ بە كەسانی حوقووقی‌و حەقیقی بە سەرنجدان بە دەست ڕانەگەیشتنیان بە زانیاری‌یە پێویستەكان، نەمانتوانیوە قسە لە هەنگاوەكانی ئەو ڕێكخراوەیە بكەین. بەڵام بەڵگەنامە وەدەست هاتوەكان نیشاندەری پێشێلكاری‌و لادانی جۆراوجۆرن.

لە فەسڵی یەكەمی ڕاپۆرتەكەدا گوتراوە: "لە ئاكامی لێكۆڵینەوە لە پێنج حیسێب لە زیاتر لە دووسەد حیسێبی ڕاگەیەندراوی ڕێكخراوی سەداو سیما لە بانك‌و دامەزراوە موعتەبەرە جۆراوجۆرەكان‌دا دەركەوت كە لە ساڵی١٣٧٨ەوە تا ١٣٨١ لانیكەم ٣١١٠ میلیارد ڕیال لە كەسانی حەقیقی‌و حوقووقی بابەتی ئاگەهی (ریكلام)و تەبلیغات وەرگیراوە. بەڵام تا ساڵی ١٣٨٠ تەنیا ٤٨٠ میلیارد قڕان دە حیسێبی خەزانە كراوەو زیاتر لە ١١٠ میلیارد ڕیاڵ بێ‌ئەوەی لە بەڵگە ماڵی‌یەكان‌و خەرجەكانی سازمان‌دا تۆمار بكرێن، وەك مووچەو هەقدەست دراون بەو شیركەتانە كە بۆ ئاگاهی‌یەكان بوون بە "واسطە"و هەروەها دە سندووقی خانەنشینی كراوەو ١٣٠٠ میلیارد ڕیاڵیش شاردراوەتەوە. ئەو ڕەقەمە لە داهاتی شیركەت‌و دامەزراوەو یەكە جۆراوجۆرەكانی سەر بەو دام‌و دەزگایە، جیاوازن كە بە هۆی دەست ڕانەگەیشنمان بە زانیاریی پێویست لە بارەی ئەوانەوە هیچ بیرو ڕایەكمان نەداوە".

فەسڵی دووهەمی ڕاپۆرتەكە نیشان دەدا كە "لانیكەم ٥١٩ میلیۆن ڕیاڵ لە پووڵە خەرج نەكراوەكانی ڕێكخراوی دەنگ‌و ڕەنگ كە بە پێی قانوون دەبوایە چووبایەوە سەرحیسێبی خەزانە، بە شێوەی ناقانوونی كەڵكی لێ‌وەرگیراوە. ٢٠٥ میلیارد ڕیاڵ لەو پووڵە بە هۆی بەرپرسانی ڕێكخراوی ناوبراوو ڕاستەوخۆ دە حیسێبی خانەنشینیی ئەو ڕێكخراوە كراوە".

لە فەسڵی سێهەمی ڕاپۆرتەكەدا هاتوە: "پاش گەیشتنی داهاتەكانی سەرچاوە گرتوو لە ئاگەهی‌و تەبلیغات بە سندووقی خانەنشینی لە ساڵی ١٣٧٩دا لە لایەن ڕێكخراوی ناوبراوەوە، زیاتر لە ٥٩٨ میلیاردو ٤٥٠ میلیۆن ڕیاڵ لە داهاتەكان بە شێوەی ناقانوونی لە ڕێگای سندووقی خانەنشینی‌یەوە كراون بە ئەمانەت (سپردە)ی درێژخایەن‌و كورتخایەن‌و "اوراق مشاركت دولتی"و "سهام و سهام حق تقدم"یان پێ‌كراوە. بەڵام ئێمە لەبەر ئەوەی هیچ زانیاری‌یەكیان پێ‌نەداین، ئاگامان لە هیچ هەنگاوێكی ڕاستەوخۆی ئەو ڕێكخراوە لەو پێوەندی‌یەدا نیە".

لە فەسڵی چوارەم‌دا گوتراوە: "لانیكەم ٨٣ میلیاردو ٩٣٠ میلیۆن تمەن لە پووڵی دەوڵەت بە هۆی بەرپرسانی ڕێكخراوی ناوبراوەوە بە پێچەوانەی قانوون، بۆ ڕۆژنامەی "جام جم" دە حیسێبی جۆراوجۆر كراوە.

لە فەسڵی پێنجەمی ئەو ڕاپۆرتەدا دەخوێنینەوە: " لانیكەم ٣١ میلیاردو ٤٨٠ میلیۆن ڕیاڵ لە پووڵی دەوڵەتی كە ١٤ میلیاردی بریتی بووە لە پووڵی خەرج نەكراوی ساڵی ١٣٧٨و بە گوێرەی قانوونی ئەساسی‌و یاساكانی دیكە دەبوایە بگەڕێتەوە خەزانە، بە پێچەوانەی قانوون بە هۆی بەرپرسانی ڕادیۆو تەلەوزیۆنەوە دراوە بە شەهرامی جەزائیری‌و شیركەتەكانی سەر بە ناوبراوو هەروەها بە پێچەوانەی قانوون لە ١١ كەڕەت‌دا ٢٢ میلیاردو ٩٧ ملیۆن ریال پەرداخت كراوە(بە شوێنی جۆراوجۆر). ستادی "هاندان بۆ چاكە و گێڕانەوە لە خراپە (امر بە معروف و نهی ازمنكر)یش لە سەر یەك ٥٣ میلیارد و ٥٥٧ میلیون ریاڵی پێ دراوە.

فەسڵی شەشەم باسی ئەوە دەكا كە مەبلەغی ٧٨ میلیارد و ٣٤٠ میلیۆن ڕیاڵ لە پوڵی دەوڵەتی بە هۆی بەرپرسانی ڕادیۆ و تەلەویزیۆنەوە، بە شێوەی ناقانوونی دراوە بە شیركەتەكانی "سیما فیلم"، "ئینتشاراتی سرووش"، "فەرهەنگی ـ هونەریی سەبا" و "تەكتا".

لە فەسڵی حەوتەم دا گوتراوە بەرپرسانی ڕادیۆو تەلەویزیۆن لە پەرداختی داخوازە قانوونی‌یەكانی وەزارەتی پۆست و تێلگراف و تەلەفوون كە ٣٧٨ میلیارد ڕیاڵ بووە، خۆی بواردوە و هەروەها ١٦٢ میلیارد ڕیاڵیش كە دەبوو بابەتی عەواریز و كاروباری پێوەندیدار بە شارەداریی تاران بیدەن، نەیان داوە.

لە فەسڵی هەشتەم دا گوتراوە بانكی ناوەندی لە ١/١/١٣٧٤ەوە تا ١٤٦٩٣،١٣٨٠/١٢/٢٥ "سكە"و لە ١/١/١٣٨١ بەدواوە ١٤٨٠ "سكە" كە سەرجەم دەكەنە ١٦١٧٣ "سكە" تەحویلی ڕێكخراوی دەنگ و ڕەنگ داوە. بەڵام ڕێكخراوی ناوبراو ڕای‌گەیاندوە كە سەرجەم "سكە" وەرگیراوەكان لە بانكی مەركەزی هەتا ساڵی ١٣٨٠، ١١٧٢٢ دانەن كە ٢٧٩١ "سكە" لەگەڵ ئەو ڕەقەمەی بانكی مەركەزی ڕای گەیاندوە، جیاوازییان هەیە. دیارە هەر روون نەبۆتەوە كە وەرگرانی خەڵات و دیاری‌یەكان چ حەقیقی و چ حقووقی، چ كەسانێك بوون. بەڵام لە دوو نۆبەدا، بە پێچەوانەی قانوون ٣٤٠ میلیۆن ڕیاڵ دراوە بە ڕۆژنامەی "جام جم" و ٦٤١ میلیۆن و ٦١٣ هەزار ریاڵیش دراوە بە شیركەتی" ئینتشاراتی سرووش". كەوا بوو ئاشكرایە ڕێكخراوی دەنگ و ڕەنگ نەك لە ڕاگەیاندنی ئامار و ڕەقەمەكان دا كەم وكووڕی و ناتەواویی هەیە، بەڵكوو جگە لە بەخشینی دیاری و خەڵات بە بەشە جۆراوجۆرەكان پوولێكی زۆریشی داوە بە شیركەت و بەشەكانی بەستراوە بە خۆی.

لە كۆتایی ڕاپۆرتەكە دا گوتراوە: بەو هۆیەوە كە ڕێكخراوی دەنگ‌و ڕەنگ لە بەدەستەوەدانی بەڵگەنامەو زانیاریی پێویست خۆی بواردوە و بۆ هەیئەت ڕێوشوێن‌و ئەركی دیاری كردوە و، هەروەها بە سەرنجدان بە لێكولینەوەكان و وەبەرچاوگرتنی ئەو زانیارییانەی لە دام‌و دەزگا و ناوەندە و دەوڵەتی‌یەكان وەدەستمان هێناون (ئەگەرچی زۆریش بەرتەسك بوون). هەروەها بە سەرنجدان بەو بەڵگە كەمانەش، پێشێلكاری و لادانێكی زۆر ڕوویان داوە. هەربۆیە داوا لە دەستەی سەرۆكایەتیی مەجلیس دەكەین بە گوێرەی ماددەی ٢٠١ ی ئایین نامەی نێوخۆیی مەجلیسی شوورا، لەباری قەزایی‌یەوە بەرپرسانی ڕێكخراوی ناوبراو لێكۆڵینەوەیان لەگەڵ دا بكرێ.

پێویستە بگوترێ پێوەندی‌یە گشتی‌یەكانی ڕێكخراوی ڕادیۆ تەلەویزیونی كۆماری ئیسلامی ڕۆژی شەممە ١٩ی بانەمەڕ لە پێوەندی لەگەڵ ڕاپۆرتی دەستەی لێكۆڵینەوەی مەجلیس دا، گوتی: ڕاپۆرتەكە نادروست و بە دوور لە پسپۆڕی‌یە. لەم ڕاگەیاندراوەی پێوەندی‌یە گشتی‌یەكانی دەنگ و ڕەنگ دا، دەستەی لێكولێنەوەی مەجلیس بەوە تاوانبار كراوە كە بە پێچەوانەی پەسند كراوی مەجلیس وەدوای ئەو شتانە كەوتوە كە ئەركی قانوونیی ئەو هەیئەتە نەبوون.

❋ ❋ ❋

# بزووتنەوەی کورد، قۆناغێکی نوێ‌و چارەنووسساز

عیرفان ڕەهنموون

پرۆسەی جیهانگیری، وەك دیاردەیەکی ئابووری، سیاسی، تیکنۆلۆژیکی‌و فەرهەنگی، سەرجەم مرۆڤایەتی گوێزاوەتەوە بۆ قۆناغو سەردەمێکی مێژوویی نوێ. وەها پرۆسەیەکی بەربڵاوو فرەڕەهەند، جیا لە فاکتۆرە تێکنۆلۆژیکی‌و فەرهەنگی‌و ئابووری‌یەکان، هەموو پێوەندی‌یە سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌یەکانیشی گرتۆتەوەو لە ئاستی جیاجیادا گاریگەریی خۆی لە سەر هەموو نەتەوەکان داناوەو ئەم پرۆسەیە بەرەوە ئەوە هەنگاو دەنێ کە جیهان بە پێی میکانیزمێکی نوێ ـ کە تا ئێستا وێنەی نەبوە ـ ڕێك بخاتەوە. ئەم دیاردە نوێیە بەو وزە زۆرو زەوەندەی کە لە هەناویدا هەڵی گرتوە، تەواوی وڵاتانی جیهان‌و هەموو فەرهەنگە جیاوازەکان بە یەکەوە دەبەستێتەوە.

ئەم قۆناغە نوێیەی مێژووی مرۆڤایەتی لە ڕووی سیاسی‌یەوە، دامەزرانی کۆمەڵگاگەلێکی ئازادو دێموکراتیك دەکاتە یەکێك لە پێداویستی‌یە گرنگەکانی خۆی. واتە لە هەر وڵاتێکدا ڕێگا بۆ شێوەو سیستمی گونجاوی دەسەڵاتدارەتیی خۆش دەکا. لەم ڕەوتەدا، دەوڵەتە نەتەوەیی‌یە کلاسیکەکان توانای کۆنترۆڵکردن‌و چاوەدێرییان بەم شێوەیە نامێنێ‌و بەرەو لاوازی‌و پووکانەوە دەڕۆن. بەم مانایە "سەرداریی نەتەوەیی" بەو مانایەی کە تا ئێستا لە سیاسەتی نێونەتەوەیی‌دا ناسراوە، نێوەرۆکی خۆی لە دەست دەدا. پێ‌بەپێی ئەم لاواز بوونەی "سەرداریی نەتەوەیی"، دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی لە هەموو جیهاندا بەرەو کزی‌و "ناناوەندیبوون" هەنگاو دەنێ‌و سیستمی "فرەناوەندی" جێگای سیستمی ناوەندی دەگرێتەوە.

لەم جیهانە نوێیەدا، تەنیا دەوڵەتە نەتەوەیی‌یەکان بە پارێزەرو هاوپەیمانی زلهێزەکان لە قەڵەم نادرێن، بەڵکوو بە هۆی لاوازبوونی "سەرداریی نەتەوەیی"ی دەوڵەت ـ نەتەوەکان‌و بە جیهانی بوونی پێوەندی‌و بەرژەوەندی‌یەکان، بوار بۆ هەندێ لە نەتەوە بێ‌دەوڵەتەکانیش دەڕەخسێ کە بتوانن ببنە پارامیترێکی کاریگەری ئاشتی‌و ئارامی لە ئاستی ناوچەیی‌و جیهانی‌دا.

بەرچاوترین‌و عەینی‌ترین فاکت بۆ ئەو شیکاریی‌یەی سەرەوە، ڕۆڵی کوردەکانی عێراق‌و بزووتنەوەی کورد لەو بەشەی کوردستاندا بوو لە هەرەس پێ‌هێنانی ڕێژیمی بەعس لە عێراق‌داو لەوەش گرنگتر، ڕۆڵی یەکلایی‌کەرەوەی بزووتنەوەی کورد لە سەقامگیرکردنی ئاشتی‌و ڕێکخستنەوەی دەسەڵاتی سیاسی لە عێراقی نوێ‌دا، دەبێتە ئەزموونێکی نوێ کە تا ئێستا کەم وێنە بووە.

لە ژێر تیشکی ئەم ئەزموونە نوێیەدا، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە نەتەوەی کوردو هێزە سیاسی‌یە پێشڕەو و پێشکەوتنخوازەکانی گەیشتونەتە ئەو ئاستەی کە بتوانن لەم بارودۆخە نوێیەدا هاوپەیمانانی خۆیان بدۆزنەوە کە بریتین لەو ناوەندە کاریگەرانەی هێز کە بە لە بەرچاو گرتنی بەرژەوەندە سیاسی‌یەکانی خۆیان، بەرژەوەندی‌یە نەتەوەیی‌یەکانی نەتەوەی کوردیش ناخەنە پشت گوێ.

هەروەك هەموان دەزانن بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد (لە شێوازی حیزبی سیاسیی مۆدێرن‌دا) زیاتر لە دەورەیەکی زەمانی‌دا هاتە گۆڕەپانی چالاکیی سیاسی‌یەوە کە جیهان بە سەر دوو بلۆکی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات‌دا دابەش کرابوو. بزووتنەوەی کورد بە پێی نێوەرۆك‌و فۆرمی ئەوسای خۆیەوە، دەکەوتە بازنەی هێزی ڕۆژهەڵاتەوەو جەمسەری ڕۆژهەڵاتیش تەنیا بە پێی بەرژەوەندی‌یە ئابووری‌و سیاسی‌یەکانی خۆی مامەڵەی لەگەڵ بزووتنەوەی کورددا دەکردو لەم مامەڵە یەکلایەنەو نابەرامبەرەدا، ئەوەی زیانی لێ‌دەکەوت بزووتنەوەی کوردو بەرژەوەندی‌یە ڕەواکانی بوو. بەڵام لە دەیەی نەوەدی سەدەی بیستەمەوە، جیهان ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی بە خۆیەوە دی‌و پرۆسەی جیهانگیری لە هەزارەی سێهەم‌دا بە خێرایی‌یەکی سەرسوڕ هێنەرەوە ڕەوڕەوەی مێژووی وەجووڵە خست. ئەم ئاڵوگۆڕە بنەڕەتییانە بوونە هۆی ئەوە کە بزووتنەوەی کورد لە نێو تەمومژی بەرژەوەندی‌و پێوەندی‌یە نێونەتەوەیی‌یەکاندا بێتە دەرێ‌و بتوانێ وەك پارامیترێکی کاریگەرو چارەنووسسازی ئاشتی‌و ئارامیی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست خۆی بسەلمێنێ.

شتێك کە لەم پێوەندی‌یەدا جێگای داخە ئەوەیە کە هەندێ هێزو لایەن کە خۆیان بە ئازادیخوازو پێشکەوتنخواز دەزانن، دوای هەرەسهێنانی ڕێژیمی بەعس، بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی عێراق بە جۆرێك تاوانبار دەکەن کە گۆیا خزاوەتە باوەشی ئەمریکاوە ئەوەوەو بۆتە مەقاشی دەستی هێزێکی لاوەکی بۆ پیادەکردنی سیاسەتەکانیان!!!

سەیر ئەوەیە هەر ئەو هێزو لایەنانە تا ئێستاو لە بێ‌دەسەڵاتیش‌داو تەنانەت لە سەر کاغەزیش دانیان بە مافی ڕەوای گەلی چەندین میلیۆنیی کورددا نەناوە کە بە شایەتی مێژوو ـ ئەگەر نەڵێین دێرین‌ترین‌و ریشەدارترین ـ بە دڵنیایی‌یەوە دەتوانین بڵێین یەکێك لە دێرین‌ترین‌و ریشەدارترین نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە.

هەموو ئەو هێزو لایەنانە بە جێیە کە بزانن، بزووتنەوەی میللی ـ دێموکراتیکی گەلی کوردیش لە چوارچێوەی ئامانجە بەرزەکان‌و بەرژەوەندی‌یە ڕەواکانی خۆی‌دا دەستی هاوکاری بۆ هەر هێزێك درێژ دەکا یا دەچێتە ناو هەر هاوکێشەیەکی سیاسی‌یەوەو ئەوەندە ئەزموونیشی کۆکردۆتەوە کە بتوانێ دڵسۆزی‌و فرمێسکی حەرام لە یەك جیا بکاتەوە.

نەتەوەی کوردو ئەو هێزە سیاسییانەی کە بە نوێنەرایەتی ئەو نەتەوەیەوە ڕێبەرایەتیی ئامانجە بەرزەکانی کورد دەکەن، لەوە وشیارترن کە سەر لە هاوکێشە سیاسی‌یەکان دەرنەکەن‌و هەر هێزو لایەنێك کە دەیەوێ متمانەی نەتەوەی کوردو بزووتنەوە ڕەواکەی بە دەست بێنێ، پێویستە لە کردەوەدا پشتیوانی لە مافو ئازادی‌یەکانی گەلی کورد بکاو سەرەتا نیاز پاکیی خۆی بسەلمێنێ.

بزووتنەوەی میللی ـ دیموکراتیکی نەتەوەی کورد کە لە ماهییەتی خۆی‌دا بزووتنەوەیەکی دێموکراسیخوازو ئاشتیخوازە، دابینبوونی مافو ئازادی‌یە ڕەواو پێشێلکراوەکانی دەتوانێ ببێتە پارامیترێکی بنەڕەتیی ئاشتی‌و پێکەوە ژیانی ئازادی گەلان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستداو بە پێچەوانەشەوە، پشتگوێخرانی مافەکانیشی دەبێتە هۆی قووڵتر بوونەوەی قەیرانەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌و ئاشتی‌و سەقامگیریی ناوچەکە زیاتر بەرەو بشێوی‌و ئاڵۆزی دەبا.

❊ ❊ ❊


# میراتی فەرهەنگیی کوردستان لە کام موزەدا دەپارێزرێ؟

ع. بداغی

میراتی فەرهەنگی هەر نەتەوەیەك پێناسەی نەتەوایەتی‌و ڕەسەنایەتیی مێژوویی ئەو نەتەوەیەن. هەر بۆیە هەموو نەتەوەکان بە چاوی ڕێزەوە دەڕواننە میراتە فەرهەنگی‌یەکانی خۆیان‌و دەوڵەتەکانیش بۆ پاراستنیان‌و نوژەنکردنەوەیان هەنگاو هەڵدەهێننەوەو بوودجەو ئیمکاناتی تایبەتیان بۆ تەرخان دەکەن. هەروەها لە هێندێك وڵاتانی جیهاندا مووزەکان وەك یەکێك لە سەرچاوە بنەڕەتی‌یەکانی داهاتی گشتیی ئەو وڵاتە دەژمێردرێن.* بۆ گرنگیدان‌و ڕێزگرتن لەو بایەخانەیە کە ڕۆژی ٢٨ی بانەمەڕ، وەك ڕۆژی جیهانیی میراتی فەرهەنگی دیاری کراوە.

میراتی فەرهەنگی هەر نەتەوەیەك بیرو ئەندێشەو ئاکارو کردەوەی ئەو نەتەوەیە دەسەلمێنن‌و بە بەشێك لە بوون‌و زیندووبوونی ئەو نەتەوەیە دادەندرێ یان بە واتایەکی‌تر میراتی فەرهەنگی بریتی‌یە لە کۆی ئەو بیرەوەری‌و ئاڵقانەی ڕابردووی نەتەوەیەك کە بە ئێستاو داهاتووی ئەو نەتەوەیە دەبەستنەوەو دەبنە قەڵایەکی قایم‌و بەهێزی ئەو داهێنانە مەعنەوی‌و ماددیانە بۆ پاراستنی پێناسەی فەرهەنگی‌و مێژوویی ئەو نەتەوەیە.

میراتی فەرهەنگیی نەتەوەیەك تەنیا شوێنەوارە مێژوویی‌یەکان، کەلوپەلە کۆنەکان، کۆی بەرهەمە هونەری‌یەکان‌و بە گشتی شوێنەوارە کۆنینەکانی ئەو نەتەوەیە نین، بەڵکوو هەرشتێك کە لە ڕابردووی ئەو نەتەوەیەوە بدوێ‌و تاکەکانی ئەو نەتەوەیە خۆیان‌و پێناسەی نەتەوایەتیی خۆیانی تێ‌دا ببیننەوە، بە میراتی فەرهەنگیی ئەو نەتەوەیە دادەنرێ، هەروەها میراتی فەرهەنگی هەر نەتەوەیەك تایبەت بە خۆیەتی‌و هەڵقولاوی تایبەتمەندی‌یە دێموگرافی‌یەکان، نوێنگەی ویست‌و خواستەکان، هەست‌و خۆشی‌و خەمە هاوبەشەکان‌و ڕەگەزە مێژوویی‌یەکانی ئەو نەتەوەیەن‌و هەر ئەو تایبەتمەندییانەشن کە پێناسەیەکی سەربەخۆو جیاواز لە نەتەوەکانی دیکەی پێ‌دەبەخشن.



قەڵای سەرداری بۆکان پێش کاولکاری

میراتی فەرهەنگی تەنیا وەك ژیانی پێشینیان‌و هۆکارێك بۆ شانازی پێوەکردن‌و بە خۆدا هەڵ گوتن سەیر ناکرێ، بەڵکوو ئەو میراتە نەخشی داینەمۆی ڕەوتی بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگا دەگێڕێ.

ئەوڕۆکە گرینگیی میراتی فەرهەنگیی نەتەوەکان لە بنیاتنانی داهاتوویەکی ڕوون‌و پڕشنگدارانەیان‌دا وای کردوە کە بە پەرۆشەوە لە هەوڵی پاراستنی ئاسەوارو کەلوپەلە مێژوویی‌یەکانی خۆیان دابن. ئەوەندە بایەخیان پێ‌بدرێ کە ڕێکخراوە نێونەتەوەیی‌یەکان‌و یەك لەوان "یۆنیسکۆ" بەرنامەو پلانی تایبەت‌و درێژخایەنیان بۆ دارێژی‌و بە کردەوە لەو پێناوەدا هەنگاو هەڵ بگرێ.

وڵاتی ئێران یەکێك لە ٧ وڵاتانی کۆنی دنیایە. ڕابردووی چەند هەزارساڵەی شارستانەتی‌و دەسەڵاتی ئیمپراتۆرە زلهێزەکان لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژوو لە ئێران‌دا میراتێکی فەرهەنگیی پڕ بایەخی بۆ ئێرانی‌یەکان بە جێ‌هێشتوە. بەڵام ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە بەستراوە بە ئیدئۆلۆژی‌یەکی چەقبەستووی تایبەتەوە، بە چاوی سووك دەڕوانێتە ئەو میراتە فەرهەنگی‌یەو بە گوێنەدان بە ڕابردووی پڕبایەخی ئەو ئاسەوارو کەلوپەلانە، لە لایەك بە مەبەستی سڕینەوەی پێناسەی مێژوویی‌و نەتەوەیی گەلانی ئێران‌و لە لایەکی دیکەشەوە کاربەدەستانی ئەو ڕێژیمە بۆ ئاخنینی گیرفانەکانیان ساتوسەودای پێوە دەکەن. بۆیە دەبینین کە ئەوڕۆ مووزە بەناوبانگەکانی جیهان بە ئاسەوارو کەلوپەلە مێژوویی‌و پڕبایەخەکانی گەلانی ئێران ڕازاونەتەوە.

قاچاغی شوێنەوارە مێژوویی‌و فەرهەنگی‌یەکان لە ئێرانەوە بۆ دەرەوە دەیان ڕایەڵکەو تۆڕی تایبەتی لی‌کەوتۆتەوە. گەرچی سەرهەڵدان‌و پەرەسەندنی ئەو دیاردەیە بۆ زۆر قەیرانی ئابووری‌و کۆمەڵایەتیی ئێران وەك بێکاری، هەژاری‌و دەستەنگی‌و هەروەها نەبوونی ڕۆشنبیری لە بارەی بایەخی ئەو شوێنەوارە مێژوویی‌یانەوە دەگەڕێتەوە، بەڵام کاتێك دەبینین سەرەڕای دامودەزگاو ڕێکخراوە گەلێکی وەك گومرك، میراتی فەرهەنگی‌و هێزە ئینتیزامی‌یەکان، ئەو دیاردەیە ڕۆژبەڕۆژ زیاتر پەرە دەستێنێ، ئەوکات بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو کارە مافیای دەسەڵات‌و ئیرادەی سیاسی لە پشتە. هەر ئێستا لە ئێراندا هەزاران مووزەی شاراوە ـ تەپۆڵکەکان ـ بە هۆی بە هی خۆنەزانین‌و بێگانەبوونی دەسەڵات لەو شوێنەوارانە لە لایەن مافیاکانی پشت ئەستوور بە ڕێژیمەوە دەدرێنەوەو بە تاڵان دەچن.

بە داخەوە، کوردستان لە چاو بەشەکانی دیکەی ئێراندا زیاتر لە هەموو شوێنێك کەوتۆتە بەر شاڵاوی ڕاوڕووت‌و بە تاڵان بردنی گەنجینە مێژوویی‌و ئاسەوارە فەرهەنگی‌یەکانی. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە هەموو هەوڵی ئەوە بووە تا کۆمەڵگای کوردەواری لە بایەخە فەرهەنگی‌و مێژوویی‌یەکانی شۆربێتەوەو ڕوانگەو بایەخە هاوەردەیی‌یەکانی خۆی بە زۆر بە سەر خەڵکی کوردستاندا بسەپێنێ‌و بە یەکجاری پێناسەی نەتەوایەتیی کوردەکان لەو بەشەی کوردستان‌دا بسڕێتەوە، هەر بە تاڵان بردنی ئاسەوارو کەلوپەلەمێژوویی‌یەکانی کوردستان نەوەستاوە، بەڵکوو هەتا ئەو جێیەی کە بۆی لواوەو پێی کراوە، شوێنەوارە مێژوویی‌و فەرهەنگی‌یەکانی کوردستانی دوای دانەوەو تاڵانکردنیان خاپوور کردوەو تەنانەت هێندێك شوێنی مێژوویی کوردستانی کردۆتە مۆڵگەی هێزەکانی، بۆوەی بە خەیاڵێکی ئاسوودەتر بیان ڕوتێنێتەوە.**

بۆ وێنە دەبینین لە "قەڵایچی"ی بۆکان کە سەردەمێك ناوەندی دەسەڵاتی مانایی‌یەکان بووەو یان قەڵا شکۆدارەکەی سەردار، تەنیا تەپۆڵکەیەکی ڕووتاوەو کەلاوەیەکی بە جێ‌هێشتوە. ئەو کارە لە زۆر شوێنی کوردستان‌و بەرامبەر بە زۆربەی شوێنەوارە مێژوویی‌یەکان لە لایەن ڕێژیمەوە بەڕێوە چووە. میراتی فەرهەنگیی ئێمە کە پێناسە، نوێنگەو یادگاری ڕابردووی ئێمەیە، ئێستا لەگەڵ مەترسیی لە ناوچوون بەرەوڕوو بۆتەوە. ئەرکی سەرشانی هەموو حیزب‌و لایەنە سیاسی‌یەکان، ڕۆشنبیران‌و هاونیشتمانانی دڵسۆزە کە بۆ پاراستنی فەرهەنگو مێژووی نەتەوەییمان هەوڵ بدەن‌و تێ‌بکۆشن تا میراتی فەرهەنگیی نەتەوەکەمان بە هەمووان بناسێنین.

ڕابردووی نەتەوەیی‌و فەرهەنگی نەتەوەیی‌مان هی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگاکەمان‌و وەچەی داهاتووی نەتەوەکەمانە. هەر بۆیە پاراستن‌و نووژەنکردنەوەو گەڕاندنەوەیان هێمای زیندوو بوون‌و مانەوەی ئێمەیەو ئەرکی سەرشانمانە کە پیلانەکانی ڕێژیم‌و کاربەدەستە پایەبەرزەکانی کە بە ئاشکرا دەستیان لە دانەوەی شوێنە مێژوویی‌یەکانی کوردستان‌و بە تاڵان بردنی ئەو ئاسەوارانەدا هەیە، لە قاو بدەین.

❊❊❊

* لە وڵاتێکی بچووکی وەك هۆڵەنددا زیاتر لە ٤٠٠ مووزە هەیە، بەڵام لە ئێرانی باستانی‌دا تەنیا ٤٢ مووزە هەیە.

** مەبەست قەڵای سەردار لە شاری بۆکانە

# لە ١٩ ساڵەی شەهیدبوونی

# هاوڕێ"عەبدوڵڵا بەهرامی"دا




لە مێژووی خەباتی ڕەوای گەلانی بن دەستو چەوساوە بۆ گەیشتن بە ئازادیو وەدیهێنانی سەرەتاییترین مافە نەتەوایەتیو ئینسانییەکاندا، کەم نین ئەو رۆڵە فیداکارو گیان بەخت کردوانەی وەك پێشەنگو رێ نیشاندەری خەباتو تێکۆشان، ئالای نەسرەوتن تا سەرکەوتنیان بەرز کردۆتەوەو سەرەنجام لەو رێگا پیرۆزەشرا یان بە ئاشتی، ئازادیو عەدالەت گەیشتوون، یان سەربەرزانەو بەروو سووریەوە گیانی شیرینیان بە بارەگای پیرۆزی ئازادی بەخشیوە.

هەرچی رەورەوەی مێژووی مرۆڤایەتیو شارستانییەتیش بەرەو پێشکەوتن هەنگاو هەڵێنێتەوە، گەلە چەوساوەکانیش لە سەر خەبات بۆ رزگاریو ئازادی سوورترو مکۆمتر دەبن.

گەلی کوردیش، وەك گەلێکی خاوەن فەرهەنگو شارستانییەتی چەند هەزار ساڵە کە تا ئێستاش لە سەرەتاییترین مافو ئازادییەکانی بێبەش کراوە، بۆ دەرباز بوون لە بن دەستیو نەهامەتی، رێگای پیرۆزی خەبات و بەربەرەکانێی هەڵ بژاردوەو لەم پێناوەشدا تووشی گەلێك هەورازو نشێوو کۆسپو تەگەرە هاتوەو زۆر جاریش کراوەتە قۆچی قوربانیی قازانجو بەرژەوەندیی هێزە باڵادەستەکانی دیکەی جیهانو ناوچەکە، بەم حاڵەش، رۆڵە قارەمانەکانی ئەم گەلە بەردەوامو بە پێی هەلومەرجی زەمانیو مەکانیو، لە شێوازە جۆر بە جۆرەکانی خەبات، کەڵکیان وەرگرتوە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش وەك ئاڵاهەڵگرو رێبەری لێوەشاوەی گەلی کورد لە کوردستان ئێرانداو لە بەربەرەکانێ لەگەڵ رێژیمە سەرەڕۆو دیکتاتۆرەکانی پاشایەتیو کۆماری ئیسلامیدا، ئەندامانی بەوەجی رێبەرایەتیو کادرو پێشمەرگە بەئەمەگەکانی خۆی لە ریزی هەرە پێشەوەی ئەم خەباتە رەوایەدا سازمان داوەو بەتایبەتیش لە قۆناغی سەختو دژواری خەباتو سەرکوتی بێبەزییانەی دوژمناندا کە خاکی پیرۆزی کوردستانیان کردۆتە پادگانێکی نیزامیی گەورەو لە قەتڵو کوشتارو قەڵاچۆی رۆڵەکانی کورد دەستیان نەپاراستوە، کەم نەبوون کادرەکانی رێبەرایەتیی حیزب کە شان بە شانی کادرو پێشمەرگەکانی دیکە لە ئاستی خوارەوە تردا، لە سەنگەری دیفاع لە ئازادیدا، تا دوا هەناسەی ژیانی پڕ لە سەروەریو شانازییان، بۆ ساتە وەختێك هەدایان نەداو قورسو قایم لە بەرامبەر کۆنەپەرستیو دیکتاتۆریدا راوەستان.

یەکێك لەو رۆڵە ئازاو بەجەرگانەی گەلی کوردو یەکێك لەو رووناکبیرە پێگەیشتووو تێگەیشتووانەی کوردستان، کە ئێشو ئازارەکانی گەلی بە هەموو وجوودی هەست پێ کردبوو، "کاك عەبدوڵڵای بەهرامی" شەهیدی هەرگیز لە بیر نەکراوەی دێموکرات لە ناوچەی "پاوە"یە. "کاك عەبدوڵڵا" لە ساڵی ١٣٢٨ی هەتاویدا لە داوێنی بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەرو رۆشنبیردا چاوی گەشی بۆ ژیان کردەوە. قۆناغەکانی خوێندنی تا ٣ی دەبیرستان (دواناوەندی) لە زێدەکەی خۆی بە سەرکەوتوویی تێپەر کردو بە هۆی نەبوونی ئیمکاناتو هەلومەرجی خوێندنی بەرزتر لە شاری پاوە، کاك عەبدوڵڵا بۆ درێژەدان بە خوێندن رووی لە شاری "کرماشان" کردو توانی لە دانشسرای کشاوزری (کشتوکاڵ) دیپلۆم وەرگرێ، کە بەهۆی زیرەکیو لێهاتوویییەوە جێگای رێزو خۆشەویستیی مامۆستایانو هاوکلاسییەکانی بوو. جێی خۆیەتی پەنجە بۆ ئەو راستییە راکێشین کە لە ئەرکی قورسی پێگەیاندنی کاك عەبدوڵلادا، باوکی ناوبراو بە ناوی "مام رۆستەم" نەخشێکی گرینگو سەرەکی هەبوو، کە بۆ خۆشی وەك کەسایەتییەکی کوردپەروەر، بەئیمانو گەشبین لە نێو خەڵکی پاوەو دەوروبەردا دەناسراو هەموو کەس رێزو حورمەتیان دەگرت. مام رۆستەم لە هەر رێگایەکەوە بۆی کرابا، لەگەڵ زوڵمو زۆری نیزامی دەرەبەگایەتیو ئەرتەشو ژاندارمی رێژیمی پاشایەتیدا بەربەرکانێی دەکردو بەو تایبەتمەندییە بەرزانەوە دەناسرایەوەو لە نێو خەڵکدا بەهۆی هاوکاری لەگەڵ کۆمەڵەی "ژ ـ کاف" تەنیا کەسێکی شاری پاوە بوو کە چوار کوڕی لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتدا خەباتیان دەکردو بەردەوام بە سەرکەوتنی خەباتی حەقوازانەی گەلەکەمان دڵگەرمو هیواداری دەکردن، کە دیارە کاك عەبدوڵڵای شەهیدیش، خووو رەوشتی بەرزی شۆڕشگێڕیو لە خۆبردوویی لە مام رۆستەمی بابیەوە بۆ مابۆوە، بە چەشنێك، هەر لە تەمەنی مێرمنداڵییەوە کۆمەڵێك هەڵسوکەوتی ژیرانەو نەجیبانەی تێدا بەدی دەکرانو هەرچەند تەمەنی دەچووە سەرو چاکتر خۆی دەناسی، هێمنترو خەڵکیتر لەگەڵ خەڵکدا بەرەوڕوو دەبۆوە.

هەرچەند لەو سەردەمەدا هەڵگرتنو خوێندنەوەی کتێبو نووسراوەی کوردی ـ بەتایبەتیش ئەگەر تۆسقاڵێك بۆنی کوردایەتیو



**شەهید عەبدوڵڵا بەهرامیو شاناز نەقشبەندیی هاوسەری**

نیشتمانپەروەرییان لێ هاتبا ـ تاوانێکی نەبەخشراو بوو، بەڵام "شەهید عەبدوڵڵا" بەردەوام لەم چەشنە کتێبو نووسراوانەی دەخوێندنەوەو تێکەڵ بە دنیای شێعرو ئەدەبیاتی رەسەنی کورد ببوو. کە لە راستیدا هەر ئەوانەشو کۆمەڵێك هۆکاری دیکەش ـ کە ئاماژەمان پێکردوون ـ بوونە هەوێنی جوامێریو خەباتگێڕی لە زەینو مێشکی ئەم لاوە تازە پێگەیشتوەی وڵاتەکەماندا. بۆیە خەڵکی شاری پاوە تا ئێستاش نەترسیو هەڵوێستی بوێرانەی عەبدڵڵای بەهرامی دژی زەبروزەنگی پۆلیسو ژاندارمەکانی پاشایەتی بە نموونە دێننەوە.

لەگەڵ تەقینەوەی رقو قینی پەنگخواردووی گەلانی ئێران لە دژی رێژیمی حەمە رەزا شای پەهلەوی لە ساڵی ١٣٥٧داو وەڕێ کەوتنی شەپۆلی خۆپێشاندانە جەماوەرییەکان، کاك عەبدوڵڵا یەکێك لەو لاوە خوێنگەرمانەی پاوە بوو کە نەخشێکی سەرەکییان لە رێکخستنی خۆپێشاندەراندا هەبووو لە ریزی هەرە پێشەوەدا دژی سەرەڕۆیی پاشایەتی دروشمیان دەدا. ئەوان پێوەندییان لەگەڵ شارو ناوچەکانی دیکەش وەك کرماشانو . . . دامەزراندبووو بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی گرینگی رێکخستنو هاندانی خەڵکی راپەڕیو تا سەرکەوتنی یەکجارەکی، ماندوویی نەناسانە هەوڵیان دا. لەگەڵ ئەوەشدا، زۆر جار ئەم رستەیەی دەگوتەوە کە **"ئەرکی ئێمە بە ڕووخاندنی رێژیمی پاشایەتی کۆتایی نایە، بەڵکوو ئێمە ئەرکی گرینگی دیکەمان لە سەر شانە، ئەویش لابردنی ستەمی نەتەوایەتی لە سەر گەلی کوردو گەیشتنمان بە ئاواتو ئامانجە لەمێژینەکانمانە."** هەر لەو روانگەیەشەوە بوو کە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی رێبەندانی ٥٧و راگەیاندرانی خەباتی ئاشکرای حیزب لە ١١ی رەشەمەی ئەو ساڵەدا، کاك عەبدوڵڵاش وێرای چەند هاوڕێی دیکەی، بە پەلە خۆیان گەیاندە پێتەختی کۆمارە جوانەمەرگەکەی کوردستانو پێوەندیی تەشکیلاتییان بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە گرتو لە یەکەم میتینگی گەورەی شاری مەهابادا بەشدارییان کرد. هەستی نیشتمانپەروەریو وەئەستۆ گرتنی بەرپرسایەتی لە پێناو گەلی کوردو حیزبی دێموکراتدا وای کرد کە ببێتە دامەزرێنەری رێکخراوی حیزبی دێموکرات لە شاری پاوەو ناوچەی هەورامانو لەو کارەشدا وێرای هاوڕێیانی دیکەی کە ئەوانیش لە نێو خەڵکدا ناسراوو جێگای باوەڕو متمانە بوون، مەردانە قۆڵی هیممەتیان لێ هەڵماڵیو کۆمیتەی حیزبی دێموکرات لە شاری "پاوە"یان دامەزراندو کاك عەبدوڵڵاش وەك یەکێك لە بەڕێوەبەرانی ئەو کۆمیتەیە، لە بەڕێوەبردنی کاروباری تەشکیلاتیی حیزبی دێموکراتو گەشەکردنی رێکخراوەکە لە ناوچەکەدا، نەخشێکی دیارو بەرچاوی هەبوو.

لە جەرەیانی پیلانگێڕیی دوژمنانو سازبوونی شەڕی پاوەدا، کاك عەبدوڵڵا بۆ پێشگیری لە ئاژاوەو بە فێڕۆچوونی هەوڵو تێکۆشانی رۆڵەکانی گەل، هەوڵی زۆری دا، بەڵام لەوەڕا کە ئاخوندە کۆنەپەرستو دژی گەلییەکانی تارانو قوڵە چۆماخەکانیان، هەر لەجێدا دژی بچووکترین مافو ئازادیی گەلی کورد بوون، بە فێڵو تەڵەکەو بزواندنی هەستی مەزهەبیی خەڵکەکەو لکاندنی ناوو ناتۆرەی جۆراوجۆر بە حیزبی دێموکراتو خەباتکارانی گەلی کوردەوە، ئەوەی نەدەبا بکرێ، کراو شەڕی داسەپاو بە سەر گەلەکەماندا رۆژ بە رۆژ زیاتر تەشەنەی دەکرد. لەگەڵ ئەوەی عەبدوڵڵای بەهرامی تا ئەو دەم لە خەباتی چەکداریو کاروباری نیزامییدا بەشداریی نەکردبوو، بەڵام لە سۆنگەی ئەو ئیمانە پتەوەوە کە بە رێبازو سیاسەتەکانی حیزبەکەی هەیبوو، وەك بەرپرسێكو پێشمەرگەیەکی ئازاو دلێر، لەگەڵ هاوڕێو هافیکرانیدا، رێگای بەربەرکانێی چەکدارانەو ئاشکرایان دژی رێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامی هەڵبژارد.

کاك عەبدوڵڵا ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی وەك ئەندامی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتو بە مەئمووریەتی حیزبی، بۆ ماوەی چەند مانگ بەرپرسایەتیی کۆمیتەی شارستانی "شنۆ"ی وەئەستۆ گرت. ساڵی ١٣٦٠و لە پێنجەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکرتدا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراو لە جنووبی کوردستان، ئەندامەتیی ناوەندی "ئاژوان"و بەرپرسایەتیی کۆمیتەی شارستانی "مەریوان"ی پێسپێردرا.

جنووبی کوردستان لەو سەردەمە ئاستەمەدا، خاڵی سەرەکیی هێرشی نیزامیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکەو بارەگاکانی هێزی پێشمەرگە بوو. هەربۆیە وەرگرتنی مەسئوولیەتی سیاسیو نیزامیی لەو هەلومەرجە ناسکەدا، کەسایەتیی بەرزو جێگای رێزی کاك عەبدوڵلامان باشتر بۆ دەردەخا. تێکەڵاویی لەگەڵ خەڵکی ئەو ناوچانەی کە خزمەتی تێدا دەکردنو ناسینو هەست کردن بە ئێشو ئازارەکانی ئەو خەڵکە زوڵم لێکراوە، خاڵی بەهێزی ئەم هاوڕێ شەهیدەمان بوون کە سەرنجی خەڵکیان بۆ لای ئەو رادەکێشا.

کاك عەبدوڵڵا، جگە لەوەی کە لە مەیدانی سیاسیو ئیدارە کردنی کاروباری تەشکیلاتیدا شارەزاو بە بەرنامە بوو. لە زۆربەی شەڕو عەمەلیاتەکانی هێزی پێشمەرگەدا، وەك فەرماندەرو بەڕێوەبەری عەمەلیات، کاری دەکردو ورەو هیواو هومێدی بە هاوسەنگەرانی دەبەخشی. ئازایەتیو لێوەشاوەیی هاوڕێ عەبدوڵڵا بەهرامی، سەرەنجام بوونە هۆی ئەوە کە لە کۆنگرەی شەشەمی حیزبەکەمان لە ساڵی ١٣٦٢ی هەتاویدا بۆ جارێکی دیکەش ببێتەوە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو لە دابەشکردنی بەرپرسایەتییەکاندا وێرای دوو هاوڕێی دیکەی بەڕێزان "کاك مستەفا هیجری"و "کاك باباعەلی مێهرپەروەر" وەك ئەندامانی بەڕێوەبەریی ناوەندی "ئاژوان" دیاری کرانو کرا بە بەرپرسی بەشی تەشکیلاتیی جنووبی کوردستانو ئەمەش، زۆر لە جێی خۆیدا بوو، چونکە ناوبراو ئینسانێکی خۆشناوو خۆش بەرخوردو خەڵکیی بوو.

کاتێك لەشکریانی خومەینیی دوژمن بە کوردو ئینسانیەت، هێرشێکی بەربڵاویان کردە سەر ناوچەکانی باشووری کوردستان، ئەو دەڤەرە یەك پارچە شەڕو بەربەرەکانێی خوێناویی پارتیزانە هەرگیز نەبەزیوەکانی حیزبی دێموکرات بوو.[1]

سەر لە بەیانی رۆژی ٢٩ی بانەمەڕی ١٣٦٣ی هەتاوی، هێزە دژی گەلییەکانو جاشو چڵکاوخۆرەکانیان، بنکەی ناوەندی ئاژوانیان لە هەموو لایەکەوە گەمارۆداو شەڕێکی توندوتیژو خوێناوی دەستی پێ کرد. کاك عەبدوڵڵا لە گەرمەی شەڕو تێکهەڵچوونەکەداو بۆ رزگار کردنو یارمەتیدانی کۆمەڵێك لە پێشمەرگەکان، پێشڕەوی دەکا، بەڵام بەداخەوە لە کەمینی هێزی دوژمن دەکەوێو وێڕای ٤ هاوڕێی دیکەی بە ناوەکانی سدیق ئەندام، ئەنوەر شیلانیان، محەممەد رامین، یەحیا محەممەدی دەکەونە بەر دەسرێژو تێکەڵ بە کاروانی دوورو درێژی شەهیدانی کوردستان دەبن. یادی هەمیشە زیندووو رێگای گەیشتن بە ئاواتەکانی پڕ رێبوار بێ.

کاك عەبدوڵڵا دوو رۆڵەی چاوگەشی بە ناوەکانی "هیوا"و "ماکوان" لە پاش بەجێ ماوە کە هیوا لە بەشی حقووقی سیاسی زانستگەی پێتەختی وڵاتی ئوتریش دەخوێنێو ئەندامی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵاتە.

جێگای خۆیەتی لێرەدا یادێکیش لە کاك فەرەیدوون بەهرامی برا چووکەکەی شەهید عەبدوڵڵا بکەینەوە کە لە دوای شەهید بوونی برا گەورەکەی، وەك ئەندامێکی تێکۆشەری حیزب لە نێوخۆی وڵات خزمەتی دەکردو لەو پێناوەدا چەندین ساڵ زیندانو ئەشکەنجەو ئازاری جەللادەکانی کۆماری ئیسلامی تەحەمول کرد، بەڵام بەداخەوە بە رووداوێکی دڵتەزێن، ماڵئاوایی یەکجاریی لێخواستین.


***

[1] ئەو کات بنکەی رێبەریی حیزب لە جنووبی کوردستان (ناوەندی ئاژوان) لە گوندی "نەرگسلە"ی دیواندەرە بوو.

# منو بیرەوەرییە تاڵەکەی بەهاری ١٣٦٣ی هەتاوی

## بەبۆنەی ١٩ ساڵەی شەهیدبوونی هاوڕێ "عەبدوڵڵا بەهرامی"یەوە

**کاوە بەهرامی**



جنووبی کوردستانی ئێران کە بریتییە لە ناوچەکانی سەقز، دیواندەرە، سنە، کامیاران، مەریوان، کرماشانو هەورامانو . . . هتد، لە ماوەی خەباتو بەربەرەکانێی قارەمانانەی گەلی کورد بە دژی ڕێژیمی سەرکوتکەرو ئینسانکوژی کۆماری ئیسلامی، هەمیشەو لە هەموو هەلومەرجێكدا یەکێك لە مەیدانەکانی قارەمانەتیو فیداکاریی کادرو پێشمەرگە تێکۆشەرو چاونەترسەکانی حیزبی دێموکرات لە بەرامبەر هێزە دژیگەلییەکانو چڵکاوخۆرانو بەکرێگیراوانی خۆفرۆش بووە. لەم ڕێگا پیرۆزەشدا بە حەق خەڵکی دێموکرات پەروەری باشووری کوردستانیش وەك هەموو ناوچەکانی دیکەی کوردستانی خۆڕاگرمان لە هیچ چەشنە گیانبازیو فیداکارییەكو لە بەخشینی گیانی ئازیزترین ڕۆڵەکانیان بە بارەگای ئازادیو بەختیاریی گەلو نیشتمان خۆیان نەبواردوە، کە لەم نێوەدا شەهیدی هەرگیز نەمری حیزبەکەمان شەهید "عەبدوڵڵا بەهرامی" لە ناوچەی "پاوە" بە نموونە دێنینەوە. لە بیرەوەری ١٩ ساڵەی پەیوەست بوونی بە کاروانی لە پسان نەهاتووی شەهیدانی سوورخەڵاتی گەلی کورد ناوو یادیان بەرزو پیرۆز ڕادەگرین.

لە ساڵانی سەرەتای دەیەی (٦٠)ی هەتاویدا کە شەڕو بەرگریی چەکدارانەی ڕۆڵەکانی گەل دژی هێزی کۆنەپەرستی ئاخووندی درێژەی هەبوو، ناوەندی "ئاژوان" ناوەندی بەڕێوبەری سیاسی ـ نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ناوچەی باشووری کوردستان بوو کە کاك "عەبدوڵڵا" لاوی قارەمانو نیشتمانپەروەری حیزبو گەل وەك ئەندامی کومیتەی ناوەندیو ئەندامی بەڕێوبەری ناوەندی "ئاژوان" خزمەتی دەکرد. لە بەهاری ساڵی ١٣٦٣ی هەتاویدا باشووری کوردستان ببوو بە مەیدانێکی گەورەی شەڕو بەرگریی قورسو خوێناوی کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات. زۆربەی حیزبو ڕێکخراوە ئێرانیو کوردستانییەکان کە تا ئەوکات لەو ناوچانەدا هەڵسووڕانیان هەبوو، پاشەکشەیان کرد، بەڵام ئەوە تێکۆشەرانی پشوودرێژو قورسو قایمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون کە وەك چیاکانی کوردستان لە سەر پێ ڕاوەستانو مەرگو نەمانو تێکشکانی یەك لە دوای یەکیان کرد بە گەرووی بەکرێگیراوانی ڕێژیمدا.

شەڕ تا دەهات توندو تیژترو خوێناویتر دەبوو، دوژمن ئیماکاناتی مادیو نیزامیی زیاتری بۆ تەرخان دەکردو زۆربەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خەڵك لە ئاڵقەی گەمارۆی ئابووریی ڕێژیم دابوونو خەڵکی هەژارو بێدەرەتانی ناوچەکە لە بواری دابینکردنی خواردنو کەلوپەلی سەرتاییی ژیانەوە کەوتنە تەنگانەوە، بەڵام هەموو ئەو وەزعە بۆ تەنیا جارێك ورەی ڕۆڵەکانی دێموکراتیان دانەبەزاندو بە هیواو هومێدێکی زۆرەوە دیفاعیان لە خەڵك دەکرد.

ئێوارەی ڕۆژی ١٣٦٣/٢/٢٨ کە ئەرکی پێڕاگەیشتن بە نەخۆشو برینداره‌کانی بەرەکانی شەڕی باشووری کوردستانی ئێرانم لە لایەن حیزبەوە پێئەسپێردرابوو، هەر بەو بۆنەشەوە لە ناوچەی سەقزو لە ئاوایی "هەرمێ دۆل"ی سەرشیوی سەقز جێگیر بووین، بریندارەکان ڕەوانەی لای ئێمە دەکران. زۆر پەرۆشو نیگەرانی وەزعی کادرو پێشمەرگەکانو لە نێو ئەوانیشدا بە تایبەتی زۆر لە بیری کاك عەبدوڵڵاو منداڵەکانیدا بووم.

لە ناوچەی "دیواندەرە" شەڕ بەردەوام بوو. داوام لە بەرپرسی کومیتە شارستانی سەقز کرد کە ئەگەر بکرێ بە بێسیم قسەی لەگەڵ بکەم، بەڵام دواتر وەڵامیان دامەوە کە ناوچەکە لە لایەن ڕێژیمەوە گەمارۆ دراوەو پەیوەندیمان پچڕاوە. لەشم بە تەواوی داگیرا، نیگەرانی دایگرتم. بیری ئەوکات کەوتمەوە کە بۆ دوایین جار واتە مانگێك پێشتر کە لە کۆنگرە گەڕابووەوەو منداڵەکانی لای من بوون. باسی وەزعی خۆیو هاوڕێکانی لە ناوچەی مەریوان، پێش ڕۆیشتنی بۆ کۆنگرەو گیروگرفتو مەترسییەکانی ئەوکاتی ناوچەی مەریوانی دەکرد کە چەندین جار گەمارۆ دراون. دەیگوت کاوە گیان، شتێك کە نەمدەویست بیلێم، بەڵام ئێستا خۆم پێڕاناگیرێو دەبێ بۆت باس بکەم، ئەوەیە کە لە ناوچەی مەریوان کەوتینە گەمارۆی هەمەلایەنەی هێزە نیزامییەکانی ڕێژیمەوە، لە ڕاستیدا لەو شەڕە بە زەحمەت ڕزگار بووین. لە جەنگەی شەڕو لێکدانەکەدا ئاواتم دەخواست ئێستا لەگەڵم بیو پشتمان بە پشتی یەکترەوە بێ. بۆ ساتێك لە قووڵایی دڵمەوە بە ئاواتەوە بووم پێکەوە بین. برا ئازیزەکەم! ئێستا دەبێ بڕۆم، بەڵام خۆزگە کارەکەمان جۆرێك هەڵکەوتبا کە پێکەوە باین. هەرچەند بۆخۆت دەزانی هەمیشە موخالیفی ئەوە بووم لە یەك ئۆرگانو مقەڕدا بین. ئێستاش ماڵئاواییت لێدەکەم. ئاگات لە خۆت بێ هەرچەند دەزانم زۆر وریای. لە کاتی جیابوونەوەو ماڵئاوایی یەکجاریو هەتاهەتاییدا یەکترمان لە ئامێز گرت. بەڵام ئەمجار ئەو توند لە باوەشی گرتمو ئیمانو هێزو توانایەکی تازەی پێبەخشیم. لەگەڵ "ماکوان" گیانو براژنم ملی ڕێگایان گرتو بە جێیان هێشتم. بۆ ساتێك دەڕوانمە دیمەنی کۆچی بێگەڕانەوەی برای گەورەو ڕێنوێنو ڕێپیشاندەرم، نەشم دەزانی کە ئیتر هەرگیز چاومان بە یەکتر ناکەوێتەوە . . . !

کە باسی پچڕانی پەیوەندیی بێسیمی کرا، من تازە بە هیوا نەبووم کە جارێکی دیکە چاوم بە دیتنی قەڵافەتی مەردانەی عەبدوڵڵا بکەوێتەوە. کۆتایی ڕۆژ بوو، بەردەوام چاوەڕێی گەیشتنی هەواڵی شەڕێك بووم کە لە لای ئەوان لە ناوچەی دیواندەرە هەروا درێژەی هەبوو. بۆ بیستنی هەواڵی براو تێکۆشەرانو هاوسەنگەرانم چاو لە ڕێگای کەسێك بووم. بەردەوامیش بریندارمان بۆ دەهات کە دەبا دەرمانمان کردبان. لەو کاتەدا بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی سەقز پەیدا بوو منیش برینداریێکم لە بەر دەست دابوو برینەکەم بۆ سارێژ کردەوە. زانیم هەواڵێکی پێیەو هەواڵەکەش بۆ منەو دیارە لە ڕیزی ئەو هەواڵە جەرگبڕانەیە کە لە بیستنیان دەترسام. بەڵام خۆم ڕاگرتو کارەکەم تەواو کرد. بۆ خۆم دەست پێشخەریم کردو پرسیارم کرد، چ خەبەرێکت بۆ هێناوم؟! چاوی پڕ بوو لە فرمێسكو وتی: چی بڵێم؟ نازانم چۆنی بڵێم. کاك عەبدوڵڵا شەهید بووە، بەڵام یەکجی قسەکەی گۆڕیو وتی: نا. . . نا . . . بریندارە. منیش وتم: ئەگەر بریندارە دەڕۆم فریای دەکەوم. لە وەڵامی قسەکەمدا وتی: ڕێگای هاتوچۆ بۆ ناوچەکە هێندێك ئاڵۆزە، شەڕ هەروا درێژەی هەیە، دەرناچی! منیش کە تا دەهات زۆرتر نیگەران دەبووم، وتم: ئامادەم لەو ڕێگایەدا گیانم فیدا بکەمو بچم بە هانایەوە. لە کۆتاییشدا کە زانی دەست هەڵگری داواکارییەکەم نابم وتی: براگیان مەچۆ چونکە چوونی تۆ بێفایدەیە، چونکە برینەکەی قورسەو پێموانیە فریای بکەوی. ئەوکات زانیم کە شەهید بووەو بۆ هەمیشە لە نیعمەتی برایەکی گەورە، ئامۆژگاریو ڕێنوێنییەکانی بێبەش دەمێنمەوە. بەڵام شانازی دەکەم کە درێژەدەرێکی سەربەرزانەی بوومو ئەوەندەی لە هێزو توانام دابووە ئامۆژگارییەکانی چرای ڕووناکیدەری کاری شەو ڕۆژانی سەردەمی حیزبایەتیم بووە. نۆزدە ساڵ بە سەر ئەو کارەساتە دڵتەزێنەدا تێدەپەڕێ، بەڵام بۆ ڕۆژێکیش لە پێش چاوم ون نابێو لە بیرو ناکرێ. چونکە هەم برامو هەم بڕبڕەی پشتم بوو هەم ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبو ڕێنوێنو ڕێپیشاندەرم.

***

# بنیاتی دەنگو ڕەنگی کۆماری ئیسلامی

## نیشانەیەك لە ڕواڵەتی ڕاستەقینەی ڕێژیم

**ئەیوب شەهابیڕاد**

ڕاگەیەنەکان چاوو گوێی خەڵکن، لە جیهانێکدا کە تێکنۆلۆژیی نوێ (بە دیجیتاڵی بوونی ڕاگەیەنەکان، بڵاو بوونەوەی کامپیوتێر، ئینتێرنێتو پەرەگرتنی لایەنە جیاجیاکانی پێوەندییە ماهوارەییەکانو ...) زانیاریو هەواڵ وەگەڕ دەخەن، خەڵك دەتوانن سەرچاوەی بە دەستهێنانی زانیاریی خۆیان هەڵبژێرن. بێشك پێش هەموو شتێك ئەو هەڵبژاردنە لە سەر بنچینەی متمانەیەك کە ڕاگەیەنەکان پێکی دێنن ڕاوەستاوە، هەر بەو پێیە بەرپرسانی وشیاری ڕاگەیەنەکانی هەواڵ، لە تەواوی هێزی خۆیان کەڵك وەردەگرن کە جێگەی متمانە بنو خۆیان بێلایەن ڕاگرن.

لە وڵاتانی پەرە گرتوودا بە هۆی بەشداریی بیروڕای گشتی لە دەرکردنی بڕیارە گرنگو گشتییەکاندا وەك شوێندانەرترین پارامێتری دیاریکردنی ڕێبازو سیاسەتەکانی نیزامە، هەر بۆیەش ئەو هەواڵو زانیارییانەی ڕاگەیەنەکان بڵاویان دەکەنەوە جیا لەوەی کاریگەرییان لە سەر بیروڕای گشتی دەبێ، شوێن لە سەر سەرچاوەکانی بڕیاردانیش دادەنێن. سیاسەتی دەوڵەتانی دێموکراتیكو خەڵکی لەو بوارەدا، بە هێز کردنی ڕوانینی دوو لایەنەو برەو پێدانی کەلتووری ڕەخنەگرانەو بردنە سەری ئاستی زانیاریو هۆشیاریی کۆمەڵگایە، هەر بۆیەش ڕۆڵی ڕاگەیەنەکان لە سەر بنەمای یەك ئیستراتیژی (یەکیەتیو ڕەخنە) زیاتر لە هەر زەمانەتێکی دیکە شوێندانەرتر دەبێ. بێگومان بۆ هەڵسەنگاندنی خاڵە بە هێزو لاوازەکانی ڕاگەیەنێکی وەك دەنگو ڕەنگی کۆماری ئیسلامی پێویستە ئەو سێ خاڵەی خوارەوە لەبەرچاو بگرین.

**باری کەلتووری:** ڕەچاو کردنی فۆرمە خۆماڵییەکانو بایەخەکانی کۆمەڵگای جیهانی.

**باری ئێستا:** تێگەیشتن لەگەڵ باری ئێستا بۆ دەرکردنی بڕیاری گونجاوو ئوسولی.

**باری ڕاگەیاندن:** ڕچاوکردنی جۆراوجۆریی بایەخدان، ئۆگریو سەلیقە جیا جیاکانیان. بەڵام وەزعییەت، کردەوەو ڕۆڵی بنیاتی دەنگو ڕەنگ لە کۆماری ئیسلامیداو هەروەها ئاستی لایەنگریو بایەخی فێرکارییو بەرنامەکانی ئەم بنیاتە لە نێو خەڵك لە نێو خۆو دەرەوەی وڵات دا پێوەندییەکی نزیکی بە ڕوانگە، ئامانج، سیاسەتو ڕێگاکانی ڕێژیم لە پێناو ئەو بنیاتەدا هەیە.

ڕێژیم هەر لە سەرەتای حاکمییەتی خۆیدا بە دامەزراندنی دەسەڵاتێکی ناوەندیی سەرەڕۆو توتالیتێر، هەموو بنیاتو ناوەندو ڕێکخراوە مەدەنیوحقووقییەکانی پاوان کردن. سیاسەتی سەرەکیی کۆماری ئیسلامی لە ڕێکخراوی دەنگوڕەنگ دا، برەو پێدانی تەبلیغاتی شوێندانەر لە سەر بیروڕای گشتی بە شێوەی یەك لایەنەو نا بەرپرسانە بووە، ناتەواو بووەو هەرگیز وێنەیەکی ڕوونو واقیعبینانەی لە قەیرانو ڕووداوو هەواڵەکانی نێوخۆو دەرەوە بڵاو نەکردۆتەوە.




ڕێژیم بە پاوانکردنو بەدەسکەلا کردنی دەنگو ڕەنگ نەیهێشتووە ئەو بنیاتە ڕەسالەتی واقیعیی خۆی بەجێ بگەیەنێ، بە ڕادەیەك کە بە هەڵسەنگاندنێکی گشتی ئەو بنیاتە بۆمان دەردەکەوێ کە نێوەرۆكو ڕوخساری بەرنامەکانی لە واقعییەتە کەلتووریو سەردەمانەو ئەرکی ڕاگەیەنەرانە زۆر دوور بوون. ڕێژیم بە داسەپاندنی جۆرێك لە کەلتوورو ئیدئۆلۆژیی تایبەتی خۆیو بانگەشە بۆ کردنی نەك هەر لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئێران دا بەڵکوو لە ڕێگەی وەگەڕ خستنی چەندین کەناڵی ماهوارەیی بە ڕواڵەت نەختێك ڕەنگینتر کە زیاتر لە جوان نیشاندانی ڕوخساری دزێوی دەچێ، ویستوویە تا ڕادەیەك ڕوخسارێکی ئەوڕۆیی یان پێبداو نەتەنیا ڕەسەنایەتیو کەلتوورو شارستانەتی واقیعیی خەڵکی بەشە جیا جیاکانی ئێرانی لە بیر بردۆتەوە، تەنانەت ململانێو دژایەتیشی کردوون. ئێستا کە زیاتر لە یەك دەیە بەسەر تەواو بوونی شەڕی عێراقو ئێران دا تێدەپەڕێ، دەنگو ڕەنگی کۆماری ئیسلامی بە نیشاندانو کلیپ کردنی وێنەکانی شەڕی ئەو کاتو سازدانی کەشوهەوایەکی پڕ لە ترس، دەیهەوێ بیری هەمیشەیی دوژمنی بیانیو ئەگەری هێرشی بێگانەکان بەهێز بکا.

بەخەیاڵی خۆی بەو شێوەیە هەستی شۆڕشگێڕیی، بەسیجیو گیانبازی لە نێو کۆمەلانی خەڵکی وڵاتەکەمانو بەتایبەت لاوانی پڕ لە هەست لە پێناو پێك هێنانی بەسیجی میلیۆنیو پاراستنو ناردنە دەرەوەی بەهاکانی شۆڕشو دیفاع لەو بەهایانە، زیندوو ڕاگرێ.

نێوەرۆکی مەزهەبیی ڕێژیم وای لێکردوە کە هەر لە سەرەتاوە بە مەبەستی بڵاو کردنەوەی ئەو چەشنە ڕێوڕەسمانە کاروباری مەزهەبی (بە تایبەت لە بۆنە تایبەتەکان دا) کەڵك لەو بنیاتە وەربگرێ. بە بێ لەبەرچاو گرتنی ئەو ڕاستییە کە دەنگو ڕەنگ بە هۆی زۆرییو بەربڵاویی ئەو جۆرە بەرنامانە نەك هەر نەیتوانیوە شوێن لە سەر بینەران دابنێو سەرنجیان بۆ لای ئەو بەرنامانە ڕاکێشێ، بەڵکوو بە هۆی زۆریی ئەو جۆرە بەرنامانەوەو بێبەشکردنی لاوانو مێرمنداڵان لە بینینی بەرنامەگەلی جۆراوجۆرو شاد، خەڵك لە هەرچی بەرنامەی بە ناو ڕێنوێنیکەری ئەو ڕێژیمەیە بێزار بوون. ئەڵبەت دەبێ ئەوەش بڵێین کە ڕێژیم بێ ئەوەی بایەخ بە ئایینە جۆراوجۆرەکانی دیکەی وڵات بداو ئیزنی تەبلیغو تێکۆشانی ڕەسمییان بداتێ، سەرەڕای بە ڕەسمی ناسینی مەزهەبی شیعە لە ئێران دا تەنانەت خەریکە لە ئاستی جیهانی دا بڵاوی دەکاتەوە.

یەکێك لەو لایەنانەی کە بنیاتی دەنگوڕەنگ لە بنیاتەکانی دیکەی وەك خۆی جیا دەکاتەوە، ئەوەیەکە دابینکردنی بوودجەی ئەو بنیاتە جیا لەو بوودجەیەی کە ڕەسمەن لەلایەن دەوڵەتەوە بۆی دیاری دەکرێ، لە سەرچاوەیەکی نەناسراوەوە دابین دەکرێ کە دەوڵەت نە ئاگای لێیەتیو نە چاوەدێریی ئەو سەرچاوەو داهاتانە دەکا. لە بەر ئەوەی ئەو بنیاتە لە ململانێیەکانی نێو حاکمییەت دا، بە ڕەسمی سەر بە قۆڵی توندڕەوی حاکمییەت بە ڕێبەرایەتیی خامنەییە، بەشێکی بەرچاو لە داهاتە نادیارو نەناسراوەکانی خەرجی بەربەرەکانی لەگەڵ قۆڵی بەرامبەرو ململانێیەکانی نێوخۆو دەرەوەی حاکمییەت دەکا. لە ڕاستیدا ئەو بنیاتە بە دەست تێوەردانی ڕاستەوخۆو لایەنگریی ئاشکرای خۆی لە بەشێك لە قۆڵەکانی گۆڕەپانی سیاسی وڵات، هەمیشە لە قۆناغە هەستیارو قەیرانییەکاندا، وەك هەڵبژاردن، دەربڕینی ناڕەزایەتیو ڕێپێوانە جەماوەرییەکان، بە تایبەت ئیعتراف وەرگرتن لە زیندانیانی سیاسی، بەفریای دەسەڵاتدارانی سەرەکیی نیزام گەیشتوونو وەك کۆسپێك لە بەرامبەر بەرژەوەندی میللی قوت بۆتەوە.

لە ئاکامدا دەتوانین کردەوەکانی دەنگوڕەنگی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی تەمەنیدا لە دوولایەنەوە هەڵسەنگێنین: یەکەم، ئەوە کە ئەو دەنگوڕەنگە لە ڕێکەوتی تەبلیغو بڵاوکردنەوەی ڕۆژانەو بەردەوامی ڕوانگەو سیاسەتە کۆنو دواکەوتووانەکانی کۆماری ئیسلامی، خەڵکی وڵاتەکەمانو جیهان بە گشتی بە تەواوی نێوەرۆکی واقیعیی خۆی ئاشنا دەکا، تا خەڵك بە پێی ئاگاهیی تەواوو بینینی ڕاستییەکان لە بارەی نێوەرۆکی واقیعیی ئەو ڕێژیمەوە ڕای خۆیان دەربڕن. وەزعییەتی ڕێژیم هەم لە قۆناغی ئێستای حاکمییەتی خۆیدا کە تەنیا ئیددیعای مەشرووعییەتە ئیلاهییەکەیەتی، کە ئەویشی هەڵقوڵاوی بیرو ئەندێشەی دواکەوتووانەیەتی، نموونەیەکی بەرچاو لە کارنامەی ئەو ڕێژیمەو بنیاتەکانیەتی.

دووهەم، ئەوە کە دەنگوڕەنگ بە بڵاو کردنەوەی سیاسەتو ئامانجە ئیدئۆلۆژیکیو دواکەوتووانەکانی، هەروەها چەواشە کردنی هەواڵەکانو ڕووداوو ڕاستییەکانی جیهان، یا بڵاونەکردنەوەیانو لە خوارەوە بوونی ئاستی بەرنامەکان لە باری ڕەنگاوڕەنگیو سەرنجڕاکێشییەوە، بە تایبەت بۆ توێژی لاو کە بەشی زۆری حەشیمەتی وڵات پێك دێنن، بۆتە هۆی بێزاریو دووریی خەڵك لە بەرنامەکانی ئەو بنیاتەو پەنا بردن بۆ ڕاگەیەنە بیانییەکانی وەك: ئینتێرنێتو ماهوارەو ڕادیۆ فارسییەکانی دەرەوەی وڵات، بە جۆرێك کە خەڵك ڕاگەیەنە بیانییەکانی وەك نیشانەی پێشکەوتنی تێکنۆلۆژیی پێوەندییەکانی سەردەم چاو لێ دەکەنو بەجۆرێك ڕوویان تێکردوون کە ڕێژیم سەرەڕای ئەوەی کە دژایەتییان دەکا بەڵام توانای ئەوەی نیە بە شێوەیەکی جیددی بەربەرەکانێیان لەگەڵدا بکا. *

# ئایا ئێران لە شەڕی هاوپەیمانان‌دا بێلایەن بوو؟

عومەربالەکی

شەڕی هاوپەیمانان بە دژی دەسەڵاتدارانی عێراق لە ماوەی ٢١ ڕۆژدا کۆتایی پێهات. لەو ماوەیەداو پێشتریش ئێران ڕایگەیاندبوو کە لەو شەڕەدا بێلایەنە، چونکە هەر دوو لایەنی شەڕی بە دژی خۆی دادەنا، لەگەڵ ئەمریکا بۆ ماوەی ٢٤ ساڵە پێوەندی نیەو ئەمریکا بە ناوی شەیتانی گەورە لە فەرهەنگی دەسەڵاتدارانی ئێران‌دا پێناسە دەکرێو لەگەڵ دەوڵەتی عێراقیش بۆ ماوەی ٨ ساڵ شەڕێکی بێئاکامی درێژەدا کە ماڵوێرانی‌یەکی یەکجار زۆری گیانیو ماڵی بە دواوە بوو. بەو هۆیە بێلایەنی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بەو شەڕە شتێکی ئاسایی دەهاتە بەرچاو. بەڵام پرسیارێك لێرەدا دێتە پێش؛ ئایا بە ڕاستی ئێران لەو شەڕەدا بێلایەن بوو؟ لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەتوانین بڵێین چوونکە بەرنامەی ڕادیۆو تلویزیۆنی ئێران لە تەقینەوەی یەکەم مووشەکی کرووز هەتا ئێستاش کە خەڵکی عێراق خەریکن بە هاوکاری هێزە هاوپەیمانەکان دەسەڵاتی ناوەندی لە سەر بناغەیەکی دێموکراتیك دابمەزرێنن، لە بڵاوکردنەوەی هەواڵو هەڵسەنگاندنی ئەو شەڕەو ڕەوتی دوای شەڕیش لەحنی لایەنگری پێوە دیارەو ئەو مەسەلەیەش ئەوەندە زەقو بەرچاو بوو کە لە نێو بەشێك لە دەسەڵاتدارانیش‌دا بوو بە جێگای باسو ڕەخنە گرتن، جیا لەوە ئێستاش دەخالەتو دەست تێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی عێراق‌دا ڕانەوەستاوە.

لە بەرەبەیانی یەکەم ڕۆژی شەڕەکەدا ڕادیۆو تلویزیۆنی ئێران بە پێی ڕێنوێنی شووڕای ئەمنیەتی میللیی کۆماری ئیسلامی کەوتە بەرئاوەژوو نیشاندانی ڕاستی‌یەکانو لە هەر شتێك کە باسی لە سەرکەوتنی هێزە هاوپەیمانەکان کردبایە خۆی دەپاراستو لە بەرانبەردا هەواڵی وەك ئەوە کە "ئەمریکا لە شەڕ دژی عێراق پەژیوان بۆتەوە" یا "چوار کەس لە نوێنەرانی کۆنگرەی ئەمریکا هاوڕێ لەگەڵ کچی سەرەك کۆماری ئەو وڵاتە گەیشتوونەتە ئوردۆن بە مەبەستی وتووێژ لەگەڵ بەرپرسانی عێراقی" یا "هەواڵی تەقەو لێکدانی نێوخۆیی هێزەکانی ئەمریکاو ئینگلیسو کشانەوەی هێزەکانی ئینگلیسی بە هۆی تەڵەفاتی سێ ڕۆژی یەکەمی شەڕەکە"و لەو لاشەوە گەورە کردنەوەی بەربەرەکانێ بە دژی هێزە هاوپەیمانەکانو نیشاندانی هێزو توانی سپای عێراق لە سەر نەقشەو تەرسیم کردنی سیمای وێتنامێکی دیکە لە بیروڕای خەڵکی ئێران‌دا. دەزگای ڕاگەیاندنی کۆماری ئیسلامی هەر بەوە ڕانەوەستا، بەڵکوو بە کردنەوەی کاناڵێکی تلویزیۆنی ٢٤ سەعاتە بە ناوی "العالم" کە بە زمانی عەرەبی بۆ خەڵکی عێراق بەرنامە بڵاو دەکاتەوە، لە مانگی مارسی ٢٠٠٣دا دەستی بە کار کرد. هەموو سەری سەعاتێك خەبەرەکانی شەڕی بە دوورو درێژو بە وێنەی کوژراوەکانی خەڵکی عادی کە لەسەر شەقامەکان کەوتبوون یا برینداراانی شەڕەکە کە لە نەخۆشخانەکان دەرمان دەکران بڵاو دەکردەوە. هەم ئەم کاناڵەو هەم شەبەکەی خەبەرو هەم کاناڵی یەکی تلویزیۆنی ئێران، لە ڕۆژی یەکەمی شەڕەوە شاشەی تلویزیۆنەکەیان بە ئارمی "جنگ سلطه" ڕازاندبووەوە. ناوەندی بەرهەم هێنانی "العالم" لە تارانەو بەرپرسەکەی کەسێکە بە ناوی حەسەن بەهەشتی‌پوور کە لە چاوپێکەتنێك‌دا دەڵێ: "ئامانجمان لە کردنەوەی ئەو کاناڵە بەربەرەکانێ‌یە لەگەڵ کاناڵە ڕۆژئاوایی‌یەکان." دیارە کارو ئاکاری دەزگا خەبەری‌یەکانی ڕێژیم هەم نیشاندەری هەڵوێستی بە ناو بێلایەنی کۆماری ئیسلامی‌یەو هەم مشتێکە لە خەروارێك، چوونکە ئەوە تەنیا ئەو شتە بوو کە دیارو بەرچاو بووو شتی نادیارو نهێنیش لە جێگای خۆی.

❊ ❊ ❊

# پاڵوێنەدانان لەسەر ئینتێرنێت، پێشێلکردنی ئازادیی ڕادەربڕین

هەژێر

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەسەرەتاوە تا ئێستا، بەردەوام نیشانی داوە کە دژی ئازادیی بەیانو بیروڕایەو بە دانانی سانسۆر لەسەر ڕاگەیەنە گشتی‌یەکان، ویستوویە ڕوانگەو بیروڕا دواکەوتوانەکانی خۆی لە ڕێگەی ڕاگەیەنە حکوومەتی‌یەکانەوە بە سەر کۆمەڵگادا داسەپێنێ. ڕێبەرانی ڕێژیم بە تیرۆرو زیندانی‌کردنی ڕۆژنامەنووسانو جیابیران، داخستنی ڕۆژنامەو هەرچەشنە بڵاوکراوەیەك کە دژی بۆچوونی حکوومەت بێ، پارازێت خستنە سەر فرەکانسی ڕادیۆ فارسی‌یەکانی دەرەوەی وڵاتو ئۆپۆزیسیۆن، قەدەغەکردنی ماهوارەو ئێستاش بە یاسایی‌کردنی ئینتێرنێت ویستوویەو دەیهەوێ خەڵك دەستیان بە هەواڵو زانیاری‌یەکان ڕانەگاو لەو پێناوەدا بەردەوام خەریکی داتاشینی یاساو "تەبسەرە"ی نوێیە. بەڵام گەشەی تێکنۆلۆژیو زانستی ئەنفۆرماتیك ئەوەندە بەربڵاوە، بە جۆرێك کە هەموو جیهانی داگرتۆتەوە. ڕێژیم بە ناچاری هەنگاو بە هەنگاو پاشەکشەی کردوەو لە بەرامبەر ئەو شەپۆلەدا هەست بە زەبوونیو بێدەسەڵاتی دەکا. هەڵبەت لەبارەی قەدەغەکردنی ویدیۆ، کاسێتی گۆرانیو کەڵك وەرگرتن لە ماهوارەو ساتو سەودا لەم پێوەندی‌یەدا، سەروەتێکی بەرچاو ڕژایە نێو کیسەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیو زۆربەی کاربەدەستانی ڕێژیم لەو ساتو سەودایانەدا توانیان بە یەك شەو ڕێگەی سەد ساڵە بپێون.

پاوانخوازانی ڕێژیم دوو ساڵە هەوڵ دەدەن پاڵوێنە (فیلتێر) بۆ سایتەکانی دژی کۆماری ئیسلامیو هەروەها ئەو سایتانەی بەقسەی خۆیان بەدڕەوشتی بڵاو دەکەنەوە، دابنێن کە بۆ وێنە زستانی ڕابردوو کۆمیتەیەکیان بۆ دەستنیشانکردنی سایتە دژە ئەخلاقی‌یەکان لە ئێران‌دا پێك هێنا. ئامانجی ئەو کومیتەیە کۆنترۆڵکردنی ئینتێرنێتو سزادانی ئەو سایتانەیە کە بەدوای داخستنی ڕۆژنامەکان، لە سەر ئینتێرنێت ئازادی‌یەکی زیاتریان لەبواری ڕاگەیاندن هەبوو. ئەو کۆمیتەیە کە پێك هاتووە لە نوێنەرانی وەزارەتی ئیتلاعات، وەزارەتی ئیرشادو دەنگو ڕەنگی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی، کارەکانی خۆی وەك دانانی پاڵوێنەو سانسۆر، لە دوایین ڕۆژەکانی ساڵی ڕابردوودا دەست پێکرد. لەو پێوەندی‌یەدا جێگری وەزیری موخابەراتو پۆستو تێلگرافو تەلەفوون گوتی: "لەو چەند حەوتوویەدا هێندێك سایت کە هەوڵی بڵاوکردنەوەی بابەتی نائەخلاقیو بابەتی سیاسییان داوە لە لایەن موخابراتەوە پاڵوێنەیان بۆ دانراوە."[1] هەر بە شوێن ئەودا وەزارەتی ئیتلاعاتی ڕێژیم ڕای‌گەیاند کە خەریکی موتالاکردن لەسەر جۆری یاسایی‌کردنی سایتەکانی هەواڵو زانیاری گەیاندن لە ئێران دایە. عەلی یوونسی وەزیری ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی هەر لەو پێوەندی‌یەدا گوتی: "وەزارەتی ئیتلاعات لە بواری (ئاسیب‌ناسی)یەوە خەریکە لەسەر بابەتی بەیاسایی‌کردنی سایتەکانی هەواڵو زانیاری‌گەیاندن دەکۆڵێتەوە."[2] بە وتەی کاربەدەستانی ڕێژیم دانانی پاڵوێنە لەسەر سەرچاوەکانی پۆڕنۆگرافیكو هێندێ سەرچاوەی سیاسی ڕەچاو کراوە، هەرچەند لە هێندێ وڵاتدا سانسۆری پورنۆ بۆ تازە لاوانی خوار ١٨ ساڵ کەڵکی لێ وەردەگیرێو لە هێندێ وڵاتی دیکەی وەك چینو عەرەبستان بەتەواوی پاڵوێنە بۆسەرچاوەکانی پورنۆگرافیك دادەنرێ، لە تەواوی وڵاتەکانی دیکەدا سانسۆری پۆڕنۆگرافیك بۆ تازە لاوان بە بنەماڵەکانیان دەسپێردرێ. کەچی قەدەغەکردنو دەستپێڕاگەیشتنی بەشێك لە کۆمەڵگا بەو ئیمکاناتانە، دژی ئازادی شەخسی‌یەو بە دەستتێوەردان لە ژیانی هاووڵاتی‌یان دەژمێردرێ. بەهەر حاڵ پاڵوێنەدانان لەسەر ئەو جۆرە سایتانە لەسەرەتاوە نابێ بە شێوەیەکی بەربڵاو ڕەچاو بکرێ، بەڵکوو دەبێ لە دوایین قۆناغ، پێش لە دەست پێڕاگەیشتنی بەکارهێنەر، ئەویش تەنیا لە شوێنە گشتیو فێرکاری‌یەکان‌دا بێ. هەڵبەت ئەوەمان لە یاد نەچێ کە مەبەستی عەلی یوونسی لە ڕوانینی "ئاسیب ناسانە"، هەمان وەخۆ کەوتنی وەزارەتی ئیتلاعاتە بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ مەترسی‌یەکانی ئینتێرنێت کە تا ئێستا هیچ پێناسەیەکیان بۆ نەکردوەو بۆ چارەسەر کردنیشی زاراوەی تاوانی ئێنتێرنێتییان هێناوەتە گۆڕێو دەزگای قەزایی‌یان ڕاسپاردوە کە گەڵاڵەیەك دابنێو تێیدا تاوانی ئێنتێرنێتی پێناسە بکاو تاوانباریش بکێشێتە دادگا. ئەوە لە حاڵێك دایە کە ئەو سزایانەی پێوەندییان بەو شێوە تاوانانەوە هەیە، دەبێ بە گوێرەی یاسا، لە ڕێگەی مەجلیسەوە پەسندو دیاری بکرێنو ڕاگەیەنرێن.

پێشتریش سەرانی ڕێژیم بۆ ماهوارە یاسایەکیان پەسند کرد، تاوانو سزاگەلێکیشیان بۆ دەستنیشان کرد، بەڵام دوای ململانێ‌یەکی زۆر لەو پێوەندی‌یەداو ئازاردانی خەڵکی وڵاتەکەمانو پڕ کردنی گیرفانیان لە ڕێگای کۆکردنەوەی ئانتێنی ماهوارەکانو بەرتیل خۆری‌یەکی زۆری بەکرێگیراوانی ڕێژیم، سەرەنجام بێدەنگییان لێ کرد. دوور نیە کە تاوانی ئینتێرنێتیش دوای هێندێ بێنەو بەرەو تەماع وەبەرنانی ژمارەیەك لە دەستو پێوەندەکانی ڕێژیم تووشی چارەنووسی "یاسای بەرگری لە ڕاگرتنی ماهوارە" بێ.

لە درێژەی بەربەرەکانێ کردن لەگەڵ ئینتێرنێت‌دا، دایرەی "ئەمر بە چاکەو نەهی لە خراپە"! کە سەر بە بەسیجە، بێ ئەوەی لە پێش‌دا ڕای‌گەیاندبێ، لە دوو مانگ لەوە پێشەوە دەستی کردوە بە داخستنو خڕکردنەوەی دەفتەرەکانی خزمەتگوزاریی ئینتێرنێتیو لە تاران، قەزوینو کەرەج‌دا چەندین "ئای. ئێس. پی"ی داخستوە. ئەم چەشنە کردەوانە هەروەك جاران بە بیانووی بەربەرەکانێ لەگەڵ سایتە نائەخلاقی‌یەکان دژ بە بەها گشتی‌یەکانی کۆمەڵگایە. ئەوەش لە یاد نەکەین کە زیادبوونی ئینتێرنێتو کافەنێت لە ئێران‌دا بۆتە هۆی نیگەرانی بەرپرسانی ڕێژیم کە ئاشکرایە هەوڵی ڕێژیم لەو پێوەندی‌یەدا بە مەبەستی کەمکردنەوەی ئاستی دەست پێڕاگەیشتنی لاوان بە ئینتێرنێتە تا لەسەر ڕێگەی پێوەندی‌یە بەربڵاوەکانی لاوان لەگەڵ گرووپو ڕێکخراوەکانی دژی حکوومەت کۆسپ ساز بکەن کە هەر ئێستا ئەو بەربەرەکانێ‌یە لە ڕێگەی ئینتێرنێتەوە خەریکە زیاتر دەبێ. سەرانی ڕێژیم لە چوونە سەری ئاستی هۆشیاری خەڵكو ئاکامەکانیو چوونەسەری ویستو داخوازی‌یەکانیانو ئاشکرابوونی جینایەتەکانی خۆیان لە ڕێگەی ڕاگەیەنە گشتی‌یەکانەوە دەترسێن، هەر بۆیەش بۆ کۆنترۆڵکردنو سانسۆرکردنی ڕاگەیەنە گشتی‌یەکان خۆی بە ئاوو ئاگردا دەداو دەیەوێ بۆ نزیکەی ١٥٠ هەزار سایتی ئێنتێرنێتی پاڵوێنە دابنێ.

سەرچاوەکان:

١ـ سایتی "ایران امروز"

٢ـ سایتی "بی.بی.سی"

# با هەوڵی ژیاندنەوەی "بەسیج" لە کوردستان مایە پووچ بکەینەوە!

برایم چووکەڵی

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە لە نەبوونی یەکریزیو هاوپێوەندیی هێزە شۆڕشگێرو پێشکەوتووخوازەکان لە دەستپێکی شۆڕشی گەلانی ئێران کەڵکی وەرگرتو بەوروژاندنی هەستی مەزهەبیی خەڵکی ساویلکەو دروشمی ڕیاکارانە توانی جڵەوی دەسەڵات بگرێتە دەستو بۆ پتەوکردنی بنەمای دەسەڵاتەکەی پەنا بەرێتە بەر سیاسەتی دووبەرەکی‌نانەوەو، لەپەنا ئەوەش‌دا هێزە دێموکراتو ئازادیخوازەکان توانی سەرکوت بکا، بەڵام بەم حاڵەش لە درێژەی دەسەڵاتی خۆی‌دا هەمیشە لەگەڵ گەلێك گیروگرفتو قەیران بەرەوروو بووە. بەربەرەکانێی هێزە شۆڕشگێرو دێموکراتەکانی وڵات لەگەڵ ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووو بێ باوەریی ڕێژیم بە ئەرتەش، کۆماری ئیسلامی ئێرانی لە وەزعی‌یەتێکی تایبەت خست. هەربۆیەش ڕێبەرانی نیزامی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو لە سەرووی هەموانەوە شەخسی خومەینی بۆ پاراستنی حکومەتەکەیان کەوتنە بیری دامەزراندنی هێندێك دەزگاو ناوەندی نیزامیو سەرکوتگەری دیکەی وەك "کۆمیتە شۆڕشگێری‌یەکان"و سوپای پاسدارانو . . . کە بە ڕێژیم وەفادار بنو ئامادەی خۆ بەخت کردن لە پێناو درێژەی دەسەڵاتی ڕێژیم دابن. دارشتنی گەڵاڵەی "بەسیج"یش هەر لە چوارچێوەی ئەو سیاسەتەو پێکانی ئەو ئامانجە دابوو. کەڵکی خەراپ وەرگرتن لە هەستی مەزهەبیی کەسانێکی ساوێلکە، بناغەی هێزێکیان دارشتو هەموو هێزو توانیان وەگەڕ خست تا "بەسیج"و فەرهەنگی "بەسیجی" لە هەموو شوێنێکی ئێران پەرە بگرێ. خەونی خومەینی بۆ ڕێکخستنی هێزێکی ٢٠ میلیۆنی، ئەو ئەرکەی خستە سەر شانی ڕێبەرانی نیزام تا بە هاندانی گوندنشینان، خوێندکاران، قوتابیانو کارمەندەکانی ئیدارە دەوڵەتی‌یەکانو . . . هێزی "بەسیج" کە ژێر بیرۆکەی ملکەچی بۆ دەسەڵاتو حکوومەتی بە ناو ئایینیی کۆماری ئیسلامی‌دا کۆ بکەنەوە بۆ ئەو کارەش ئێستاشی لەگەڵ بێ لە هیچ هەوڵێك نەوەستاون، لە دارشتنی گەڵاڵەی "بەسیج دانش آموز"ی، "بەسیج دانشجویی"و دامەزراندنی بە ناو "پایگاە مقاومت" لە ئیدارە دەوڵەتی‌یەکان را بگرە، تا دانی ئیمتیازی جۆراوجۆرو ساویلکە هەڵ خەڵەتێن بۆ بەشداری لەو جۆرە دامەزراوانەدا.

ئەو سیاسەتەی ڕێژیم لە کوردستان بە شێوەیەکی جیدی‌تر پەیرەو کراوەو ئێستا زۆر جیدی‌تر هەوڵی پەرەپێدانی دەدرێ. ڕێژیم لە کوردستان لە هێزی "بەسیج" وەك سیخورو ئامرازێکی کاتی بۆ سەرکوتی جوڵانەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورد کەڵك وەردەگرێ. ڕێژیم کە لە هەلومەرجی ئێستادا بەشێك لە پێگەو مۆڵگە نیزامی‌یەکانی لە کوردستان کۆ کردۆتەوەو دەیهەوێ لە ڕێگای بەهێزکردنی بەسیجو کەڵك وەرگرتن لە کەسانی ساویلکە بۆ سیخوری ئەو بۆشایی‌یە پڕ بکاتەوە.

لەم دوایی‌یانەدا جموجۆڵی ڕێژیم بۆ پەرەپێدانو بەهێزکردنی بەسیج لە کوردستان بەرچاوتر خۆی نواندوە. لەو بارەوە هەوڵی زیاتر لە خۆ نیشان دەداو لەو پێوەندی‌یەش‌دا بە مەبەستی سڕینەوەی قوبحی ئەو کارە گەڵاڵەی تێپەرکردنی ماوەی سەربازی لە ماڵەوەی بۆ بەسیجی‌یەکان هێنایە گۆڕێو بەڕێوەی برد.

لە شێوە سازماندەهی ئێستادا، بەسیجی‌یەکان لە گوندەکانو گەڕەکەکانی شار بە شێوەی دەستەی نیزامی سازمان دراونو بەردەوام لە مزگەوتەکان دانیشتنی حەوتووانە پێك دێننو شەوانەش گەشتو نیگەهبانی دەدەن. جگە لەوە لە لایەن بەرپرسانی ئیتلاعاتی بەسیجو سوپاوە حەوتووی جارێك کۆبوونەوەیان بۆ دەگیرێو ئەرکو وەزیفەی تایبەتی‌یان (کە هەمان سیخوریو خەبەرچینی‌یە) بۆ دیاری دەکرێ.

لە بۆنەو ڕێورەسمەکانی ڕێژیم‌دا، بەسیجی‌یەکان ناچار دەکرێن بە جلوبەرگی نیزامی‌یەوە بەشداری بکەنو خۆیان بە خەڵك نیشان بدەن، بۆ ئەوەی ڕێگایەك بۆ گەڕانەوەیان نەمێنێتەوە. جیا لەمە مەبەستی شاراوەی دیکەی ئەو کارە ئەوەیە وا نیشان بدرێ کە ڕێژیم پێگەی لە نێو خەڵك‌دا هەیە. چونکە ڕێژیم چاك دەزانێ فەرهەنگی کوردەواری بە گشتی فەرهەنگێکە دژی دیاردەی خزمەت بە بێگانەو سەرکوتگەران، بەکرێگیراوانو ئەوانەی لە خزمەتی دوژمنانی کورددان، لە بەر چاوی خەڵك سووكو چروکن.

هەژاری، بێکاریو بێدەرامەتی لەو هۆیانەن کە کەسانێکیان پاڵ پێوە ناوە بچنە خزمەت ڕێژیمەوەو ڕێژیمیش زۆربەی هەرە زۆری مۆرەکانی خۆی لە نێو ئێنسانە لاوازەو گوێ لەمستەکان‌دا هەڵ دەبژێرێو ئەوە لە حاڵێك دایە هەر ڕێژیم عامیلی سەرەکیی هەژاری، بێکاری، ماڵوێرانیو دارمانی ئابووریی وڵاتە.

ئەگەرچی ڕێژیم ئێستاش هەروەك ساڵەکانی سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنی لە بیرو هەوڵی دەستە مۆکردنو ملکەچ کردنی خەڵك دایەو دەیهەوێ چەندی دەکرێ ژمارەیەکی زیاتر مۆرەی گوێڕایەڵی بۆ کۆنترۆڵ کردنی جموجۆڵی دژ بە خۆی دروست بکا، بەڵام لە بیرمان نەچێ هەر لە ئێران دەزگا سامناکەکەی ساواك، چەندە فریای ڕێژیمی پاشایەتی کەوت، ئەرتەشە بیست میلیۆنی‌یە خیاڵی‌یەکەی خومەینیو ئەو جۆرە پیلانانەش هەر ئەوەندە فریای کۆماری ئیسلامی دەکەون.

لە بەرانبەر ئەم پیلانەی ڕێژیم (وەك باقیی پیلانو گەڵاڵە نەزۆکەکانی لەو بابەتە)دا پێویستە خەڵکی کوردستان بەگشتیو لاوانی کورد بەتایبەتی بە خەباتی بێوچانی خۆیانو یەکڕیزیو یەکدەنگیی خۆیان، ئەم پیلانەی ڕێژیم لەگەڵ شکانو ناکامی بەرەوروو بکەنەوەو جارێکی دیکە سەرشۆڕیو داماوی بۆ ڕێژیمو دامودەزگا ئیتلاعاتی‌یەکانی مسۆگەر بکەن.

❊ ❊ ❊

# نەخۆشیی نەناسراوی کچانی بێژوێ هیستریك نیە، دیاریی ڕێژیمە!!

خەدیجە مەعزوور

لە مانگی ڕەزبەری ساڵی ١٣٨٠ی هەتاویدا، هەواڵێك لەبارەی تووشبوونی ٧٢ کچی قوتابیی قوتابخانەیەکی گوندی "بێژوێ"ی ناوچەی سەردەشت بە نەخۆشی‌یەکی سەیرو نەناسراو، لە لایەن بەشێك لە ڕاگەیەنە گشتی‌یەکانەوە بڵاو بۆوە. بەڵام بۆ ئەوەی ڕێژیمو دەستو پێوەندەکانی لەوە ریسواتر نەبن، زوو پێش بە بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە لە ڕاگەیەنە گشتی‌یەکاندا گیرا. بە گوێرەی نەزەری ئەم کچە لاوە قوتابییانە، ڕۆژی دوای کوتانی واکسەنی سووریژە لە لایەن مەئمورانی بێهداشتی ڕێژیمەوە ئاوسانی دەست، ڕشانەوە، ئێشی گورچیلە، گیرانی زمان، لە پێ کەوتنو وەرینی موو بوون. هەر دوای هەستکردن بە ناڕەحەتی‌و تووشبوون بەم نەخۆشی‌یە سەیرە، گشتیان پەنایان بردە بەر ناوەندە دەرمانی‌یەکانی ڕێژیم، لە ناوچەو ئەو ناوەندە لەشساغییانەش هێندێك دەرمانیان پێ دانو پێیان گوتن بە هۆی ترس لە ئیمتەحاناتەوە تووشی ئەم نەخۆشی‌یە بوون. ئەم کچە قوتابی‌یە نەخۆشانە لە جیاتی ئەوە وەزعیان بەرەو باشبوونەوە بڕوا، ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو خراپیی زیاتر دەچووو نیگەرانیی پتری بۆ خۆیانو بنەماڵەکانیان پێك دێنا. تەنانەت بەشێك لەو کچانە بۆ چارەسەریی نەخۆشی‌یەکەیان روویان لە وڵاتی عێراق کرد. ئەوەش بە پێچەوانەی ئیددیعاکانی مەئمورانی لەشساغی‌و دەروونناسی بوو کە گوتبوویان لە ترسی تاقیکاری‌یەکانی قوتابخانە تووشی ئەم نەخۆشی‌یە بوون.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئاست ئەو نەخۆشی‌یە چارەسەر نەکراوەی قوتابییانی گوندی بێژوێدا خۆی بێدەنگ کردوەو تەنانەت وەزیری لەشساغیی ڕێژیمیش لە نامەیەکدا بە وەزیری ئیرشادو تەبلیغاتی ئیسلامیی ڕاگەیاند نابێ مەسەلەی نەخۆشیی ئەم کچانە لە ڕاگەیەنە گشتی‌یەکاندا ڕەنگ بداتەوە. ئەم نامەیە لە کاتێکدا نووسراوە کە ١٥ کچی بێژوەیی بە نوێنەرایەتی لە لایەن ٧٢ قوتابیی نەخۆشەوە چوونەتە شاری تارانو بۆ ماوەی حەوتوویەك لە نوێژگەی وەزارەتی تەندروستی‌و لەشساغی بە مەبەستی پێڕاگەیشتنو چارەسەر کردنی نەخۆشی‌یەکەیان مانیان گرتبووو هاوکاتیش سکاڵایەکیان بۆ کۆمیسیۆنی ئەسڵی ٩٠ی مەجلیسی کۆماری ئیسلامی ناردبوو، بەڵام لەگەڵ هەموو هەوڵو تەقەلایەك کە لەو بوارەدا داویانە، کارەکەیان بە ئاکام نەگەیشتووە. وەڵامی بەرپرسانی ڕێژیم بەتایبەت بەرپرسانی وەزارەتی لەشساغی ئەوە بووە کە ئەو کچە قوتابییانە لە کاتی تاقیکاری‌یەکاندا تووشی هیستریكو نیگەرانی بوون!

بەرپرسانی ڕێژیم لە کاتێکدا دەڵێن ئەم کچانە تووشی هیستریك بوون کە بە وتەی ئەم قوتابییانە: "دوکتوری گوندی بێژوێ کە خاوەنی دوو کچی قوتابی‌یەو بەرپرسی واکسیناسیۆن لە قوتابخانەی کچان بووە، کچەکانی خۆی نەکوتاوەو ئێستا کچەکانی ئەم دوکتورە سڵامەتنو ئێمەش تووشی ئەم نەخۆشی‌یە بووین."

لە سەرانسەری جیهان چ لە وڵاتە پێشکەوتووەکانو چ لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا، هەرکات منداڵێك لە لایەن مەئمورانی لەشساغی‌یەوە واکسینە دەکرێ، جۆری واکسەنو ڕۆژو مانگو ساڵو هێندێك زانیاری لەو بابەتە لە نێو کارتی لەشساغیی ئەو منداڵانەدا دەنووسرێ. بەڵام ئەم کچانە کە واکسیناسیۆن کراون هیچکام لەو زانیارییانە لە کارتی لەشساغییاندا نەنووسراوە. ئەگەر بە وتەی دەروونناسانی کۆماری ئیسلامی ئەم نەخۆشی‌یە هیستریکە، بۆچی هەر ئەو ژمارە لە کچان کە واکسینەکراون، تووشی نەخۆشیی هیستریك بوون؟و بۆچی ساڵانی پێشوو لە قوتابخانەدا تووشی هیستریك نەدەبوون؟

ئەو باسو ئیحتمالەش وەلا نەنراوە کە ئەو کچانە لە لایەن مەئمورانی لەشساغیی کۆماری ئیسلامی‌یەوە تاقیکردنەوەیەکی شیمیایی‌یان لەسەر ئەنجام دراوەو ڕێژیمیش لێی ئاگادارە. جێگای سەرنجە ڕێگاشی بەو کچانە نەداوە لەگەڵ پسپۆڕێکی ئەو بوارەداو هەروەها لەگەڵ ڕاگەیەنە گشتی‌یەکاندا پێوەندی بگرن یا لە دەرەوەڕا پێوەندییان پێوە بگرن، تەنانەت تەلەفوونی ئەم گوندە لە کار خراوە.

بە پێی وتەی ڕۆژنامەی "اعتماد" تەلەفوونەکانی گوندی بێژوێی سەردەشت وەڵام نادەنەوەو بووقی سەیرو سەمەرە لێ دەدەن، نە ئیشغالەو نە دەنگی زەنگی ئاسایی تەلەفوون دەبیسرێ. هەر ئەو ڕۆژنامەیە دەڵێ: "دەنگۆکان دەڵێن ئەم گوندە بایکۆتی هەواڵ کراوەو هیچ هەواڵنێریك ئیزنی سەردانی ئەم ناوچەیەی نیە."

ئاخرین ڕێگا چارەسەر کە بۆ باشبوونەوەی ئەم نەخۆشانە بەهۆی دوکتور "گویا" بەرپرسی ئیدارەی بەربەرەکانێ لەگەڵ نەخۆشی‌یە تایبەتی‌یەکانی وەزارەتی لەشساغی، بەم کچە قوتابییانە پێشنیار کراوە ئەوەیە کە: "هەرکەس زووتر چاك بێتەوە وەك خەڵات دەزگایەکی کامپیوتێری دەدرێتێ."!!!

هیچ شكو گومانێك لەوەدا نیە کە تووشبوونی ٧٢ قوتابیی کچی گوندی بێژوێی ناوچەی سەردەشت بە نەخۆشیی نەناسراو، یا بەهۆی تاقیکاری‌یەکی شیمیایی یا کوتانی واکسەنی ماوە بەسەر چوو لە لایەن ڕێژیمەوە هاتۆتە ئاراوە، بەڵام وای دابنێین کە هیچ کام لەو بۆچوونانە دروست نەبنو ڕێژیم دەستی لەو کارەدا نەبووبێ، ئایا ئەرکو وەزیفەی ڕێژیمێکی بەرپرس لە بەرامبەر ئەفرادی نەخۆشی لەم چەشنە لە وڵاتدا چی‌یە؟ بێجگە لەوەی لە هەر ڕێگایەکدا بۆی بلوێ پێش بە پەرەگرتنی نەخۆشی‌یەکە بگرێو ڕێگایەکی ئینسانی‌و مرۆڤدۆستانە بۆ چارەسەری ئەم مەسەلە بدۆزێتەوەو لێکۆڵینەوەیەکی بەرین ئەنجام بدا بۆ ئەوەی بزانێ هۆی تووشبوونی ئەم قوتابییانە بەم نەخۆشی‌یە چی بووەو بە چ شێوەیەك دەتوانێ چارەسەری بکا. بەڵام خۆ بواردنو خۆ لێ گێل کردنی بە ئاشکرای ڕێژیمو دەستو پێوەندی‌یەکانی لەم مەسەلەیە ئەوە زیاتر دەسەلمێنێ کە ڕێژیم ڕاستەوخۆ لە تووشکردنی ئەم کچە چارەڕەشانە بەم نەخۆشی‌یە دەستی هەبووە. ئێستا کە فێڵو تەڵەکەو نییەتە شەیتانی‌یەکانی ئاشکرا بووە، نە وەزارەتی لەشساغی‌و نە بەرپرسە پلە بەرزەکانی ڕێژیم لە بەرامبەر ئەو کچانەدا هەست بە بەرپرسایەتی دەکەنو نە لە بیری چارەسەر کردنیان دانو لەبەر ئاشکرابوونی مەبەستە گڵاوەکانیشیان ئیزن نادەن لەگەل دنیای دەرەوەدا پێوەندی بگیرێ تا ڕێگاچارەیەك بۆ نەخۆشی‌یەکەیان بدۆزرێتەوە. ئەوەیە بایەخی مرۆڤو پاراستنی مافی مرۆڤ لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی‌دا.

❊❊❊

## هێزەکانی ڕێژیم کاسبکارێكو شۆفێرێکیان کوشت

### سەردەشت

لە دوایین ڕۆژەکانی مانگی بانەمەڕی ئەمساڵدا، هێزە بەکرێگیراوەکانی ڕێژیم لە نێوان گوندی "ساوان"و سەردەشتی "وەزنێ"دا کەمینێکی بەربڵاویان لە سەر ڕێی کاسبکاران دانایەوەو تەقەیان لە کاسبکارەکان کرد کە لە ئاکامدا کەسێك بە ناوی "جەلال ئەحمەد حەسەنی" خەڵکی گوندی گۆڕەشێر دەکەوێتە بەر دەستڕێژی گوللەی بەکرێگیراوانی ڕێژیمو هەر لەوێ گیانی لە دەست دەدا.

### مەهاباد

ڕۆژی دووشەممە ٢٢ی بانەمەڕی ١٣٨٢ی هەتاوی هێزە بەکرێگیراوەکانی کۆماری ئیسلامی لە نزیك گوندی کەریزەی سەر بە شاری مەهاباد، بەو بیانوویە کە هەڵگری باری قاچاغ بووە تەقە لە ماشێنێکی جیب دەکەن، لە ئاکامدا شۆفێری ماشێنەکە بە ناوی مستەفا ئاسبالە دەکوژرێ. ڕۆژی دوایی ژمارەیەك لە خەڵکی شاری مەهاباد بە مەبەستی دەربڕینی ناڕەزایەتی لە ڕێژیمو کردەوە دزێوەکانی لەبەر دەرگای فەرمانداری‌دا کۆ دەبنەوەو ئیعتراز بەم کارەی بەکرێگیراوانی ڕێژیم دەکەن.

"کوردستان" وێڕای مەحکووم کردنی ئەو جینایەتانەی هێزەکانی ڕێژیم، سەرەخۆشی لە بنەماڵەو کەسوکاری کوژراوەکان دەکا.

❊❊❊

### تورکیە

## تاوانبارکردنی پەنابەرێکی کورد بە کوشتنی پولیسێك لە شاری وان

بەگوێرەی هەواڵێك کە لە شاری وانی تورکیەوە بە "کوردستان" گەیشتوە، شەوی ١٣ لەسەر ١٤ی مانگی مای ٢٠٠٣، لاوێکی ڕەبەنی پەنابەر بەناوی "تاهیر سارمەیی" (یەتیمی) خەڵکی مەهاباد، سەعات ١٢ی شەو لە کاتێکدا هەرچی شتومەکی ناوماڵی بریتی لە تەلەویزیۆنو. . . دەبێ، دەیشکێنێو لەماڵ دەردەکەوێ، لەگەڵ گرووپێکی گەشتی پولیس بەرەوڕوو دەبێ کە داوای کارتی لێ دەکەن. ناوبراو ڕادەکاو پاش گرتنەوەی لە لایەن پولیسەکانەوە دەگیرێتەوەو دەست بە یەخە دەبنو پاش ماوەیەك یەکێك لە پولیسەکان کە لەو ڕووداوەدا دەمانچەکەی بە دەستەوە دەبێ، گوللەیەك لە دەستی دەردەچێو لە ئاکامدا دەبێتە هۆی برینداربوونی پولیسێکی دیکەو لە ڕێگای گەیاندنی بۆ نەخۆشخانەدا گیانی لە دەست دەدا. ناوی پولیسی کوژراو "قادر آیدن"ە.

تاهیر سارمەیی لە ساڵی ١٩٩٩ەوە لە ئۆفیسی UNHCR لە شاری وان ناونووسی کردوەو بەهۆی دیارنەبوونی چارەنووسی‌و پێڕانەگەیشتنی ئەو ئۆفیسە بە جۆری پێویست بە گیروگرفتەکانی، تووشی نەخۆشیی ڕەوانی بووەو بە پێی ئەو بەڵگانە کە نوسخەیەکیان لەکاتی خۆیدا دراوەتە UNHCR و دوکتوری یەکێك لە نەخۆشخانەکانی شاری وان بەروونی نەخۆشی‌یەکەی ئاشکرا کردوە، ناوبراو بەتەواوی تووشی نەخۆشیی ڕەوانی بووە.

تاهیر ئێستا لە زیندانی شاری واندا زیندانی کراوە. ئەوە لە کاتێکدایە کە لە وتووێژێکدا کە تاهیر لەگەڵ ڕۆژنامەی "زەمان" ئەنجامی داوە ئەو قەتڵە بەتوندی ڕەت دەکاتەوە.

دەبێ بگوترێ روون نەبوونی چارەنووسی پەنابەرانی ئێرانی لەشاری وانو وەدی‌نەهاتنی داواو چاوەڕوانی‌یەکانیان لە لایەن UNHCRەوە، پەنابەرانی تووشی وەزعێکی زۆر تاڵ کردوە. بۆیە داوا لە ڕێکخراوو کۆڕو کۆمەڵە بەشەردۆستەکان دەکەین بەهانای پەنابەرانی ئێرانیی نیشتەجێ لە تورکیەوە بێن. دوای ئەم ڕووداوە کاربەدەستانی دەوڵەتی بە جیددی هەڕەشەی سنوورداشکردنەوەیان لە پەنابەران کردوە.

پاشماوەی:

## هەوڵێکی بێسوود بۆ جوان نیشاندانی ڕوخساری کۆمەڵی ئێران

جۆرێکی دیکە لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ دیاردەی لەشفرۆشی، کوشتنی یەك بە دوای یەکی ژنانی چارەڕەشو بێ‌ئەنوا لە ژێر ناوی "امر به معروف و نهی از منکر"دایە. دوو ساڵ لەمەوبەر لە شاری مەشهەد زیاتر لە ٢٠ ژن کوژران کە "سەعید حەنایی" کوشتنی ١٦ لەوانی وەئەستۆ گرت. ساڵی ڕابردووش لە شاری کرمان ١٧ کەس کوژران. تاقمێك کە دەستیان لە بەشێکی زۆری ئەو قەتڵانەدا هەبووە، ئێستا گیراونو موحاکەمەش کراون، بەڵام هێشتا بڕیاری یەکجارییان لە سەر نەدراوە. دیارە ئەگەر ئەندامانی ئەو تاقمەش وەك سەعیدی حەنایی قاتڵی ژنانی مەشهەدی لە ژێر فشاری بیرو ڕای گشتی‌دا، ئیعدام بکرێن، دیسانەکە بەرپرسیاری ئەسڵی لە بەرەو پەیداکردنی ئەو شێوە بەرەڕوو بوونەوەیە لەگەڵ لەشفرۆشی‌دا، هەر کۆماری ئیسلامی‌یە. چونکە فەرهەنگی هاندانی ئینسانەکان بۆ توندو تیژی نواندنو جینایەت کردن بە ناوی "گێڕانەوەی خەڵك لە خراپە" لەگەڵ هاتنە سەرکاری ئەو ڕێژیمەدا هاتۆتە نێو کۆمەڵی ئێران. بە سەدانو هەزاران ئاخوندی سەر بەو ڕێژیمە شەو ڕۆژ لە مزگەوتەکانو حوسێنیەکاندا، مرۆڤی ساویلکەو دەمارگرژ هان دەدەن تا بێ‌گوێدان بە قانوونو ڕێوشوێنەکان، بۆخۆیان بێنە مەیدانو "بۆ پارێزگاری لە بایەخەکان" دەست بە کار بن. دڵنیاشیان کردوون کە لەو ڕێگایەدا چ بکوژن، چ بکوژرێن، ئاکامەکەی ڕەزامەندیی خواو چوونە بەهەشتە.

بەڵام ئەم جۆرە "چارەسەر"و ڕێگایانە، تەنانەت نەیاتوانیوە، ڕواڵەتی کۆمەڵی ئێرانیش جوان پیشان بدەن یا لانی‌کەم شوێنەوارو نیشانە ئاشکراکانی ئەو دیاردە ویژادن هەژێنە لە چاوان ون بکەن. سروشتییشە کە دیاردەی لەشفرۆشی بە لە نێو بردنی فیزیکیی کەسانی لەشفرۆش، کۆکردنەوەیان لە شوێنێکی دیکە یا قانوونمەند کردنو شەرعیەت دان بە خۆفرۆشی لە ژێر هەر ناوێکدا، لە نێو ناچێ. ئەم ڕێژیمە نایهەوێ هۆکارەکانی پەرەگرتنی دیاردەی لەشفرۆشی بناسێنێو لە نێو ببا، دەیەوێ قوربانی‌یەکان لە چاوان ون بکا. ئەم خۆبواردنو خۆلادانەشی لە ناساندنی هۆکارەکان، بە ڕێکەوت نیە. دەزانێ کە هەر کام لەو هۆکارانەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ نەخشیان لە پێکهێنانی ئەو وەزعەدا هەیە، پێی سیاسەتو بەرنامە چەوتەکانو نێوەرۆکی کۆنەپەرستانەی خۆی دەگرنەوە.

**بۆ هاوکاریی زیاتری هێزە دێموکراتو پێشکەوتووەکانی ئێران تێ‌بکۆشین**

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 365    21 May 2003



ڕادیۆی دەنگی کوردستان ئێران لەسەر تۆڕی ئینتێرنێت: www.kurdistanmedia.com
rdk_iran@yahoo.com

بۆ خوێندنەوەی چاپەمەنیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران‌و وەرگرتنی زانیاری لەبارەی حیزب، بڕواننە ئەم ئادرەسانەی خوارەوە لەسەر ئینتێرنێت:

www.kurdistanmedia.com
e- mail:
kurdistanmedia@yahoo.com

http://www.pdk-iran.org
e- mail:
pdkiran@club-internet.fr


## ئەم خانمە ئێرانی‌یە، خەڵاتی جیهانیی ئازادیی بڵاوکردنەوەی وەرگرت



ئەنجومەنی قەڵەمی ئەمریکا، یەکەم "خەلاتی جیهانیی ئازادیی بڵاوکردنەوە"ی خۆی، ئەمساڵ پێشکێشی فەرخوندە حاجی‌زادە، بڵاوکەرەوە، نووسەر، شاعیرو سەرنووسەری مانگنامەی "بایا" لە ئێراندا، کرد.

لە نامەی ئەنجومەنی قەڵەمی ئەمریکا بۆ فەرخوندە حاجی‌زادە دا، هەوڵدانی ناوبراو لە بواری چاپکردنی کتێبی باش‌دا، ئازایەتی‌و بەردەوامی‌و بڕوا بە خۆبوون، وك هۆیەکانی پێشکێش کردنی ئەم خەڵاتە بە وی، ناوبراون. ئەم خەڵاتە ١٠ هەزار دولاری‌یە بەناوی "جێری لیبێر" نووسەری کتێبە بڕوا پێکراوەکان لە بواری مافی مرۆڤ‌داو یەکێك لە پێشەنگەکانی ئەنجومەنی قەڵەمی ئەمریکاوە کراوە. جگە لە فەرخوندە حاجی‌زادە، ئەنجومەنی قەڵەمی ئەمریکا چەند خەڵاتیشی پێشکێشی نووسەرێکی تونێسی‌و نووسەرێکی کووبایی کرد کە هەردووکیان لە وڵاتی خۆیاندا زیندانی کراون. لە ڕێوڕەسمی پێشکێش کردنی خەڵاتەکاندا نووسەرانی بەناوبانگ، ئارتۆر میلێر، ڕاسێل بنێکس، ئێدوارد سەعید، ئارتۆر شلزینگێرو تۆماس فریدمان، ئامادە بوون.

فەرخوندە حاجی‌زادە ساڵی ١٩٥٣ لە ئاوایی "بزنجان" سەر بە شاری بافت لە ئوستانی کرمان لەدایك بووە. لە ١٣ ساڵی‌دا شووی کردو یەکەم منداڵی لە تەمەنی ١٤ ساڵی‌دا بوو. دواتر لە کرمان درێژەی بە خوێندن داو، بوو بە کتێبداری وەزارەتی پەروەردەو فێرکردن.

حاجی‌زادە بەرەبەرە بە نووسینی وتار، ڕەخنەی ئەدەبی‌و چیرۆکی کورت هاتە مەیدانی ئەدەبیات. ساڵی ١٩٩٣ بە بنیاتنانی بنکەی چاپەمەنیی "ویستار" پێی نایە مەیدانی بڵاوکردنەوە. بەرهەمە بڵاوکراوەکانی لەم ساڵانەی دوایی‌دا بریتین لە: "من لە چاوەکانی تۆ دەترسم"، "پووریێ وەیلانی چاوەکان"، "پێچەوانەی دێمۆکراسی"، "کتێبناسیی ئەساتیرو ئەدیان".

حاجی‌زادە لە وتووێژێك لەگەڵ بەشی فارسیی ڕادیۆی بی.بی.سی‌دا گوتی: وەزعی چاپ‌و بڵاوکردنەوە لە ئێراندا زۆر جێگای داخەو بڵاوکەرەوەکان بەتایبەتی ئەوانەی لە بواری ئەدەبی‌دا چالاکن، بەسەر دەمی کێرددا دەڕۆن.

سەرچاوە: BBCpersian

## هەوڵێکی بێ‌سوود بۆ جوان نیشاندانی ڕوخساری کۆمەڵی ئێران

بەر لە ماڵاوایی

ع. وریا

لە نێو خوێنەرانی ئەم ستوونەدا بێگومان کەسانی ئەوتۆ هەن کە دە ساڵەی بە ناو "شۆڕشی سپی" یا "شۆڕشی شاو خەڵك"ی ئێرانیان وەبیر دێ.

ساڵی ١٣٥١ی هەتاوی لە چواری خەزڵوەر (ڕۆژی تاج لە سەر نانی شا)وە، تا ٦ی ڕێبەندان (دە ساڵەی دەرچوونی فەرمانی ئیسلاحاتی ئەرزی لە لایەن حەمە ڕەزا شاوە)، لە سەرانسەری ئێراندا، زنجیرەیەك ڕێوڕەسم لە ژێر ناوی "دە ساڵەی شۆڕشی شاو خەڵك"دا بەڕێوەچوون. بەڕێوەبەرو ڕێکخەری ڕێوڕەسمەکان ئیدارەو کاربەدەستانی دەوڵەتی‌و دەستو پێوەندەکانیان بوون. خەڵکی هەژارو زەحمەتکێش لە گوندەکانیش دەبوو لە گیرفانی خۆیان بەشێك لە خەرجی ئەو ڕێوڕەسمانە بدەن.

بەرنامەکانی "دە ساڵەی شۆڕشی شاو خەڵك" هەر لەجێ‌دا بەو مەبەستە وەڕێ‌خرا بوون کە ببن بە "نوێنگەی شاپەرستی‌و وەفاداری دەربڕینی خەڵك بەرامبەر بە شاهەنشاو خۆنواندنی سوپاس‌و پێزانینی ئەوان لە ئاست خزمەتە بێ‌ئەژمارەکانی ئەو شایە بە وڵاتی ئێراندا". بەڵام بە کردەوە بوون بە دەرفەتێك بۆ لە قاودانی نێوەرۆکی ئاخنراو لە درۆی ئیددیعاکانی ڕێژیمی پاشایەتی لە بارەی پێشکەوتن‌و ئاوەدانیی ئێران. لەگەڵ بەڕێوە چوونی ئەو ڕێوڕەسمانەدا شتی ئەوەندە سەیرو جێگای گاڵتە دەبینران کە هەر لە گێڕانەوە نایەن. هەوڵێك کە بە مەبەستی نیشاندانی ڕواڵەتێکی جوان لە گوندەکان دەدرا، لەو نموونانە بوون. ڕێکخەرانی ڕێوڕەسمی دەساڵە دەسەر خەڵکی ئەم‌بەروئەوبەری دێهاتی سەر جادەکانی نێوان شارەکانیان کردبوو، ڕووکاری لای جادەی دیوارەکان بە گێچ سپی بکەنەوە. داوایەکی دیکە ئەوەبوو کە هەموو ماڵەکان دەبێ لە سەر بانی خۆیان ئاڵای ئێران هەڵ بکەن‌و، بۆئەوەش ئاڵاکە شەوانە لە بەر ڕووناکایی‌دا بشەکێتەوە، (چونکە زۆربەی نزیك بە تەواوی گوندەکان بەرقیان نەبوو)، دەبا فانووسێکی هەڵکراویان بە داری ئاڵاکەدا کردبا. لەگەڵ دەنگی دەهۆڵ‌و زوڕنا لە هەر گوندێکدا (کە بۆ ماوەی چەندین ڕۆژ درێژەی هەبوو) سەیرو سەمەرە بوونی ئاڵاکان سەرنجیان ڕادەکێشا. چونکە جاری وابوو لە گوندێکی سی چل ماڵی قەت دوو ئاڵات نەدەدی وەك یەك بچن. هەرکەس لە ماڵی خۆی چی لە ڕەنگی کەسك‌و سپی‌و سوور شك بردبا، بە دەرزی‌و دەزوو دەیخستنەوە سەر یەك. جا ئەم ڕەنگانە چەند لە ڕەنگەکانی ئاڵای ئێران نزیك بوون یان نا، بۆ جووتیاری دەست قەڵشیوی دێ گرنگ نەبوو، گرنگ ئەوە بوو کە ژاندرمەو مەئموورانی بە شڵتاغ‌و بیانووگر، لە کۆڵ خۆیان بکەنەوەو بڵێن ئاڵامان هەڵداوە.

ئەگەر ڕێژیمی شایەتی بە سپی کردنەوەی ڕووکاری لای جادەی دیواری گوندەکان، بە وەڕێخستنی زۆرەملیی چراغانی (ئەویش بە فانووس)و بە تەقەی دەهۆڵ‌و زوڕنا دەیهەویست چاوی هەواڵنێران، ڕۆژنامەنووسان‌و بێگانەکان بنووسێنێ‌و وا نیشان بدا کە دێهاتی ئێران ئاوەدان‌و خەڵکەکەیان نوقمی جێژن‌و شادی‌و شوکرانە بژێرین، میراتگرەکانیشی کە دەسەڵاتبەدەستانی کۆماری ئیسلامین، بە شێوەی خۆیان دەیانهەوێ ڕواڵەتێکی دڵخواز لە کۆمەڵگای ئێران پیشان بدەن‌و نەخۆشی‌و دزێوی‌یەکانی ئەو کۆمەڵە بشارنەوە.

لەشفرۆشی لەو دیاردانەیە کە لەگەڵ درێژبوونەوەی تەمەنی ئەو ڕێژیمەدا بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەرو دڵتەزێن، پەرەیان گرتوە. ئەو ڕێگایانەی دەسەڵاتدرانی ئەو ڕێژیمە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەو دیاردەیە گرتوویانەتە بەر، شتێکن لە چەشنی هەوڵەکانی ڕێژیمی پاشایەتی بۆ نیشاندانی ڕواڵەتێکی جوان لە کۆمەڵی ئێران. تازەترین بڕیاریان لەو پێوەندی‌یەدا ئەوەیە، هەزاران ژنی لەشفرۆش کە لە شەقامەکانی تاران‌و شارە گەورەکان لە چاوەڕوانیی مشتەری‌دا ڕادوەستن، کۆبکەنەوە تا هەواڵنووسان‌و میوانانی بێگانە نەیان بینن‌و نەپرسن: بۆ مەگەر لە ڕێژیمێکی ئیسلامیی‌شدا کە سەرەتای هاتنە سەر کاری، "گەڕەکە بەدناوەکان"ی بە بۆڵدزێر تێکداو گوتی ئێران لەو چەشنە فەسادە پاك دەکەمەوە، لەشفرۆشی ئاوا بە عالەمی ئاشکرا هەیە؟! بە پێی ئەو بڕیارە ژنانی لەشفرۆش لە ناوەندە تایبەتی‌یەکاندا کۆ دەکرێنەوەو پاش پێڕاگەیشتنی پێویستو هێنانەوەیان بۆ سەر ڕێی ڕاست، دەنێردرێنەوە بۆ نێو بنەماڵەکانیان. بە ڕواڵەت ئەمە کارێکی زۆر باشە. بەڵام ئەگەر بزانین ئەو ناوەندانەی هەر ئەو ڕێژیمە بۆ "کچانی ڕاکردوو" پێکی هێنابوون، چلۆن بوون بە ناوەندێك بۆ بازرگانی بەو کچە چارەڕەشانەو تەنانەت بوون بە دەڵاڵی فرۆشتنی ئەوان بە ڕایەڵکە تایبەتی‌یەکانی شێخ نشینە عەرەبی‌یەکان، هیچ هومێدێکیان بەم هەنگاوەش نابێ.

ڕێگا چارەیەکی دیکە کە ساڵێك لەمەوبەر هاتە بەرباس‌و دوایە بەردێکی لە سەر داندرا، پێکهێنانی "خانەهای عفاف" (ماڵە پاکەکان) بوو. مەبەستی دام‌و دەزگا دەوڵەتی‌یەکان لە هێنانە گۆڕی گەڵاڵەی "خانەهای عفاف" ئەوە بوو لەشفرۆشیی ژنانی وێڵی سەرشەقام بخەنە چوارچێوەیەکی کۆنتڕۆڵ کراو. بە گوێرەی گەڵاڵەکە، بنیاتێکی تایبەت لە ژێر چاوەدێریی نوێنەرانی دەزگای قەزایی‌و هێزی ئینتیزامی‌و نوێنەری ئیمام جومعەی هەر شارو و ناوچەیەکدا، ژنانی خیابانیی کۆدەکردەوەو بە دابینکردنی هێندێك ئیمکانات، شێوەو ڕەنگی شەرعی، قانوونی‌و بێهداشتیی بە لەشفرۆشیی ئەوان دەدا. ئیدی بەم جۆرە وڵات لە ژنانی خیابانی پاك دەبۆوەو پێوەندیی جینسیی پیاوان لەگەڵ ئەوانیش دەچووە خانەی سیغە یا "مارەکردنی کاتی"و، مەترسیی پەرەگرتنی ئیدزو نەخۆشی‌یەکانی دیکەش، کەمی دەکرد!



## زیان گەیاندنی کۆماری ئیسلامی بە شوێنەوارە فەرهەنگی‌یەکانی ئێران





چەندین ساڵ لەوەپیش کاریکاتۆرێك ـ وابزانم لە حەوتوونامەی تەنزی اصغر آقا" چاپی لەندەن‌دا ـ بڵاو بۆوە کە کەمتەرخەمیی دەسەڵاتدارانی مەندیل بەسەری ئێران لە پاراستنی شوێنەوارە مێژوویی‌و فەرهەنگی‌یەکانی ئێرانی‌دا، دابووە بەر نەشتەری ڕەخنە. کاریکاتۆرەکە هاونیشتمانێکی دڵسۆزی ئێرانیی لە دەفتەری کاری ڕەفسەنجانی‌دا پێشان دەدا کە دەستەو داوێنی ئەو جەنابە ببوو و بە تکاو پاڕانەوە لێی دەخواست "فریای شوێنەوارە مێژوویی‌یەکانمان کەون، هەموویان لە ئێران بردە دەر". ڕەفسەنجانییش بە فیزو ئیفادەی تایبەت بە خۆیەوە لە وڵام‌دا گوتبووی: "چش، با بیان بەن، بۆخۆمان شوێنەواری مێژوویی بەرهەم دێنین"! دیارە ئەوکات خەڵك هەر تێکدان‌و وێرانکردنی هێندێك لە شوێنەوارە مێژوویی‌یەکانیان لەلایەن خەڵخاڵی‌و هاوبیرانی‌یەوە بە بیانووی تاغووتی بوونیان، ئاگا لێ بوو. ئیدی بەوەیان نەزانیبوو کە کوڕەکانی ڕەفسەنجانی‌و دەستو پێوەندەکانیان لە قاچاغی کەلوپەل‌و شوێنەوارە مێژوویی‌یەکان‌و ڕاگوێزتنیان بۆ دەرەوەی وڵاتدا، دەستی باڵایان هەیە.


بە سەرنجدان بەم ڕاستی‌یانەو بە ئاگاداری لە بێ‌موبالاتی‌و کەمتەرخەمیی کۆماری ئیسلامی لە ئاست پاراستن‌و ڕاگرتنی شوێنەوارە مێژوویی‌و فەرهەنگی‌یەکان، لە بەرەبەری "ڕۆژی جیهانیی میراتی فەرهەنگی"دا، ١٨٥ ڕۆژنامەنووسی ئێران لە نامەیەکدا بۆ محەممەدی خاتەمی، سەرکۆماری ڕێژیم، ڕەخنەیان لە نەخشی ئەو ڕێژیمە لە زیان گەیاندن بە شوێنەوارە فەرهەنگی‌یەکاندا، گرت‌و داوایان لە ناوبراو کرد جێگای میراتی فەرهەنگی لە بەرنامەکانی خۆی بۆ بنیاتنانەوەی وڵاتدا، پێناسەو دەست نیشان بکا.

ب. هیوا

## بەڕێوەچوونی جامی تەختی لە شاری سنە

ڕۆژەکانی ٢٥و ٢٦ی بانەمەڕ، بیستو دووهەمین دەورەی پێشبڕکێ نێونەتەوەیی‌یەکانی زۆران (کشتی)ی جامی تەختی لە شاری سنەی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو.

لەم پێشبڕکێیانەدا، تیمی ئێران چووە سەر سەکۆی قارەمانی‌و تیمەکانی کوشتیی فەرەنگیی سووریەو ئازەربایجان بوون بە دووهەم‌و سێهەم، تیمی ئامریکاش پلەی چوارەمی وەدەست هێنا.




لەم خولەی پێشبڕکێیەکاندا سەرجەم ٧٦ زۆرانوان لە چوار وڵاتی ئێران، سووریە، کۆماری ئازەربایجان‌و ئەمریکا، بەشدار بوون.

## خۆکوشتن، سێهەم هۆکاری مردنی لاوان‌و مێر منداڵانی ئێران



بە گوێرەی لێکۆڵینەوەیەك کە لە ئێراندا کراوەو هەواڵدەریی "ئیسنا"، ئاکامەکەی بڵاو کردۆتەوە، خۆکوشتن سێهەمین هۆکاری مەرگ‌و تێداچوونی لاوان‌و مێرمنداڵانی ئێرانە. "شکوە نوابی نژاد" سەرۆکی "ناوەندی ڕاوێژکاریی بنەماڵەو ژنان لە تاران" لە وتووێژێك لەگەڵ "رادیو فردا" دا، لە بارەی ئەو لێکۆڵینەوەوەیە گوتی:

خۆکوشتن یەکێك لەو دیاردانەیە کە لە نێو مێرمنداڵان‌و لاواندا، زۆرترین قوربانی دەستێنن. دیارە قۆناغی مێرمنداڵی قۆناغێکە کە مێرمنداڵ لە بارەی تاوان‌و لادانی کۆمەڵایەتی‌یەوە زۆر زوو دەکەوێتە داوو زەبری وێ‌دەکەوێ. سنووری نێوان ١٤ تا١٧و ١٨ ساڵی، بۆ مێرمنداڵان قۆناغێکی زۆر قەیرانی‌یە. من لە دەفتەری کاری خۆم‌دا ژمارەیەکی زۆر لە مێرمنداڵان سەردانم دەکەن کە بۆ ڕاوێژ پێ کردن دێنە لام. ئەوان تووشی خەمۆکی‌و ناهومێدی دێن یا لە باری دڵداری‌یەوە تووشی شکست بوون. بەڵام گرینگترین هۆکارەکان بریتین لە: کێشەی بنەماڵەیی، ناکۆکیی نێوان دوو نەسل، سەرنەکەوتن لە دەرس‌و خوێندن‌و کۆنکۆرداو ناهومێدی لە داهاتوو.

"نوابی نژاد" هەروەها گوتی: نزیکەی نیوەی حەشیمەتی وڵاتی ئێمە، لاون. ئەمە ڕێژەیەکی زۆر بەرزە. دیارە گیروگرفتی عاتیفی لە نێو کچەکاندا زیاترە. چونکە لەلایەکەوە ژمارەی کچان لە چاو کوڕان زۆر زیاترە، شانسی زەماوەند کردن‌و پێکەوەنانی ژیانی هاوبەشیش بۆ ئەوان زۆر کەمە. لەبارەی کار پەیدا کردنیشەوە ئیمکاناتی ئەوان یەکجار کەمە. هەر ئەم گیروگرفتانە دەتوانن گیروگرفتی دەروونی‌و عاتیفی بۆ ئەوان پێك بێنن. دیارە کوڕەکانیش لەگەڵ گیرو گرفتی بێکاری‌و هەروەها گیروگرفتی ئابووری‌و ماڵی‌و بنەماڵەیی بەرەوڕوون.